﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرۡجُونَ رَحۡمَتَ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٢١٨ ﴾ البقرة

بزوتنەوەیەکی نەناسێنراو

❊ کورتەباسێك لە سەر ژیان وخەباتی مامۆستا عبدالقادر توحیدی رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی ئەهلی سوننەو جەماعەتی ئێران

❊ دامەزرێنەری ئیخوان لە ئێراندا وچونیەتی سەر هەڵدانی

❊ تیشکێك لە سەر خەبات و تێکۆشانی موجاهیدانێکی ون کراو

❊ کاك ئەحمەدی موفتی زادە و مەکتەب قورئان لە نزیکەوە

لە نوسین وئامادە کردنی
یحیی توحیدی

ناوی کتێب: بزوتنەوەیەکی نەناسێـنـراو
لە نوسین و ئامادەکردنی : یحیی توحیدی
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیراژ : ١٠٠٠ دانە

نەخشەسازی: جمعە صدیق کاکە

ژمارەی سپاردن (٧٧٣) ساڵی ٢٠١٣

پێشەكەشە

- ❊ بە گیانی پاكی سەرۆك و پێشەوای موجاهیدان حەزرەتی موحەمەد (ﷺ) و یارو یاوەران و شوێن كەوتوانی.
- ❊ بە گیانی پاكی ئەو موجاهیدانەی كە بۆ بڵاوكردنی پەیامی خوا گیانی خۆیان بەخشی لە پێناوی ئەم دینە دا وبە ئەو خانەوادانەی كە ڕۆڵەكانیان بۆ بەرگری لە پەیامی خوا لە سەنگەری جەنگ و جیهاد و عیلم و زانست شەهید بوون .
- ❊ بە دایك و باوكی خۆشەویستم كە هەردەم بۆ پێگەیاندنم بە زانست و زانیاری پشتیوانم بون و لەم ڕێگایەدا پێمان ماندو بوون.
- ❊ بەو مامۆستایانەم كە هیوایان وابوو كە كەسێكی بە كەڵك بین بۆ ئەم ئیسلامە و كاتی زێرینی خۆیان بۆ پێگەیاندنی ئێمە بە سەر دەبرد.
- ❊ بە هەمو موسڵمانێكی خاوەن ویجدان و هەست زیندو كە هیوادارم بە خوێندنەوەی ئەم كتێبە تینی بیر و باوەر و تێكۆشان بۆ پەیامی خودا لە ناخیدا زیاتر گڵپە بكات بۆ بەرەو پێش بردن وسەرخستنی پەیامی خوا.

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على قائد المجاهدين محمد وعلى اله وأصحابه و من دعا بدعوته و تمسك بسنته الى يوم الدين .

خوای خاوەن دەسەلآت بۆ ئەوەی زیاتر وریامان بکاتەوە لە کتێبەکەی خۆی دا باسی پێغەمبەرانی پێشومان بۆ دەکات تا زیاتر بەرچاومان ڕون بکاتەوە کەوا کێشە و کێبەرکێی بەینی ئیماندارو بێ باوەڕ هەر بووە و تا کۆتایی دونیاش ئەم کێشەی حەق و ناحەقە لە نیوان مەخلوقاتیدا درێژەی هەیە کە ئینسان سەرکیترینی ئەو مخلوقاتەی خودای میهربانە لە سەر ئەم گۆی زەویەدا کە پەیامی ئاسمانی پێ سپێردراوە و شانی داوەتە ژێری و هەلێگرتوە بەلآم کۆمەلێك لە مرۆڤە کان کە زۆرینەی خەلکن بە بەردەوامی لە دژایەتی ئەم پەیامە خواییە دا هەنگاو دەنێن و کۆمەلێکیشی کەخودا خۆی هیدایەتی داون ئەو ڕێگایە دەگرن وبێ پسانەوە هەولی چەسپاندنی دەدەن وەك الله ئەفەرموێت ﴿ وَٱلْعَصْرِ ۝١ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَفِى خُسْرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ۝٣ ﴾[1] سویند بەزەمان یان بە نوێژی عەسر ، هەمو ئینسان لە زیان و خەسارەت دایە، جگە لەو کەسانەی ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاك دەکەن و ئامۆژگاری دەکەن بە راستی (ئەم دینە) و ئاموژگاری دەکەن بە سەبروخۆراگری (لە پێناوی ئەم دینە)دا، کەوا بوو پێویستە ئێمەی ئیماندار

---

[1] سورة العصر

بزانیین کە ئەوە ئەمڕۆ نەبووە کە دژایەتی پەیامی خوداو شوین کەوتوانی دەکرێت بەڵکو خودای گەورە بۆ ئەوەی راوەستاومان کات و تین و گوڕمان پێ ببەخشێت بۆمان باس دەکات و دەفەرموێت ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١١٢﴾﴾ [١] وهەر وەها دامانِنا بۆ هەر یەك لە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) دوژمنانێك لە شەیتان وئینسان و جنۆکە تا کۆمەڵێکیان بە قسەی پوچ و بێ بنەما کۆمەڵێکی تر فریو بدەن، وە ئەگەر ویستی خودای لە سەر بوایە وایان نەدەکرد دەی لێ یان گەڕێ بە خۆیان و درۆ ودەلەسەکانیان.

خوای خاوەن حیکمەت و دانایی بۆ ئەوەی نرخ و بەهای ئەم ئاینە بێ وێنەیە بسەلێنێت بۆمان ئەوەتا هەڵگرانی ئەم ئایینە سڵ لەدژایەتی هیچ ناحەقیەك ناکەن وئامۆژگاری چاکە دەکەن و دواتریش دژایەتی دوژمنانی پەیامەکەی خودا دەکەن و ئەمە ئەسلێکە و ناگۆڕێت لە ناو باوەڕدارانداو و هەر دەبێت باوەڕدارانیش ئەو گۆڕانکارییە دروست بکەن چونکە لە پێش دا بە هۆی پێغەمبەرانەوە علیهم السلام کە پاکترین و چاکترین مرۆڤ و ناسراوترین کەسی ناو گەڵەکانی خۆیان بوون ئەم راستیانە خراونەتە ڕوو کەچی هەر دژایەتیان کراوە، ئەوەتا ئادەم باوەگەورەمان شەیتانی دوژمنی دوژمنایەتی کرد تا لە بەهەشتی رازاوەی الله وەدەری نا، نوح علیه السلام دوای ٩٥٠سال پێغەمبەرایەتی لە ناو قەومەکەی خۆی دەبینین نزیکترین کەس بەو کە کوڕەکەیەتی دژایەتی دەکات، ئەبولئەنبیا ئیبراهیمی خەلیل

---

[١] سورة الأنعام

نەمرود دوژمنیەتی و فڕەیی دەداتە ناو ئاگر، موسای پێغەمبەر فرعون كە ئیدیعای خوایەتی دەكرد و دەیوت (انا ربكم الاعلی)[١] من خوای سەروی ئێوەم یان خوای گەورەی ئێوەم دژایەتی موساو هاوەڵانی دەكرد ، پێغەمبەری نەرم وحەلیم دەستی ئەبوجەهلی دەگرت و دەیفەرمو ئەمەوێت لە بەهشتیان بیت واز بێنە لە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودا ئەویش تفی دەكردە نێوچاوانی و دانی موبارەكیان شكاند و هاوەڵەكانیان شەهید دەكرد و لە كۆتایدا بە ناچاری كۆچی كرد بۆ مەدینە ، بەڵام كاتێك خودای گەورە سەری خست بە سەر ناحەق دا و شاری مەككەی فەتح كرد تۆڵەی لە دوژمنانی نەكردوە بەڵكوعەفوی كردن وفەرموی (إذهبوا وأنتم الطلقاء) بڕۆن و هەر هەموتان ئازادبن، وە زۆربەی ئەوانەی كە زۆر دژایەتی پێغەمبەریان (ﷺ) دەكرد وەك عوتبە و شەیبە و ئومیە و ئەبوجەهل هەمویان كوژران و ئەوانی تر دواتر هاتنە ناو ڕیزی سوپای ئیسلام و پیاوانە لە پێناوی ئەم دینە تێكۆشان تا گەشتنە خزمەتی خوای خاوەن دەسەلاّت و هەروەها باقی پێغەمبەرانی تر خوای گەورە لە سەر ئەو حەق و راستیە راوەستاوی كردون یان سەری خستون وەك نوح و ابراهیم و موسی و محمد علیهم الصلاه و السلام و یان وەكو یحیی و زەكریا شەهید كراون .

خۆشەویستان وەك ئاماژەم پێ دا بە دروستبونی مرۆڤایەتی لە سەرزەوی سەرەڕۆی و خۆ بەزل زانیینی مرۆڤەكان و بچوك سەیر كردن و دژایەتی كردنی پەیامی خودا جل جلالە هەمیشە بزوتنەوەی حەق و راستی لە سەنگەری جیهاد دا بووە لە بەرامبەر ناحەقی و شرك و كفر و یاخی بوان و لە سنور دەرچوان و بەردامیش ئەم بزوتنەوەیە كە سەرەتاكەی بۆ

---

[١] سورة النازعات ٢٤

بزوتنەوی پێغەمبەران دەگەڕێتەوە کە خودای گەورە چیرۆکیانی لە ناو قورئاندا باس کردوە و بەردەوام رۆح و ماڵ و کاتیان لە پێناوی پەیامی خودا داناوە تا گەشتوەتە پێغەمبەری خۆمان کە گەورەترین گیان فیدای بۆ دینی خودا نیشان داوە و بەردەوام هاوەڵەکانیشی فێر کردوە کە بۆ چەسپاندنی دینی خودا رۆح و ماڵ و گیانیان فیدا بکەن وئەوانیش سەرقافلە و سەرکردە وپێشەنگ بن بۆخەڵکانی دوای خۆیان تا بتوانن ئەو دینی خودا چەسپاوو راوەستاو بکەن لە سەر ئەم زەویەدا و هەردەم لە خەباتدابن لە سەنگەری عیلم و عیرفانەوە تێکۆشان و ئەم کێشەیەش کۆتایی نایەت تاهاتنی قیامەت و خوای گەورە بەردەوام بەندەکانی تاقی دەکاتەوە و دەفەرمویت﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ٢ ﴾[١] ئایا خەڵکی واگومان دەبەن کە بڵێن ئیمانمان هێناوە ئیتر تاقی ناکرێنەوە، واللە خودا وازمان لێ ناهێنێت تا پاك لە پیس جیا نەکاتەوە (والصادق من الكاذب) و راستگۆ لە درۆزن .

لە رۆژگاری ئیستاشدا جم و جوڵی ئیسلامی بۆ گەڕانەوەی ئەو حوکمەی خودا کە لە سەر زەویدا هەڵگیرساوە، لەراستیدا هۆی سەرەکیی ئەم بێ دەسەڵاتیەی ئەمڕۆی موسڵمانان دورکەوتنەوەیە لە کیتاب و سوننەت و تەسك کردنی ئەم ئیسلامەیە لە بازنەی حیزبایەتی لە سەرتا سەری ئەم دونیا یە بەردەوامە و لە بەرامبەریشدا هەمیشە کۆمەڵێك هەن دیفاع لەم دینە دەکەن و بە گیان و ماڵ و عیلم و قەڵەم لە بەرامبەری سەنگەری جەهل و نەفامی و دونیا پەرەستی راوەستاون، کە یەکێك لەو جم و جوڵانەش کە ناحەزانی نەیانویستوە ناوی دیار بێت، وە بەردەوام هەوڵیان

---

[١] سورة العنكبوت

دەدا ئەو دەنگە كپ كەنەوە و ئەم بزوتنەوەیە نەناسراو بێت، بزوتنەوەی ئیسلامی ئەهلی سوننەت و جەماعەتی ئێرانە كە وەكو باقی تێكۆشەران لە پێناوی دینی خودا و بلاوكردنەوەی بیرو باوەڕێكی پاك و خاوێن هەنگاوی هەڵ هێنا و لەم رێگایەشدا كۆمەڵێك گیان و ماڵی خۆیان كرد بە قوربانی ئەم دینە و سەنگەری خۆیان لە بەرامبەر شیرك و بیدعەی حكومەتی شیعە لە ئێران دامەزراند و تاكو ئیستاش ئەو بزوتنەوەیە هەوڵی داوە كەوا شیعە بە عالەم بناسێنێت و خەڵكی سوننە لە ئیراندا هۆشیار بكاتەوە .

دیارە ئەم بزوتنەوەش وەكو باقی بزوتنەوە كان مێژویەكی هەیە كە كۆمەڵێك بەربەست بووە بۆ ناساندنی كەوا زۆرێك لە خەڵكی لەو مێژوە بێ ئاگان و بە پێویستم زانی ئەم مێژوە پڕ لە سەروەریە بخەمە بەر چاوی ئێوەی خۆشەویست تا نەوەكانی داهاتومان بزانن كە لە ناو میلەتی كوردیشدا كۆمەڵێك هەبون كەگیانی خۆیان لە پێناوی دینی خودا بەخشیوە ولە گەڵ حكومەتێكی گەورەی وەك ئێران روبەڕو بونەتەوە وبەردەوامیش لە سەر ئەو فیكرەیە گەنجانێك چاوكراوانە پێ بە پێی ئەم بزوتنەوەیە هەنگاو دەنێن تا زیاتر روی راستی حكومەتێكی زاڵمی تایفی سەبەئی وەك شیعە بخەنە ڕوو بۆ موسڵمانان تا چاو كراوانەتر لە گەڵ ئەم بیروبۆچونە مامەڵە بكەن و چیتر موسڵمان و بەچكە موسڵمان ئەوان بە دۆستی خۆیان ناو نەبەن ئەگەر خۆیان بە موسڵمان دادەنێن، هیوادارم بەم نوسینەم توانی بێتم تۆزێك خزمەتم كردبێت بە نەوەكانی ئەم میلەتە و هەستیانم زیندو كردبێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن رێگای راستی خۆیان بدۆزنەوە وئەم بزوتنەوە ئیسلامیە لە بیر نەكەن كە چۆن هەوڵی داوە میلەتی كورد بەرەو پێش ببات هەم بۆ دونیا و

هەم بۆ قیامەت .

خۆشەویستان هەوڵمداوە لە سەر وتەكانی پێشەوای ئەم بزوتنەویە زیاتر ڕونكردەوە بدەم لەو ڕوەی كە زۆرجار ئەو مێژوانەی بۆ دەگێڕامەوە ومنیش هەوڵم دەدا تا مێژوی ئەم بزوتنەوەیە لە زمانی دامەزرێنەری ئەم بزوتنەوەیە بنوسم تا وەك سەرچاوەیەك بێت بۆ گەڕانەوەی مێژوی ئەم جم و جوڵە ئیسلامیە و كتێبێك بێت لە ناو كتێبخانەی كوردی لە سەر بزوتنەوەیەكی ئیسلامی كە دامەزرێنەری ئەم بزوتنەوەیە هەمان دامەزرێنەری ئیخوان بۆە لە كوردستانی ئێران دا .

نوسەر

١٠/ربیع الاول/١٤٣٤

مێژوی دروستبونی بزووتنەوە ئیسلامی ئەهلی سوننەت وجەماعەتی ئێران

دامەزرێنەری ئەم بزووتنەوەیە مامۆستا عبدالقادری تەوحیدی (م١٩٥٢)لە گوندی لاوران چاوی هەڵهێناوە بە دونیاو هەر بە منداڵی باوکی وەفاتی کردوە وبۆ خوێندن رودەکاتە شاری هەڵەبجە و لە مەدرسەی دینی لای مامۆستا ملا صالحی گەورە خویندنی سەرەتایی تەواو دەکات و دواتر لە مەعهەدی ئیسلامی وەردەگیرێت و هاوکات لە گەڵ خوێندنی مەعهەد لە لای مامۆستا شیخ نورالدین موفتی خوێندنی حوجرەی خوێندوە و لە ساڵی ١٩٧٢ئیجازەی عیلمی و ئیجازەی مەعهەدی وەر گرتوە هاوکات لە گەڵ تەواوکردنی خوێندنی دا فەرمانی دەستگیرکردنی لە لایەن رژێمی بەعسەوە بۆ دەر دەچێت و هەر لەو ساڵەدا وەکو سکرتێری یەکێتی زانایانی ئیسلامی لە ناوچەکانی تاوگۆزی و زمناکۆو شەمێران دەست بە چالاکی ئیسلامی دەکات وپاش ماوەیەك بۆ چاکتر لایەنگری کردنی ئایین و خزمەت بە گەل دێتە ریزی شۆڕشەوە تا نەکسەی شۆڕشی کورد چالاکانە خزمەتی بەگەل و ئایین کردوە دواتر لە ساڵی ١٩٧٥ز پاش ئەو ڕوداوە دڵتەزێنە کە بە سەر میللەتی کوردا هات وەك هەزاران کوردی تر ڕو دەکاتە خاکی ئێران کە وەڵاتی باو باپیرانیەتی.

مامۆستا عبدالقادر تەوحیدی لە عەشرەتی ئیمامیە لە ئێران کەکویستانەکەیان دەکەوێتە بەینی شاری پاوەو باینگان بە ناو ئیسلام ئاباد (بانەوڕێ) و گەرمسێرەکەشیان دەکەوێتە خواری باینگان کە بریتیە لە کۆمەڵێك گوند وەك دڕۆلەو ئێمان ،پەسەخۆر، کلور، کانی سالار بەلاّم بە بۆنەی ئەوە کە لە سەر مەرز دا ژیاون و لە بەر شەڕو شۆڕ زۆر جار ئەم دیو ئەو دیو کراون، تاوەکو لە ساڵی ١٩٧٥وەکو وترا ڕو لە ئێران دەکات و لە ئوردوگای سەریاس نیشتە جی دەبێت دواتر وەك ئاوارە لە ناوچەکانی وەك تەبریزو میانەو بوناب سەر بە مەحافەزەی ئازەربایجانی شەرقی تا سەردەمی شۆڕش جێگیر دەبێت .

مامۆستا کاتێك دەچێتە ئێران فیکرەی ئیخوانی ئەو کاتەی دەبێت و لە کاتی خوێندنی لە هەڵەبجە لە ناو ئەو تەنزیمی ئیخوانە ئیشی کردوە هەر بۆیە هەڵگری فیکرەیەکی ئیش لە سەر کراو و شارەزا بوە لە سەرئەوەی کەوا دەعوە و بانگەوازی بەند نەکراوە بە شوێنێکی تایبەتەوە بۆیە کاتێك چوە ئێران بەردەوام لە بیری ئەوەدا بوە کەوا کۆمەڵێك تێگەیەنێت تا وەك بانگخوازێك ئیشی بانگەوازی ئەنجام بدەن بۆیە بەم فیکرەیە کەوتە هەوڵدان بۆ ناسین خەڵکانێك کە بتوانێت بانگەوازی بۆ دینی خودا برەو پێ بدات.

پێنج مانگ پێش سەرکەوتنی شۆرشی ئێران واتە لە کۆتای مانگی موردادی ١٣٥٧هەتاوی واتە ساڵی (١٩٧٧) جەنابی مامۆستا هەوڵی دەدا تائەو بەرنامەی سید قوتب و حسن البنا وەك خۆی بلاّو بکاتەوە.

جەنابی مامۆستا یەکێك بوە لەو چەند مامۆستاچالاك و زەحمەتکێشانەی کە پێش لە سەر هەڵدانی شۆرشی گەلی ئێران هەوڵی داوە رەنگ و روخساری ئیسلام وەکو خۆی کە تاکە بەرنامەی سەربەرزی

مرۆڤایەتیە بۆ هەر دوو دونیا بە خەڵكی و نەوەی نوێ بناسێنێ تا بە بەرچاو ڕونی هەنگاوی بۆ بنێن و چی تر ملەتی كورد بە چاوو بەسراوی هەنگاو نەنێت بۆ ڕێگایەك كە بێ ئامانج بێت و نەزانێت ئەو ڕێگایە بۆ كوێی دەبات بۆیە ئەوەی لە وتەكانی جەنابیان بەدی دەكەین وێنەی سەركردەیەكی ئیسلامی و دڵسۆز بە نیشتمان وبەگەل دەبینین كە هەر دەم خەمی یەك ڕیزی موسڵمانان و نەتەوەكەی خواردوە بەو هیوایەی كەواو میلەتی كوردیش وەك باقی میلەتانی تر خاوەنی خاك و وەڵات و كەلتوری خۆی بێت .

وا ئێستا دەچینە خزمەتی جەنابی مامۆستا تا لە سەر زمانی خۆیەوە باسی سەرتای دروستبونی ئەم بزوتنەیەمان بۆ بكات وزیاتر جم و جوڵی ئەم پەیامە مان بۆ ڕون بكاتەوە ، بۆیە داوام لە جەنابیان كرد بۆ ئەوەی سەرەتای ئەم مێژوە پڕ لە سەروەریە كە بەردەوام ناحەزانێك هاوشان لە گەڵ دوژمنان هەوڵیان داوە كە ناوی نەبێت و ئەو ڕاستیە لە خەڵكی بشارنەوە و بە بۆنەی دۆستایەتیان لە گەڵ ئێران ئەم خەباتە ئیسلامیە ئاشكرا نەبێت تا نەوەی نوێ لێی بێ ئاگا بكەن وەك كتێبێك بینوسمەوە و بخرێتە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز تا چی تر لەم لاو لاوە نەوترێت خەباتی ئیسلامی چەكداری لە ئێرندا بونی نەبوە ، جا ئەوە ئێوەی خوێنەر و وتەكانی بەڕێز جەنابی مامۆستا عبدالقادر تەوحیدی.

مامۆستا: الحمدلله والصلاة و السلام علی رسول الله وعلی الە و صحبە و من والاە، الحمد لله بەو بیر و باوەڕەی كە بە ئیسلام هەمبوو كەوا دەعوەو بانگەوازی بۆ دینی خوائەركی سەر شانی هەمو مسوڵمانێكە لە

هەر شوێنێك بێت هەر بۆیە دوای ئەوە كە چومە ئێران لە میانە كە سەر بە موحافزەی ئازەربایجانی شەرقیە لەوێ مامەوە وە لە گەڵ دوو برادەری تر كە پێشتر باسی ئیسلام و دەعوە و بانگەوازیم بۆ كردبون تا لە سەر بەرنامەی ئیخوان كار بكەین بەڵام نەك ئەم ئیخوانەی كە ئەمڕۆ باسی لێ دەكرێت و خۆشیان بە ئەو ڕێگایە هەڵواسیوە، بەڵكو من لە سەر ئەو بەرنامەیە بوم كە دە وەسیەتەكەی حسن البنا (الوصایا العشر) بوو رەحمەتی خوای لێ بێت دای نا بوو (الجهاد والتضحیة) هەوڵ و تێكۆشان بە هەمو ماناكانی و خۆبەخت كردن چوارەم و پێنجەم خاڵ بوون لە ناو ئەو دە خاڵانە دا كە ئەم ئیخوانەم هەڵبژارد بوو نەك ئەمەی كە ئێستا كە ناویان لە خۆیان ناوە ئیخوان كە ئیخوانی بەناون بێ ناوە ڕۆك چونكە ئەگەر تەئویلات دێننەوە بۆوشەی جیهادئەی ئایا ئەگونجێت (تضحیة) بەمانای سەربڕینی حەیوان بێت ؟ ! نەخێر جێگای ملەجەڕە نیە بەڵكو بەمانای خۆبەخت كردن و قوربانی دانی مرۆڤە كە ئەمە هیچ تەئویلاتێكی تر هەڵناگرێ، بەراستی سەحابەكان لە سەر ئەو ڕێگا راستە بوون بۆیە توانیان بە ٣١٥ كەسەوە بێترس لەو تاكە شارەی كەتێیدا باڵا دەستبون بێنە دەرەوە ودەیان كیلۆ مەتر بچن و ڕێگا بە دوژمنان بگرن و خوای گەورە سەریان بخات بە سەر موشریكاندا لە كاتێكدا سێ تاقمی جولەكە و دوڕوەكان وموسڵمانان لە ناو شاری مەدینە دەژیان و دەسەڵات لە دەستی موسڵماناندا بوو وا ئیستا ئیخوانی بە ناو ئیستای دور لە مەنهەجی ئیخوان بە چەندها ملیون كە هەن نەك نەیانتوانیوە ئەو ڕێگا ڕاستە ون بووە بگەڕێننەوە بەڵكو ناوی ئیسلامیشیان ناشیرینو لەكەدار كردوە وەك دەبینین كچانی ١٠و١٢ساڵە دێرنە سەر شاشەی تەلەفزیون و فێری خۆبادانو سەمایان دەكەن وساز و

دهۆڵیان بۆ لێ دەدەن كە ئەمە (معازیف)[١] ـە و پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێ: (لیكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر[٢] والحرير[٣] والخمر والمعازف)[٤] لە ناو ئومەتەكەمدا كۆمەڵێك دەبن كەوا زیناوداوین پیسی و لەبەر كردنی قوماشی ئاوریشم(بۆ پیاوان)ومەشروب وبەكارهینانی ئالەتی موسیقا حەلاڵ دەكەن، وساردكردنەوەی گەنجان لە جیهاد و تێكۆشان كە ٢٣ساڵی سەروەرمان بریتی بووە لە جیهاد و خەبات كە ئەوان زەربی سفری دەكەن و چەندەها شتی تر كە دژایەتی ڕونە بەرامبەر بە قورئان و فەرمودەكانی پێغەمبەری پێشەوا (ﷺ).

لەو كاتەی من لەوێ بوم ئێران بشێوی تێ كەوتبوو ئەوە بو تا وای لێ هات شای ئێران هەڵهات ودواتر لە ١٢ بهمن ١٣٥٧ هەتاوی خمینی هاتە ئێران و شۆڕشی خەڵكی ئێران گەرمتر بوو .

نوسەر: خەڵكی ئێران ئەوندە نارەحەتیان چەشتبوو بە دەست ساواكی شای ئێرانەوە بۆیە گەورە و بچوك و پیر وجوان رژانە سەر شەقامەكان تا لە كۆتای دا توانیان زوڵمی حكومەتی پەهلەوی لە ئێراندا لە ناو ببەن و ئەو حكومەتە بڕوخێنن وچاوەڕوانی حكومەتێكی ئیسلامی بوون كە لە پاڵیدا بحەسێنەوە لە دوای ئەو هەمو زوڵم و نارەحەتیانەدا. ئەوە بوو كاتێك خومینی هاتە ئێران و وتی بە خەڵكەكە(ما شما را به كمال انسانیت می

---

[١] ئالاتی گۆرانی (ئەو ئەشیانەی كەوا لە گەڵ گورانی بۆ رازاندنەوەی گۆرانیبێژ بكاری دێنن وەك ساز و سەنتور و دمەك وكەمانچە و....)

[٢] واتە زینا وداوینپیسی

[٣] ئاورێشم

[٤] السلسلة الصحيحة ج١ ص١٨٦ صحيح رقم الحديث ٩١

رسانیم) واتە ئێمە ئێوە دەگەیەنینە لای سەروی رێزی مرۆڤایەتی سا پێکەوە دەبین تا بزانیین وادەبێت یان پێچەوانەیە.

ماموستا: ئەو رۆژەی خومەینی هاتە ئێران من رۆژێ دوای ئەو ماڵەکەم بار کرد لە تەبرێزەوە بەرەو کوردستان گەڕامەوە وهاتمە کرماشان ولەوێیشەوە بۆ ئەورامانات، کەویستم بچمە ناو شاری پاوە خزمان وتیان مەڕۆ حکومەت دەتگرێ چونگە من هیچ پێناسەیەکم پێ نەبوو منیش وتم کاکە حکومەتی چی من لە تەبرێز هاتم حکومەت نەمابوو، وتیان واللە لێرە حکومەت ماوە و بەردەوامە بۆیە ئەو مودەیە لە گوندێك بە ناو دەرەبەیان لە نزیك پاوەیە کە هەندێ لە خزمانی میراولی خۆمانی تێدا بوو مامەوە بە ڕاستی ئەوانیش زەحمەتی زۆریان کێشا لە گەڵ خۆم و مێوانەکانمدا خودا جەزای خێریان بداتەوە .

دامەزراندنی فیکرەی ئیخوان المسلمین بۆ یەکەم جار لە ئێران

دوای ئەوە لە دەرەوەیان مامەوە جوابم نارد بۆ ئەو دوو برادەرەم کە پێشتر باسی فیکرەی ئیخوانم بۆ کردبون تا راوێژیان لە گەڵدا بکەم بۆیە کاتێ هاتن پێم وتن ئێوە کێ دەناسن کە وا بتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم بەرنامەیە دیارە ئەوانیش لەو ڕوەی کە یەکێکیان لە ڕوانسر ئەوی تر لە مەریوان دەژیان کۆمەڵێك خەڵکیان دەناسی کەوا بتوانرێت ئەم باسەیان بۆ بکریت بۆیە ناردنم و پێم وتن بڕۆن بزانن کەستان دەست دەکەوێت ئەگەر خەڵکانێك هەبن کە بتوانن ئەم بەرنامەیە بەرەو پێشەوە ببەین ئەوا من هەر لە ئێران دەمێنمەوە تا ئەم فیکرەیە بڵاوە پێ دەکەین لە ناو خەڵکی دا وکۆمەڵێك کەسی بۆ پەروەردە دەکەین چونکە دەمزانی حیزبی بەعس هەر بەعسەکەی جارانە و نەگۆڕاوە و هەر چۆنێك بێت عێراق کۆمەڵە کەسێکی تێدایە کە ئەو دەعوەیە بەرەو پێش ببەن بەڵام ئێرە کەسی تێدانیە بۆیە چاوەڕوانی ئەو دوبرایەم کرد تا بزانم وەك سەرەتایەك دەتوانین فیکرەی ئیخوان لەم دیوە وەك فیکرەیەکی جەماوەری ئیسلامی تەنزیمی دەسپێ بکەین .

پێش هاتنەوەی ئەوان مامۆستایەکی لای خۆمان کە ئیستاش ماوە هاتە لام و باسی ئیخوانم بۆ کرد و دواتریش دو مامۆستای تریش کە پێشتر فیکرەی ئیخوانیان هەبوو هاتن و سەردانیان کردم کە ئەوانیش لە

عیراق خوێندبویان، بۆیە بۆ ئەوانیش باسی تەنزیم و کارو باری ئیخوانم کرد و ئەوانیش وتیان والله برا ئێمە لە ئەوکاتەوە کە هاتوینەتەوە ئەوا بە هاتنەوەمان فیکرەی ئیخوانمان فڕە داوە و هەر نەمانتوانیوە باسی بکەین کە فیکرەیەکی ئاوا هەیە دواتر قەناعەتیان کرد کە نابێت سارد و سڕبن لە گەیاندنی ئەم بەرنامەیە وپاش گفتگۆیەکی زۆر ئەوانیش قەبوڵیان کرد و هەر لەو شوێنە وەعدیان دا پێم کە کار بکەن بۆ ئەم ڕێبازە کە تاکە ڕێبازی ئاشنا بونە بە خوا و بە پێغەمبەر(ﷺ) و بە ئیسلام، وە خەڵکی وشیار بکەنەوە، بۆیە پێم وتن هەر وەعدەدان بەس نیە بەڵکو ئەبێ (السمع والطاعة)تان هەبێت بۆم لەو شتانەی کە پێتان دەسپێرم ئەوانیش قەبوڵیان کرد .

ئەوا بەم دومامۆستا بوین بە ٦کەس‌و وتیان لە ناو پاوە دوو سێ مامۆستای باشی تێدایە ئەگەر بێت تۆ لە گەڵ ئەواندا قسە بکەیت و بەم بەرنامەیە قەناعەتیان پێ بکەیت ئەوا ئیتر پاوە هەلی بۆ دەڕەخسێت بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم بانگەوازە، ئەوە بوو پاش رۆژێك لە وەعدی ئەو دوو مامۆستایە شۆڕشی ئێران سەرکەوت و دەست و دائیرەی شاه بۆ هەمیشە پێچرایەوە وپاشان مامۆستایەك لەو مامۆستایانەی پاوە کە ئێستا ماوە لە گەڵ کەسێکی تر بە ناو مەنسور ناو هاتنە ئەو گوندە بۆ لام وکاتێك کە قسەم لە گەڵدا کردن زۆر بە گەرمی پێشوازیان لە قسەکانم کرد و داوایان لێ کردم کە هەر ئەم شەو بچمە پاوە بۆ مزگەوتی سەردێی و وتیان مەلا ناسر سوبحانی لەوێدا ئەمشەو قسە دەکات بەڵکو جەنابیشت گوێت لە قسەکانی بێت و پاشان بۆ ئەو مەبەستەی خۆت قسەی لە گەڵدا بکەیت ئێمە وا دەزانیین بە سود دەبێت بۆیە منیش ئەو شەوە چووم کە لەوێ

کۆمەڵێك لە مەلا و خەڵكێكی زۆر لە مزگەوتەکە دا بوون دواترسەڵاوات لە پێغەمبەر (ﷺ)درا و خەڵکەکە زۆربەیان کە نزیك لەو شوێنە بوون هەستان و وترا ئەوا ماموستا ناسر وتەیەك پێشکەشتان دەکات کە ئەوە یەکەم جار بووکە من مەلاناسر ببینم، دوای حەمد و سوپاس باسی خلقەتی ئینسانی کرد وزیاتر لە یەك ساعەت نەزەریەی (داریون و هیکل)ی هێناو بردی لە سەر دروستبونی ئینسان تا بیسەلمێنێت کە ئینسان لەمەیمون دروست نەبوە بەراستی بەڵگەی زیرەکیولێزانینی بو لەقسەکردندا بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەئایەتو حەدیس لەوبارەوە نەهێناوە، پاش وتەکانی هەندێك لەمەلاکان کە منیان دەناسی وتیان بە من قسەکانی مەلا ناسرت بەلاوە چون بوو؟ منیش وتم وەڵا یا من هیچم نەزانی یان ئەو هیچی نەزانی! وتیان چۆن ماموستا؟ وتم والله برام من ئاوا تێگەشتوم لەقسەکانی، دواتر مەلا ناسر هات و یەکترمان ناسی دیاربوکە قسەکەی منیان پێ وتبوو ئەویش مەلایەکی گەنجێکی بە ئەدب بووهات بە خێر هاتنی لە من کردو پاشان وتی : حەزدەکەم بزانم ئایا وتەکانم باش نەبووە جەنابت ئاوا شتێکت وتوە؟ منیش وتم والله برا وتومە یامن تێنەگەشتوم لە دین یان ئەو تێ نەگەشتوە، دواتر وتم برای خوم تۆزیاتر لەیەك ساعەت خەریکی باسی بیرو بۆچونی دو جولکەمان بۆ دەکەیت لە سەر دروستبونی ئینسان ئەگەر وتەکەشیان وابێت یان نا، کامیان دەبێ بە بەڵگەو حوجەت لەسەر کامیان؟ ئەی برای خۆم بۆ پاش ئەوە بە قورئان باسی دروستبونی ئینسانت نەکرد بۆ خەڵك وتەفسیر ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی مۆمنونت بکردابایە کە هەر لە سەرەتای دروست بوونی ئینسان دەست پێ دەکات تا مردنی کە بەڵگەی قەتعیە بۆباوەڕداران؟ مەبەستم ئەم ئایەتانەبوکە

دەفـەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴿١٥﴾ ﴾[1]واتـە بێگومـان ئێمـە مرۆڤی (یەکەمان) دروست کردلە پاڵەوتەوەو پوختەیەك لە قوڕ، لـە پاشـان (نەوەکـەیمان) کـردە تنۆکـە ئاوێـك (نوتفـە) و لـە بنکـە و قەرارگایـەکی مەحەکەم دامـان نا و جیگیرمـان کرد (کە ئەو شـوینە و قـەرارگاە مەحکەمـە منداڵدانە)، لە پاشا (مەنی)یەکـەمـان کـردە پارچـەیەك خـوێن و خـۆی بـە دیواری منداڵداندا هەڵواسی، دواتر پارچە خوێنەکەشمان کرد بـە پارچـەیەك گۆشت جا ئەو پارچە گۆشتەشمان کردە کـرۆك و ئێسـك (واتـە لـەو گۆشـتە ئێسـکی مرۆڤیشـمان لێ دروسـت کرد)ئینجـا گوشتیشـمان دا بـە روی ئێسـکەکاندا پاشـان کردمانـە شـێوەی دروسـتکراوێکی تر(واتـە کـرا بـە مرۆڤێکی تەواو و رۆحمان کرد بە بەریدا ئا بەم شێوەیە ئینسان دروسـتکرا) پـاك و بێگـەردی و فـەڕو بەرەکـەت بـۆ ئـەو خواییـەی کـە باشـترینی دروستکرانە، مەلا ناسر لە وەلاّمدا وتی: واللە ئاگام لەم ئایەتـە نـەبووە کـە ئەمە قسەی مەلا ناسر سوبحانی خۆی بوو. ئەمەش تا ئەو سەردەمە شـتێکی عـەیب نـەبو چـونکە کـەس بـێ ئـەوەی کـە تەفسـیرێکی موعتەبـەری بەدەستەوەبێ ماوەی پێ نەدەدرا کە مانـای قورئـان بکـات! ـ جا هـەر ئـەو کاتە باسی ئەم دەعوە و بەرنامەیەی خۆمم بۆ کرد کەوا لە گـەڵ کۆمـەڵێك برادەر ئیشی بۆ دەکەین ئەویش بە باشـی زانـی ولـە گـەڵ برادەرێکـی تـردا

---

[1] سورة المؤمنون

بـوون بـە ٧و ٨تـەمین کـەس کەبـەڵێنیان پێدام ئیش بکـەن لـەو تـەنزیمو بەرنامەدا جا لە بەر ئەوەی کە هەستی تـێ گەیشـتن و فـەهمێکی باشـم لێ دەکرد هەوڵم دەدا کە زۆر جار لەسەفەرەکانی تاران و سنە لە گەڵمدا بـێ و لـە ڕێگـادا، وەسوەسەیەکیشـی هـەبوو لـە بـەکار هێنـانی ئـاوی زۆر بـۆ دەستنوێژ هەڵگرتن کە زوو لە کۆڵیم کردەوە و زیاتر ئایەت و حەدیسـم بـۆ دەخوێندەوە داوام لێ دەکرد فەهمی خۆی لەم بارەوە باس کات و وام لێ کرد کـە زۆر سـور بێـت لـە سـەر لـە بـەر کردنـی قورئـان و فـەرمودەکانی پیغەمبەرمانـدا (ﷺ)، سـوپاس بـۆ خـوا وەك وای بـۆ چـوم وا دەرهـات هەرچەند هەندێك لەوانەی کەئەمرۆ خۆیان بەدۆستوولایەنگری ئـەودادەنێن رخنـەیان لـە مـن دەگـرت دەیـانوت بـۆ کـاتی خـۆت بـەو (.....) سـەرف دەکەیت؟! وە من لەو ماوەدا (اصول الدعوة)د.عبـدالکریم زیـدانم دانـا بـە بەرنامـەی ئەو کۆمـەڵە مـەلایەی کە ئەو بانگەوازەیان قەبووڵ کـرد بـوو هـەر حەفتەیەك لەجێگایەك کۆدەبوینەوەو بەشێکمان لێ دەخوێندەوەولەو بـارەوە قسەو باسمان دەکرد.

دواتر وامان بەچاك زانی کە ئەوتەنها دەرس بلێتەوە و جارجاریش بۆ کۆبونەوەکان هاوڕاهیمان دەکرد لە گەڵ خۆماندا تا زیاتر شارەزایی پەیدا بکات بۆ موناقشەو دەعوە و بانگەوازی ، چون مەلاناسر خوا لێی خوش بێت وەك مرۆڤێکی عەقیدەی پەروەردە نەبو بوو بەڵکو خوێندنەوەی ئەو تەنها ئەو بوو کەوا موتالەعەی دەکرد جاوەختی وا هەبوو کتێبێکی دەخوێندەوەو دەهات وەك موحازەرە دیوتەوە دواتر کتێبی تری دەخوێندەوە هەندێ جارئەوەی پێشوتری هەڵدەوەشاندەوە کەئەمە لەوسەردەمەدا کێشەی زۆری بۆدروست دەکردین، جارێکیان بەردێك هەبو وابزانم پێیان دەوت

(بەردە قفە) کەخەڵکی وەك تەبەڕوك سەیریان دەکرد و دەچون بۆ لای بۆ ئەوەی لە کۆکە چاك ببنەوە، مەلا ناسر چوبوو ئەو بەردە فڕە بدا خەڵك پێی گەیشتن و قاڵ پەیدا بوو، جارێکی تر چوبوو پەڕۆی سەری قەبرستانێکی لابرد بوو ئەویش هەر زانرا و بو بە قاڵ، جارێکی تریش هەندێ قورئانی کۆن و پارچە پارچە بووکۆ دەکاتەوەو بۆ ئەوەی ژێر پێی خەڵك نەکەون خەڵك ئەوەشیان بە کارێکی خراپ بۆ داناکە ئەمانەو چەندین شتی ترکە کێشە یان لەناو خەڵکدا پەیدا دەکردو دەبو بە هۆی دواخستنی بانگەوازەکە ولەکەدار کردنی خۆی و کەسانی وەك خۆی، بۆیە وامان بە چاك زانی کە بێتە ناو ریزی دەرس وتنەوە و خۆ خەریك کردن بەوەوە لە بەر ئەوە چەند برایەك خوا جەزایان بداتەوە مقدارێك کە هەزار تمەنی ئەو کاتە بوو لە سەر خۆیان دایان نا کە مانگانە بەوی بدەن بۆ خەرجی خۆی و ماڵ و منداڵی و ئەو تەنها دەرس بلێتەوە وخێزانە بەڕێزەکەشی بەو مقدارە کەمە رازی بوو .

بەڵێ شوکر بۆ خوا ژمارەی نەفرەکانمان بۆ تەنزیمی ئیخوان زیاد بوو وبوین بە ٨کەس هەر بۆیە تەماعم بۆ دروست بوو کەوا لە ئێران بمێنمەوە، وئا بەم شێوەیە سەرەتای دروستبونی ئیخوانم لە ئێران دامەزراند لە سەر ئەو دە ئەسڵەی کە حسن البنا داینابوو وئامۆژگاریە کانی سید قوتب رەحمەتی خودا لە هەر دوانیان بێت، گەرچەند ئێستا کەسانێك هەن دەڵێن مەلاناسر سوبحانی ئێخوانی دامەزراندوە لە حاڵێکدا هەر ئەوانەی کە ئەو ئیدعایەی بۆ دەکەن هەر ئەوانەش بون کە کاتێك من ملا ناسرم دانا بوو دەرس بلێتەوە و بۆ سەفەرەکانم لە گەڵ خۆمدا دەمبرد ئەوان دەیان وت بەمن ئەوە بۆ واز لەو ..... ناهێنیت بەڵام کەئیستا نەماوە تا داوای مەنسەبیان لێ بکات مامۆستا ناسری سوبحانیان وا بەرز کردوەتەوە تا بڵێن

ئەوە لە ئێمە بووە خودا لێی خۆش بێت کە ئەمە ئیشی هەمیشەیان بووە وەك لە گەڵ سەیدی قوتبدا کردیان کە لە سەرەتای شەهید کردنیدا وتیان تاوانبار بووە دەبوایە لە قسەی خۆی پاشگەز ببوایەوە ولە زیندان دەرچوایە بەڵام کاتێك دییان کە پەڕاوەکانی ئەو لە سەدان کەسی زیندوی ئەوان کاریگەر ترە لە ناو چینی خوێندەوارو رۆشنبیراندا وناوی ئەو کەوتوتە سەر دەمی زۆربەی لاوانی موسڵمان لە قسەی خۆیان پاشگەز بونەوە و وتیان سەیدی قوتب شەهیدی ئیسلامە، بەڕاستی مەلا ناسری سوبحانی کەسێکی حافزە باش بوو ئەگەر نامیلکەیەکی بخوێندبایەتەوە ئەوا هەر هەموی لە بەر دەکرد بەڵام ئەو تازە لە کاتی خوێندنەوەدا بوو ئەوەیشی کە تازە دەزانی زوو ڕای دەگەیاند ئاشکرایشە کە نوسراوەکان رەئی و بۆچونی جۆراوجۆرو هەتا دژ بە یەکی تێدایە لە بەر ئەوە زۆر جار کێشە لە نێوان ئەوو خەڵکانی تردا دروست دەبووکە زۆر جار من ناچار دەبووم لەو بارەوە قسە لە گەڵ ئەودا بکەم لە لایەك و لە گەڵ خەڵکانی تردا لە لایەکی ترەوە و رەخنەی لێ بگرم کە **بەڕاستی ئەویش هەر وەك مرۆڤێکی نەترس بوولە دەربڕینی بیرو باوەڕی خۆیداو حەق ویست بوو وقسەی بە بەڵگەی بەچاکی وەر دەگرت** ئەمە کورتەی قسەی زیاتر لە دوو ساڵی من بوو لە گەڵ ئەو دا کە کورد واتەنی" مشتێك نمونەی خەروارێکە" پێوستە ئەوە بزانین کە سوكو بێ نرخکردنی کەسێك چەند تاوانەو خوا پێی ناخۆشە زیادەڕەوی و لە سنوری خۆی تێ پەڕاندنیشی هەر ئاوەها تاوانە .

نوسەر: ئەوەتا پێغەمبەرمان(ﷺ)پێی ناخۆشە لە حەدی خۆی زیاتر گەورە بکرێت کە خوای گەورە لە گەڵ ناوی خۆیدا ناوی ئەویشی هێناوە و

دەفەرموێ ﴿ وَرَفَعۡنَا لَكَ ذِكۡرَكَ ٤ ﴾[1] واتە، ناوم بەرزكردویتەوە لە گەڵ ناوی خۆمدا، لە كاتێكدا خوای خاوەن دەسەڵات ئەوەندە بەرزی كردوە كە چی ئەوەتە داوا دەكات كە مەیەن بە شان و باڵمدا بە شێوەیەك كە دەرچێت لەسنوری بەشەری خۆم وئەفەرموێ: ((لاتطرونی كماأطرت النصاری عسیی بن مریم ولكن عبدالله و رسوله))[2] پێما هەڵمەدەن و گەورەم مەكەن هەر چۆنێك گاورەكان عیسی كوڕی مریم یان زۆر گەورە كرد، ـ كەكۆمەڵێك دەیانوت عیسی كوڕی خوایە پەنا بە خوا ـ، بەڵكو من بەندەی خودام و ڕەوانە كراوی ئەوم.

مامۆستا: دوای ئەوە بینیم كەوا دەتوانرێت ئیشێكی باش بكرێت بۆ بلاّوكردنی پەیامی خوداو زۆربەی مامۆستایان ئامادەییان هەبوو بۆ ئەو ئیشە كەوا خەڵكی لە سەر عەقیدە و بیرو باوەڕێكی چاك پەروەردە بكەن و ئەو دە ئەسڵەیش كە حسن البنا دای نا بو وەرمگێڕا بوونە سەر زمانی كوردی .

---

[1] سورة الشرح
[2] تحقيق البانی صحيح من صحيح جامع رقم حديث ٧٣٦٣

ناسینی كاك ئەحمەدی موفتی زادە و ئیش كردنی ماموستا لە مەدرەسەی قورئاندا

قەدەری خوا وا بوو كە رۆژێك لە مەعهەدی ئیسلامی هەڵەبجە لە خزمەت مامۆستا ملا عوسماندا [1] بووم قسەكانمان كێشای بۆ ئەوە كە من عەرزی مامۆستام كرد ئەگەر وا رێك كەوێت كە من بچمە ئێران چ مەلایەك هەیە كە جەنابتان بیناسن و چاك و دڵسۆز بێت بۆ ئایین ؟ مامۆستا ناوی چەند كەسێكی پێ وتم كە یەكێك لەوانە مەلا ئەحمەدی موفتی زادە بوو كە فەرموی گەنجێكی زیرەك و چالاكە جا ئەو ناوە لە بیرم چو بوو تا لە یەكێك لە رۆژنامەكاندا سەرەتای شۆڕش هێرشێك كرا بووە سەر شا و دەست و دائیرەكەی لە خواریەوە ئەحمەدی موفتی زادە نوسرا بوو كە بە بینینی ئەو ناوە بە ناسراو هاتە بیرمەوە بەڵام نەمدەزانی چۆن ئەم ناوە بەلامەوە ناسراوە تا هاتمەوە ناوچەی پاوەو دەستم كرد بە بڵاو كردنەوەی ئەو پەیامەی كە دەمزانی و كۆمەڵێك لە مەلایانی ئەو ناوچەیە قەبوڵیان كردو ئەوانیش باسی كاك ئەحمەدی موفتی زادەیان بۆ كردم كە لە سنەیە ئەوە بوو ئیمەش وەكو وەفدێكی پاوە چوین بۆ لای كاك ئەحمەدی موفتی زادە و سەرتای ئینقلاب بوو و خەڵكی جۆش و خرۆشێكی زۆریان هەبوو لە مەناتقی كوردستانات و كاك ئەحمەدیش كەسایەتیەكی دیاری بوو و

---

[1] دامەزرێنەری بزوتنەوەی ئیسلامی لە عیـــــــراقدا

خەڵکی شیعاریان ئەدا (صلی علی محمد خمینی و کاك احمـد) و ئـەو کاتـە بە زەحمەت دەگەیشتینە لای بۆیە برایەکی ناسراو لـەوێ بـوو ئـەومان نـاردە لای کەوا هەواڵی پێ بدات کە مامۆستایان پاوە هاتوون تا چاویان بە کـاك ئەحمد بکەوێت ئەوە بوو زۆری نەبرد و سـەردانمان کـرد و رێزێکـی زۆری لێ گرتین، دوای کەمێك مامۆستا ناسری سوبحانی کـە لـە گەڵمانـدا هـاتبوو رەحمەتی خوای لێی بێ منی ناسـاند بـە کـاك ئەحمـەدی مـوفتی زادە کـەوا مـاموستا عبدالقادر تەوحیدی لە عیراق هاتوەتەوە و لە عەشرەتی ئیمامیـە ودیارە ئەوان پێشتر یەکتریان دەناسی دوای ئەم ناساندن و کـەمێك دانیشـتن کە لە پێشدا بەوانم وتبووکە من پێویستە ئەگەر کاتێکی کـەمیش بێـت بـە تەنها لە گەڵ کاك ئەحمد دا قسە بکەم جامەلا ناسر ئەوەی بـە کـاك ئەحمـد ڕاگەیاندو دواتر بە تەنیایی دانیشتین، وتم بە کاك ئەحمد: **کـاك ئەحمـد ئـەو خەڵکەی کە لە چواردەوری جەنابت کۆ بونەتەوە ئەگەر تەنزیمت بۆ دانـابن ئەوە زۆر باشە بەڵام ئەگەر بە بێ بەرنامە بێت وەهەر خۆشەویستی و یان بە بۆنەی ئەوە کە کوردیت و رۆشنفکرێکی ئیسلامیت ئەوە باش نیە چونکە ئەو خەڵکە وا چاوەڕوان لە جەنابت دەکەن سبەینی دەبیت بە رەئیسی وەڵات یان کارمەندێکی گەورەی دەوڵەتی و ئەوان چاوەڕوانی پۆست و مەقامت لێ دەکەن کە ئەگەر ئەوە نەبوو لە دەورت نامێنن بۆیە ئەگەر تەنزیم نیە ئەوا با خەریکی تەنزیمێکی رێك و پێك بین** ئەویش خوا جەزای بداتەوە وتی مـن ئیشم کردوە و تەنزیم هەیە ومنیش باسی کاری خـوم و تـەنزیمی خـۆمم بـۆ کـرد ئـەویش دەسـت خۆشـی لێکـردم و وتـی ئـەم بەرنامەیـە بەرنامـەی سەحابەکانی چواردەوری پێغەمبەرە درودی خـوای لـە سـەر بێـت بـەڵام ئـەم بەرنامەیە بۆ ئیستای ئێمەی کوردستان درنگـە و ئێمـە ئـەمرۆ پێویسـتمان

بەكۆكردنەوەی خەڵك هەیە و بۆ ئەو كۆكردنـەوەش هـەر كەسـێك ئیسـلامی خۆش بوێت بەسە و ئێستا زۆر بە عەجەلەین و ئەو پەروەردەیەمان بۆ ناكرێ ئێوە خەریكی پەروەردەكەبن وئێمەش وەك مەدرەسەی قورئان لە گەڵ برایان ئیشەكانی تر دەكەین وزۆر كارەكانی ئێمەی پێ خۆش بووكـەوا تـەنزیمێكی ئاوا هەیە و كار دەكات .

دوای چەند جارێكی تـر سـەردانی كـاك ئەحمـدمان كـرد ئـەوە بـوو لـە هاوینی ئەو ساڵەدا كاك ئەحمد حیزبی مساواتی راگەیاند لـە حالێكـدا كـە ئێمە ئەمەمان بە دوو حیزبی زانی و لامان دروست نەبوو بە هەر حاڵ كـاك ئەحمد ناردی بە دوای من و رحمت الله علیپورکە خەڵكی سەردەشت بوو تـا بچینە سنە بۆ تەشكیل دانی ئەو حیزبە ئێمەش چوین، شـەو لـە گـەڵ كـاك ئەحمد دانیشتین وقسەمان لە سەر هەڵـەیی ونادروسـتی دوو حیزبـی كـرد و وتم ئەگەر پێت خۆشە ئێمە واز لە تەنزیمی پێشـومان دەهێـنین و تـەنها بـەم شێوەیە ئیش دەكەین بۆ كۆ كردنەوەی خەڵكی كوردی موسڵمان بەڵام كـاك ئەحمد وتی: نەخێر ئەو تەنزیمـە هـەر وەكـو خـۆی بمێنێتـەوە وهـەر كـام لـەم خەڵكە كۆ كراوە شایستە بوون بیانخەنە ناو ئەو تەنزیمـەوە جـا رێكـەوتین لـە سەر ئەوەی كە خانوویەك بگـرین و كـاك ئەحمـەد نەفـەرەكانی خـۆی بنێـرێ بۆلامان وئێمەش قسەی لـە گەڵـدا بكـەین، بـەڵێ خـانوو گیراو نەفـەرەكان دەهاتن قسەمان لە گەڵدا دەكـردن بـۆ مـاوەی ١٢رۆژ كەسـێكمان دەسـت نەكـەوت كـەوا مەسـئولیەت وەرگرێـت ئەوەنـدە خـەڵكی ئـەو كاتـە لـە مەسئولیەت دەترسان كەچی بە داخەوە ئیستا خەڵكی بە ناو موسـڵمان بـۆ وەرگرتنی پۆست و مەقام ومەسئولیەت بە هەزران رەنگ خـۆی دەگۆرێـت، خەڵك هەبوو زۆر باش بوون بەڵام بـۆ وەر گرتنـی مەسـئولیەت خۆیـان دور

دەگرت هی وا هەبوو قەبوڵی دەكرد بەڵام دەیانوت كێ رێبەریمان بكات ؟ ئێمەش دەمان وت كاك ئەحمد قەبوڵیان نەدەكرد و دەیانوت رێبەرمان ئەبێت دكتۆرای هەبێت وئێمەش وتمان پێیان برام ئێستا و لەم هەل و مەرجەدا شەهادەی دوكتورا لە كوێ بێنین خۆ ناچین كەسێكی بێ دین بێنین بیكەین بە رابەریی خۆمان چیە كە دوكتۆرای هەیە ئێوە سەبرتان هەبێت هێواش هێواش إنشاللە ئەو خوێندكارانەمان كە لە جامیعەكانن دێنەوەوە وئەو كاتەكەسانێكیشمان دەبێت كە شەهادەی دوكتۆرایان هەبێت و شایستەی ئەم مەقامە بێت، ئەوە بوو كەس نەبو كەوا پۆستێك قەبوڵ بكات دواتر چوینە لای كاك ئەحمد و باسمان بۆ كرد كە كەس نایەوێت مەسئولیەت قەبوڵ بكات وكاك ئەحمد گەشتە ئەو قەناعەتە كەوا كەسێكی نیە وەك تەنزیم ئیشەكانی بۆ پێش ببات و زانیم كەوا كاك ئەحمد هیچ تەنزیمێكی نیە وەك دەزگایەكی چالاك ئیشی دەعوە بكات تەنها ئەوە بوو كە ئەو كەسانەی كە لە مەدرەسەی قورئاندا دەیانخوێند خۆشەویستی چاكی كاك ئەحمدیان هەبوو و پێمان ڕاگەیاند كەوا حیزبی مساوات لە بیر كات، ئەوە بوو دوای ١٢ رۆژ گەڕاینەوە و حیزبی مساوات تەشكیل نەكرا لە حاڵێكدا شاخەیەك لە مەریوان تەشكیل ببوو ؟!

دواتر دوای ماوەیەك داوامان كرد كەناوی مەدرەسەی قورئان بگۆڕێت بە شتێكی عامتر كە لە پاش ئەوە ناوی مەدرسەی قورئان گۆڕدرا بە (مەكتەب قورئان) ئیتر ئیشەكان كە دەكران هەموی بە ناوی مەكتبی قورئانەوە دەكران .

پاش هاتنی ئایەتوڵا بهەشتی كە لەرواڵەتدا خۆی بە دۆستی موفتی زادە دادەنا بۆ دژایەتی ئەو حكومەت موحافزێكی كۆمۆنیستی لە سنە

دانا، ئاشکرایە کە ئەوان دژی موفتی زادەبون و شەڕ کەوتە ناو سنەو هەتا شوعیەکان چەندها موسڵمانیان بە تەور شەهید کرد و کاك ئەحمد ناچار لە ساڵی ١٣٥٩ شاری سنەی بە جێ هێشت و هیجرەتی کرد بۆ کرماشان و لەوێ خانویەکی گرت و دەستی کرد بە دەعوەو پەروەردەکردن، لەکاتێکدا ئێمە ئەو کاتەی سەردانی جەنابی کاك ئەحمدمان کرد دەیوت دێرە و ئیستا فریا ناکەوین کەچی ئیستا لە کرماشان تازە خەریکی پەروەردەکردنە وئێمەش وەکو تەنزیم ئیشمان دەکرد و کاك ئەحمەدیش ئاگادر بوو ومن خۆم سەرپەرەستی ئەو تەنزیمەمم دەکرد و هەمومان کاك ئەحمدمان خۆش دەویست و موحیبەتی لە دڵی هەموماندا هەبوو و زانایەکی باش و تێگەیشتو بوو لەو سەردەمەی خۆی دا بەڵام جار جار کاك ئەحمد شتانێکی دەوت دەمزانی ئەو ئاگای لە حەدیس وەك پێویستی ئەووئەوکاتەی نیە و لە قسە کردنیشدا کەسێکی بەلیغ و رەوان بێژ بوو هەتا کاتێك قسەی دەکرد قسەکانی لە قسەی کتێب دەچوو کە لە بەر بیخوێنیتەوە ئەوەندە پێویستی نەدکرد بۆ نوسینی وتەکانی دەستکاری بکرێت خودا بەهرەیەکی وای پێ دا بوو وبە وتەکانی زوو قەناعەتی دەکرد بە خەڵك .

رۆژێك لەکرماشان برایەك دەعوەتی کردم کەچوم کۆمەڵێك برای تریش لەوێ بون پێش نیمەڕۆ ودوای نان خواردن پرسیارێکیان لێ کردم ووتیان: مامۆستا عبدالقادر تۆ کاك ئەحمد بە موجتەهد دەزانی یان نا؟ منیش وتم نا بە موجتهدی نازانم بەڵکو بە زانایەکی زۆر باشی دەزانم و کەسێکی خەمخۆرە بۆ دین بەڵام ئەگەر یەك جار چاو بە صحاحی ستە دا بێنێت ئەوا فتواکانی ئەو وەکو فتواکانی ئیمامی شافعی قەبوڵمە، بەڵام ئێستا دەزانم کاك ئەحمد هەندێ جار قسە دەکات کە بێ ئاگای ئەو دەگەیەنێت لە زۆربەی

حەدیسەکان. جا پێش نوێژی عەسری هەمان ڕۆژ دیم وا کاک ئەحمدیش هات بۆ ئەم ماڵە کە من تێیدا دەعوەت کرابووم دوای دانیشتن وکۆمەڵێك قسە و باس خاوەن ماڵەکە بە کاك ئەحمدی ووت: کاك ئەحمد ئێمە گلەییمان لە مامۆستا عبدالقادرهەیە چونکە لە بارەی جەنابتەوە پرسیارمان لیٚ کرد ئایا کاك ئەحمد بە موجتهد دەزانی یان نە ؟وە قسەکانی منی بە ڕێکی بۆ گێڕایەوە، کاك ئەحمەدیش لە وەڵامدا وتی: منیش لە کاك عبدالقادر گلەیم هەیە، کاتێك کاك ئەحمد ئەمەی وت دیم کە ئەو جەماعەتەی لەوێدا بوون ئەوەی کە لە گەڵ کاك ئەحمدان ڕەنگیان کراوە و ئەوانەی کە لە گەڵ تەنزیمی مندا ئیشیان دەکرد تۆزێك مات بوون، منیش خۆم تێك نەداو لە دڵماوتم ئەگەر گلەیەکەی حەق بێت بە سەرچاوم ئەگینا وەڵامی ئەدەمەوە، وتی: گلەیی ئەوەم هەیە کە وتویەتی ئەگەر چاو بخشێنیٚ بە صحاحی ستەدا ئەوە فتواکانی وەکو فتوای ئیمامی شافعی قەبوڵمە، ـ ئەمە دەقەی وتەکەی کاك ئەحمد بوو خودا عەفوی بکات کە وتی: واللهی ئەگەر دە باریش چاو بخشێنم بە سەحاحی ستەدا ئەمجار نابم بە خاکی ژێر پێی ئیمامی شافعی، بینیم ئەمجارە ئەوانە لە گەڵ مندا بوون ڕەنگیان کرایەوە وئەوانەش لە گەڵ کاك ئەحمدا بوون ڕەنگیان مات بوو، منیش وتم خوا جەزات بداتەوە ئەوە نیەتی خوتە و شکستە نەفسی خۆتە ئەگینا من بۆ تۆ ئاوەهام، دوای هەڵسانەکەمان بینیم وا یەك و دوبرا هەر دەڵێن مامۆستا داوای لێبوردن دەکەین منیش وتم لە بەر چی؟ من کە شتێك نازانم کە ئیوە کردتان بێت و خراپ بێت تا داوای لیٚ بوردنم لیٚ بکەن باشە چی بوو؟ خاوەن ماڵ (کاك عبدالرحمن حسینی)وتی: بەڕاستی ئێمە ئەم دانیشتنەمان ڕێك خست بۆ تو و کاك ئەحمەد بۆیە زۆرێك لە برایان کە لە گەڵ کاك ئەحمدا بوون

دەیانووت مامۆستا هەندێ جار قسەکانی کاك ئەحمد قەبوڵ ناکات و جار جاریش وەڵامی کاك ئەحمد دەداتەوە بۆیە ئێمەش وتمان برایان خۆ مامۆستا لە پاشملەوە قسە نالێت بە کاك ئەحمد بەڵکو ڕووبەڕووی خۆی قسە دەکات و ئەگەر پێویست بێت کاك ئەحمد خۆی وەڵامی ئەداتەوە بەڵام ئەو برایانە هەر داکۆکیان لە سەر قسەکانیان دەکرد بۆیە ئەم دانیشتنەمان ساز کرد تا ڕووبەڕووی یەك قسە بکەن برایانیش دڵیان پیس نەبێت منیش گەردنم ئازاد کردن خوا لە ئێمە و ئەوانیش خۆش بێت .

سەردانەکانی مامۆستا عبدالقادر بۆ لای ئایەتو الله خومینی

یەکەم سەردانم بۆ لای ڕابەری ئێران لە ساڵی ١٣٥٨هەتاوی دا بوو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی ئێران کە بە ناوی ئیسلامەوە کرا کە (دواتر کرا بە حکومەتی شیعەی ویلایەتی فەقیە نەك ئیسلامی) کە دەفتەری خومینی ئەو کات لە قم بوو لە گەڵ مەلاناسر سوبحانی و ٣ برادەری تر کە ئێستا ماون کە لە بنەماڵەی زیایین، لەم دانیشتنە دا خومینی وەعدی دا کەوا قورئان حاکم بێت و حوکم بەم قورئانە بکەن و ئەم وتانەی خومینی زۆر ئێمەی کەیف خۆش کرد و وتمان ئێمەش ئەمەمان دەوێت و وەعد بێت ئێمەش سەربازی ئەو قورئانە بین.

دوهەم سەردانم لە کاتی رەشنوسی قانونی ئەساسی ئێران بوو کە بۆ نارەزایی دەربڕین چو بوین و لەم سەفەرەماندا کتێبی (معالم فی الگریق) سیدی قوتبمان پێدا وبڕیاریان دا بوو کە مەزهەبی رەسمی شیعەی ١٣ ئیمامی بێت و خومەینیان بە ئیمامی ١٣ دانابوو هەربۆیە لەمادەی سیانزەدا ئەمەیان لەرەش نویسیەکەدا تۆمار کردبو .

سێهەم سەفەرم دوای تەسبیتی قانونی ئەساسی بوو کە مەزهەبی رەسمی کرا بووبە شیعەی ١٢ئیمامی (دیارە کۆمەڵێك لە مەلای شیعەکان قەبوڵیان نەکرد بوو کە خومینی ئیمامی ١٣ بێت) ولە بەندی ١٢دا دانرا

بوو و زمانی رەسمی ئێرانیش فارسی بێت، ئەم جارەش هەر وەك جارانی تر چوینە لای و نوسراوێکمان نوسی بوو لە لایەن مەلاناسر خوێنرایەوە وئەمجارە وەك جاران هیچ رێزیان لێ نەگرتین هەتا ناسری مەکارمی شیرازی کەئەوکاتە حوجەتولئیسلام بو وتی: " برادران سنی *ماشیعیان برای خودمان انقلاب کردیم شماهم بروید برای خودتان انقلاب کنید* / برادەران سوننی ئێمەی شیعە بۆ خۆمان شۆڕشمان کردوە وئێوەش بچن بۆ خۆتان شۆرش بکەن" وەلەم سەفەرەمان زۆر بە نائۆمێدانە گەڕاینەوە و زانیمان تازە حکومەت پێی خۆی داکوتاوە و ئیستاش ئەیەوێت بە خراپ لە گەڵماندا مامەڵە بکات، هەر لەو سەفەرەدا هەندێکمان بڕیارماندا کە ئیتر هاوکاری ئەم رژێمە نەکەین کە من و مەلاناسر لەوانە بوین.

دەعوە وتەنزیم لە پاوە ڕو دەکاتە شاری کرماشان

ئێمەش دواتر لە بەهاری ساڵی ١٣٦٠هەتاوی لە پاوەوە چوینە کرماشان و لە گەڵ کاك ئەحمد موفتی زادە کە پێشتر چوبوو لە یەك خانودا بوین و لە نزیکەوە ئیشەکانمان بە ڕێوە دەبرد، ماوەیەك لە ناو جیهادی سازندەگی ئیشم دەکرد و دواتریش بۆ ئەوەی بتوانم لە بواری خۆمدا خزمەت بکەم چومە ڕادیوی بەشی کوردی لە کرماشان کە لە چەند خاڵی سەرەکی قسەم دەکرد ١) تەفسیر قورئان بە کوردی ٢) مێژوی کوردستان ٣) چونیەتی دروستبونی شۆرشی ئیسلامی، تاوەکوئەو گرتنەمان بە سەر داهات لە ساڵی ٦١ وبە منەوە ٥ کەسی تر لەو ماڵدا حکومەتی تازەی ئێران گرتینیێ و دواتریش تا یەك حەفتە هەر کەسێك دەهاتە ماڵمانەوە ئەوان لە ژورەوە دەیانگرت وشەو دەیان هێنا بۆ سجنی لای ئێمە کە ژمارەمان بوو بە چواردە کەس کە لە یەك ژووردا بوین، الحمدلله توانیم لە ناو سجنیش بەرنامەیان بۆ دانیم و دواتریش ئیستفادەیان لێدەکرد بۆ بەڕێوە بردنی ئیش و کارەکان، دوای هەشت ڕۆژ ئێمە ئازاد کراین، کە ئێمە زیاتر لە ١٨٠کەس بۆین کە لە سەرتاسەری کوردوستاندا گیرا بوین کە پانزەیان ئافرەت بوون، پێشتر مەترسی گرتنی کاك ئەحمدمان هەبوو لەلایەن حکومەتەوە بۆیە خانویەکی بۆ گیرا لە تاران و ڕۆیشت بۆ ئەویێ کەوا سەلامەت بێت، دوای ئەوە کاك ئەحمد زانی کەوا خەڵکێکی زۆر لە سەر ئەو گیراون ئەویش ویجدانی قەبوڵی نەکرد و وتی ئەو خەڵکە لە سەر من و بەرنامەی مەکتەب قورئان گیراون بۆیە لە تاران خۆی ناساند بە حکومەت و دواتر حکومەت ڕاپێچی زیندانی کرد .

نوسەر: ماڵی ئێمە و کاك ئەحمەد لە یەك حەوشەدا بووین لە بیرمە کەوا جار جار کاك ئەحمەد منی بانگ دەکرد و سواری پاسکیلی دەکردم وبە ناو حەوشەی ماڵەوە دەیگێڕام و فێری خوێندنی سرودی دەکردم کە یەکەم سرودی ئیسلامی کە فێر بووم (خوا مەبەستمانە جیهاد ڕێمانە) بوو لە سەر زمانی کاك ئەحمەد ی موفتی زادە ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە کاك ئەحمەد فیکرەی جیهادی لە سەردا بووە پێچەوانەی ئەوانە کە دەڵێن کاك ئەحمەد قەد فیکرەی جیهادی نەبووە ئەوەتا منی منداڵ ئەو سرودی جیهادیە کە فێری کردوم دوای ٣٠ساڵە لە بیرمە خوا لە گوناهی خۆش بێت، وجار جار دەیوت یحیی وەر (ایست) ێکم بۆ بکە منیش وەك عەسکەر دەچومە پێشەوە و تەحیە یەکم بۆ دەکرد وبە دەنگێکی بەرز دەموت ایـــــــــست، جەنابیان زۆر منی خۆش دەویست وجارێکیش لە بیرمە جەنابی کاك ئەحمەد مودەتێك چوو بوو بۆ سەردانی شارە کوردیەکان لە کاتی گەڕانەوەی خەڵکێکی زۆر هاتبونەوە لە گەڵی دا بۆیە چەندکەس لەو برایانەی مەکتەب لەپێش هاتنە ژورەوەی کاك ئەحمەد هاتنو منیان برد بۆ پشت درگای حەوشەو وتیان پێم: هەر کات کاك ئەحمەد هات ژورەوە تۆ (ایستیێ)کی بۆ بکە چون دەیانزانی کاك ئەحمەد منی خۆش دەوێت وماوەیەکیشە منی نەبیناوە و زۆر جار لە ناو میوانەکانیدا ئەمەی پێ دەکردم، ئەوە بو کاتێ کاك ئەحمەد هاتە ژورەوە منیش بە دەنگێکی گەورە وتم(ایست) واتە بوەستە کاك ئەحمەد بە ڕەحمەت بێت دانەویەوە و منی ماچ کرد و هەر لە ئەرز لە باوشی گرتم دواتر چونکە خەڵکەکە زۆر بوو و لە بەر دەرگای حەوشە بە هۆی ئەم ئیشی منە قەرەباڵخی دروست بووبو بۆیە برادرێك وتی بە کاك ئەحمەد خەڵکەکە وەستاوە با بچین کاك ئەحمەد

فەرموی: واللە یحیی (ایست)ی لێ داوم تا ئیزنم نەدات نارۆم ئەوە بوو برادەرێك ئیشارەتی بۆ کردم تا بەڵێم بە کاك ئەحمەد فەرمو منیش وتم فەرمو، ئەمجا کاك ئەحمەد چوە ماڵەکەی خۆیەوە بەڕاستی شەخسیەتی کاك ئەحمەد کەم وێنە بووە لە مێژودا کە ئاوا دڵی منداڵێکی ٥ ساڵان نەشکێنێت خوای گەورە لێ خۆش بێت ولە جوملەی شەهیدەکانی سەرەتای ئیسلام دا حیسابی بۆ بکات ، هیوام وایە لە خوای باڵا دەست ئێستا دوای٣٠ساڵ ئەو کەسە بە وەفایەی دین و ئایین بم کە کەسایەتیەکی وەك کاك ئەحمەد لە سەرەتای ژیانم فیری سرودی یەکخواناسی(خوا مەستمانە و جیهاد رێمانەی) کردم.

هەر وەها لەو کاتەی حکومەتی شیعەی ئێران دەستی دایە گرتن و سجن کردنی جەماعەتی مەکتەب قورئان ئەوە بوو لە شەو دا دایان بە سەرماندا و جەنابی ماموستا و چەن برایەکی تریان گرت هەر ئەو شەوە و ویستیان دایکی منیش ببن بەڵام باوکم داوای کرد کە منالی بچوکمان هەیە و ئەو خێزانەم بێ تاوانە و ئەگەر تاوانێك بوبێت ئەو ئێمە کردومانە نەك ئەم ئافرەتە ئەوە بوو وازیان هێنا لە دایکم و کۆمەڵێکی زۆر لە کتێب و ئەشیای ماڵیان برد و دوو کەس لە پاسدارەکان جلی کوردیان لە بەر کردو لە پشتی دەرگای حەوشە وەستان وبۆ ماوەی ٥رۆژ هەر کەس دەهات لە پیاو و ژن دەرگایان بۆ دەکردنەوە و نەیاندەزانی تا دەیاهێنانە ناو حەوشە کە و دواتر چاویان دەبەستن و درێژیان دەکردن تا شەو و لە شەو دا بە سەیارە دەیانبردن بۆ سجن ، دوای ٥ رۆژەکە بینایان خەڵك نایەت و خەڵکیش ئاگادار کرابونەوە کە ماڵی کاك ئەحمەد موحاسەرەیە بۆیە سەردانیان نەدەکرد ،لە بیرمە کە برا بچوکەکەم زۆر داوای بسکیتی دەکرد

بەڵام دایکم هەرچی داوای دەکرد کەوا ئیزن بدەن با بسکیتێك بکڕم بۆ ئەم منداڵە ئیزنیان نەدەدا بە ڕاستی چەن ڕۆژێکی ناخۆش بوو کە بە سەرماندا تێ پەڕی ، بەڵێ بە ڕاستی ئەوەندە لە کاك ئەحمەد نزیك بوین کەچی بەداخەوە کاتێك کۆمەڵێك برا بە بێ ئەوەی کاك ئەحمەدیان بینا بێت شتانێکی لە سەر دەنوسن کە کاك ئەحمەد دورە لەو قسانە و دەم هەڵبەستە و دەتوانم بڵێم نەك دۆستی نین بەڵکو دوژمنی کاك ئەحمەدیشن چونکە کاك ئەحمەد خوا لیێ خۆش بێت لە ناو سجن دا تۆشی ئەزەیەت و ئازارێکی زۆریان کردبوو و پێش چونە سجنی ٩٥ کیلۆ بوو بەڵام کاتێك لە سجن بە لێدانی دەرزی ژەحردەری دەکەن و دەزانن بە هۆی تەعزیبەوە نامێنێت لە ترسی ئەوەی نەوەك ئەهلی سوننەت کاردانەوەیەکی هەبێت ئازادیان کرد تا لە ماڵ وەفات بکات کە ئەو کات ٤٥ کیلۆی مابوو وئەو مودەیەش کە خەڵکی سەردانی دەکرد کاك ئەحمەد بە هۆی ئەزیەت و ئازار و ئەشکنجەی ناو زیندان زۆر شتی لە بیر چوبویەوە و هۆشی لای خۆی نەما بوو شتانێکی وتوە کە شیرك و کوفرن بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە جەنابیان ناشارەزا بوون بەڵکو ئەمە گەورەیی ئەو پیاوە موجاهیدە دەگەیەنێ کە دوژمنان مێشکیان تێکدا لە زیندانـدا ، کەچی کۆمەڵێك برا دێن ئەو شتانەی ئاخر و یان لە دووساڵەی ئاخری زیندانی وتویەتی کردویانە بە کتێب کە هەر کەسێکی ناشارەزا لە کاك ئەحمەد و پەیامی ئەو دەیخوێنێتەوە یەکەم قسە دەڵێت ئەم کابرا کافر بووە نەك زانا، بێ ئاگا لەوەی کە ئەمە ئەشکنجەو تەعزیبی زیندان مێشکی تێك داوە ولە باتی ئەوەی ئەو وتانەی بشارنەوە تا کەسانێکی هەل قوستوو و دژ بە کاك ئەحمەد ئەم قسانە نەدەن بە نیو چاوانی ئومەتی ئیسلامی و بڵێن: ئاوا سەیری قسەی زاناکانتان بکەن کە دژ بە بیرو باوەری خۆتانە بەڵام بە داخەو کاتێك

چاوم بەو كتێبانە دەكەوێت كە لە سەری دەنوسن بەڕاستی ئاستی كاك ئەحمەدیان دابەزاندوە نەك ئەوە بێت كە گەورەی ئەویان وەدەر خستبێت .

مامۆستا: دوای هاتنەوە مان لە سجن لە گەڵ هەندێ لەو برایانەی كە ناسراو و خەمخۆرو لێزان بوون كۆ بوینەوە كەوا چی بكەین ئەوە بو من وتم براینە ئێمە دەعوەی خۆمان دەكەین و بەردەوام دەبین لە ئیشەكانمان بەڵام تازە وەزعەكەمان وەكو جاران نەماوە بۆیە ئەبێت واز بێنین لەوە كە بە زەقی دژایەتی حكومەت بكەین خۆ نابیت لە تاران شتێك و بابەتێك كە دەوترێت دژ بە ئێمە ئێمەش لێرەدا ئیعلامیە بڵاو بكەینەوە و بیكەین بە هەرا چونكە ئەوەی پێشتر دەبوایە بكرایا كە تەنزیمێكی تۆكمە و چاك بوو نەكرا و ئێستاش ئەبێت بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئیشەی كە كردومانە بێ ئاكام نەبێت ئەوا ئیشەكانمان رێك بخەینەوە بەڵام بە بێ هەڵكوتانە سەر حكومەت تا بزانین وەزعەكەمان بەرەوكوێ دەچێت و ئەگەریش زانیمان هەر حكومەت ئەیەوێت رێگە لەم دەعوەو بانگەوازیە بگرێت و هەوڵی گرتنمان دەدات ئەوا ئێمەش دەس ئەدەینە چەك و هەر وا دا نانیشین كە وەك مریشك بمانگرێت و دەچینە ئەو چیایانە و دەژین، كۆمەڵێك لە برایان ئەمەیان پێ باش بوو و كۆمەڵێكی تر وتیان ئێمە هەر بەردەوام دەبین لە ئیش كردن وحەز بە ڕوبەڕو بونەوەی حكومەت ناكەین، ئێمەش وتمان ئیتر خوتان دەزانن من ئەوە بۆچونمە و ئەوەی ئێوەش دەیكەن شتێكی باش نیە كەوا ئیعلامیە بڵاو دەكەنەوە بە دار و دیوار دژ بە حكومت چونكە ئەبینین كۆمەڵێك خەڵك لە سجن توند دەكرێت و وتوشی ئەزیت و ئازار و تەعزیب دێت و خزمانیشیان دەكەونە ناو زەحمەت و هاتووچو بۆیان بۆیە من ئەم ئیشی ئێوە بە باش نازانم.

گەڕانەوەی جەنابی مامۆستا بۆ ناو عەشیرەتی خۆی عەشیرەتی ئیمانی

دوای ئەوەی کەوا زۆرێك لە برایان گیران ودواتریش کاك ئەحمدی موفتی زادە لە تاران دەستگیر کرا جم و جوڵی مەکتەب قورئان زۆر ڕوی لە کزی نا چونکە کەسانێکی وا پەروەردە نەکرا بوون کەوا دوای کاك ئەحمد ئیشەکان بەڕێوە ببن بۆیە خزمانی خۆمان بە زانیینی گرتنی من هاتن داوایان کرد کە بگەڕێمەوە بۆ ناو عەشیرەتی ئێمامی کە لە بانەوڕێدا نێشتەجێ بوون، من کە دەیشم زانی کە ئەم حکومەتی شیعە واز لە ئەهلی سوننە ناهێنێت وتا بزانێت کەیەکێکیان تێدا ماوە کە ڕێنمونی خەڵك بکات واز ناهێنێت لە گرتن و کوشتنیان بۆیە دوای گەڕانەوەم بۆ ناو عەشیرەتی ئیمامی زیاتر هەوڵمدەدا کەوا کەسانێکی خوێندەوار پەیدا بکەم کە بتوانین شتێك بکەین بۆ ئەهلی سونەی ئێران وئەو کاتە بانەوڕی خەڵکێکی وای تێدا نەبوو وئێمەیش بەراکێشانی جیهادی سازندەگی بە یارمەتی خەڵکی یەکەم مزگەوتمان لە سەرەوەی دێ دروست کردو دەرسی قورئان و تەفسیرم دەوتەوە، ئەوە بوو بە دواین سەردانمان کە کردبومان پێش گرتنمان بۆ لای خومەینی بۆمان دەرکەوت ئەوان بە هیچ شێوەیەك نایانەوێت ئەهلی سوننە دەخاڵەتی هەبێت لە پۆستە باڵاکانی حکومەتدا و ئەمە لە لایەك و گرتنی کاك ئەحمدی موفتی زادە لەم دوایانە لە لایەکی

ترەوە وای کرد لە من کە ئێستا کاتی جێ بە جێ کردنی ئەودو خاڵە گرنگەیە (التضحیة والجهاد) ە کە رۆی تێ بکەین و کەوتمە گەڕیان بە شوێن کەسانێکی خوێندەوار کە ئەمەش تەنها لە مامۆستایانی ئاینی و منبر و میحراب بەدی دەکرا هەر بۆیە لە مودەیەکی کەم زیاتر لە ٤٠٠مامۆستای ئاینی و خویندەوار وەعدیان دا بۆ دەرچون و خەبات کردن، ئەوە بوو ماوەیەکم دا بوو بەو مامۆستایانە کە وەعدیان دابوو تا دیراسەیەکی باش بکەن لە سەر خەبات و جیهاد کردن لە پێناوی خودا و وتم دواتر سەردانتان دەکەمەوە، جاری دوهەم دوای ٦مانگ کە سەردانم کردن بینیم لەو ٤٠٠ مامۆستا نزیکی ٢٠٠مامۆستا لە سەر وەعدەکەی خۆی ماوە، ئەمە وای لێکردم کە جارێك عەجەلە نەکەم چونکە بینیم لە ناو مامۆستایان ئەوەندە پەشیمان بوبێتەوە ئەی ئەبێت عەوامەکان چۆن بن، ئەوە بوو ماوەیەکی ترمدا بەو ٢٠٠مامۆستایە تا دیراسەیەکی تری باش بکەن و عەزمیان جەزم بکەن و ئامادەبن چونکە ناکرێت لە مەیدانی شەڕدا بۆ هەرشتێك ڕابکرێت بۆ لای کەسانێکی تر تا فتوایان لێ بگیرێت ئایا بیکەم یا نەیکەم بۆیە کاتم پێدان هەم بۆ دیراسە و هەم بۆ ئەوەی بزانم ئەم جارە کە سەردانم کردن چەن مامۆستا ئامادەیە، بۆ جاری سێهەم کە چوم بۆ سەردانیان بینیم تەنها ٥٠ لە مامۆستاکان ماونەتەوە لە سەر وەعدو پەیمانەکەیان ماباقیان پەشیمان بونەتەوە چونکە زانیان من لە راستیمە ئەو ئیشە دەکەم جار لە دوای جار کەمتر دەبونەوە کە لە پێشدا مەلای وا هەبوو شەو تا کاتژمێر ١٢نەیدەهێشت ئیستراحەت بکەین بەلاّم کە زانی کار گەشتوەتە قایمایی خۆی دەشاردەوەو خێزانی دەنارد بۆ پرسیار کردن؟!

بۆ یەکم جار بڕیاری دەرچونماندا لـە ١٣٦٣/٤/٢٥هـەتاوی کـە ئێمـە دەرچـوین و چـوینە شـاخ لـەو ٥٠ مامۆستایشـە تـەنها یـەك کەسیشـیان دەرنەچون؟! بە ٥کەس ئەم ئیشەمان دەسـت پێکـرد ئـەو ڕۆژەکـە دەرچـوین ڕۆژی دواتر یەکێك لە نەفەرەکانمان مـار پێـوەی دا و گەڕاینـەوە تـا تۆزێـك وەزعـی بـاش ببێـت بـەڵام بـە دانیشـتنێکی بـە حـەزەرەوە لـە بـەر ئـەوەی خەڵکێکی زۆر دەیانزانی کەئێمە دەرچوین .

دوای دەرچونی ئێمە جەماعەتی ئیخوان ئەوانەی کە دواتر بونە فیتنە بۆ ئێمـە وبـە نـاوی ئیخوانـەوە ئیشـیان دەکرد ولـە کاتێکیشـدا خـۆم فیکـرەی ئیخوانم دامـەزراندبوو و لە گەڵ چەندکەسێکی مـەکتەب قورئـانیش داوایـان کرد کەوا یەکتر ببینین ئێمەش نەماندەتوانی زۆر خۆمـان دەربخـەین چـونکە دەنگ‌وباسـەکە بـڵاو بوبـووە کـەوا ئێمـە چـەکمان هەڵگرتوەوپێشـەکیش لەوبارەوە قسەمکردبوو لە گەڵ ئەو مامۆستایانە بۆ ئەم مەبەسـتە و پێشـتر وەعدیان پێ دا بووم کەچی ئێستا داوای دانیشـتن دەکـەن منـیش وتم ئێمـە ناتوانین بین و بدەین لە سـەیتەرەکانی حکومـەت بـا ئـەوان بـێن کەچـی بـە شێوازێکی زۆر بێ ڕێزانە و دور لەهەستی بەرادەرایـەتی وەڵامیـان داینـەوە ووتبویان ئەوان شەهیدیان دەوێت بابێن بۆ ئێرە باشەهید بن، ئەمە وەڵامـی هەندێك لەوانە بووکە وەعد وپەیمانیان دا کە بە گیان و مـاڵ جیهـاد بکـەن لە پێناوی خوا وخەڵکدا وا ئیستا دانیشتون وگەمـە و گاڵتە دەکـەن بـەوجمو جوڵەی ئێمە، بە هەر حاڵ مـن وتم بـا گـوێ نـەدەین بـە قسـەکانی ئـەوان و چوین بۆ سنە بۆ سەردانیان پێش ئەوە بچـمە دانیشـتنەکەیان برایـەك منـی کیشایە کەنارێکەوەو پێی وتم مامۆستا بە هیچ شـێوەیەك باسـی دەرچـونی خۆت مەکە کە دەرچویت واللە مامۆستا مەناعەتیان نیە هـەر لـە ئێـرە تـۆ

بدەن بە دەستی حکومەتەوە! دیارە ئەوان نەیانزانی بوو کە ئێمە دەرچووین بەڵام ئاگادار بوون کە من پێشتر داوای دەرچونم کرد بوو، ئەوە بوو لە دانیشتنەکە باسێکی جیهاد و خەباتم بۆ کردن لە پێناوی خودا و خستنە روی زوڵمی ئەم حکومەتە و مەلا ناسریان دا نابوو بە قسەکەریان ئەو مەلا ناسرەی کە وەعدی بە من دا بوو لە مزگەوتی سەر دێ کەوا لە سەر ئەو ١٠ئەسڵەی حەسن البنا ئیش بکات و فێری موناقشەو مونازرەمان کرد بوو ئێستا کۆمەڵێك برا کە ئاوارەش بون هاتبون بۆ ئێران ئەویان کردبوو بە قسە کەری خۆیان هەر ئەوانەی کاتێك من مەلا ناسرم دەبرد بۆ ئەم لاو لا و لە گەڵی دا دا دەنیشتم دەیانوت بۆ خۆت خەریك دەکەیت بەو.....، بۆیە باسی راهبەری کرد کە ئەبێت ئێمە رەهبەرێکمان هەبێت ئاواو ئاوا بێت تا جیهادی لە گەڵدا بکەین کەوا پێشەوا نابێت هەڵەی هەبێت وئەبێت واو وابێ تا رادەیە پێشەوای والێکرد کە بونی پێشەوای وانەك نابێ بەڵکو هەر محاڵەونیە ونزیکەی ١ساعت و نیوقسەی کرد لە سەر پێشەوا وچەن باسێکی تر، کەدەستی پێکرد بینیم هەڵە کانی زۆرە بۆیە وتم برا هەڵەکانت زۆرە منیش لە بیرم نامێنێت تاوەلامت بدەمەوە بۆیە داوای کاغەزێکم کرد تا لە کاتی قسەکانیدا هەڵەکانی بنوسم، بینیم هەڵەکانی زۆر زۆرە لەوبوارەدا ، دوای قسەکانی، منیش وتم برام تۆ رەهبەرت کرد بە عەنقا کە ئەڵێن عەنقا تەیرێك هەیە ئاوا ئاوایە و کەسیش نەیبینیوە، من ئەوندە وەلامی تۆ دەدەمەوە وتم: برای خۆم تۆ چی دەڵێی ئایا نوح پێشەوایە یان نە ؟ وتی پێشەوایە منیش وتم ئەی کەی خوا پێ فەرموی ﴿

إِنِّيٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾[١]كاتێك نوحی پێغەمبەر وتی بە كوڕەكەی وەرە لە گەڵماندا ولە گەڵ بێ باوەڕاندا مەبە و ئەویش قەبوڵی نەكرد تا ئاو سەری ئەو كێوەشی داگرت كە كوڕەكەی ئەوی لە سەر بوو بۆیە وەك رەحمی باوك و فەرزەندی بۆی جولاو وتی خوایە گیان ئەوە كوڕی منە و لە ئەهلی منە خوای گەورەش فەرمووی ﴿لَيۡسَ مِنۡ أَهۡلِكَۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيۡرُ صَٰلِحٖۖ إِنِّيٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾[٢]ئەو لە ئەهلی تۆ نیە ئەی نوح چونكە كەسێكی لاسار و خراپەكارو دور لە كردەوی چاكەیە من ئامۆژگاریت ئەكەم ئەی نوح كە تۆ لە جاهیلان و نەفامان بیت، ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِكَ أَنۡ أَسۡـَٔلَكَ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞۖ وَإِلَّا تَغۡفِرۡ لِي وَتَرۡحَمۡنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ [٣] حەزرەتی نوح علیە الصلات و السلام زانی هەڵەیی كردوە بەرامبەر بەخوا لە داواكاریە كەی كە كردویەتی یەكسەر گەڕایەوە ووتی: ئەی پەروەردگارم من پەنات پێ دەگرم كە جارێكی ترداوای شتێكی ترت لێ بكەم كە زانیاریم پێی نەبێت ئیستاش ئەگەر تۆ لێم خۆش نەبیت و بەزەیت پێمدا نەیێتەوە ئەوا لە زیانمەندان دەبم — وتم ئەی ئەوە نیە خوا ئەفەرموێ بە پێغەمبەرمان (ﷺ) ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَتَعۡلَمَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾[٤] وهەر وەها ﴿

[١] سورة هود
[٢] سورة هود
[٢] سورة هود
[٣] سورة التوبة

﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ١ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ٢ ﴾[1] ئەمە لە سەر ئەم پێشەوایانە کەوا خودا سەرزەنشتی تأدیبی و تعلیمیان دەکات- ئایا ئەمانە پیشەوان یان نە؟ بۆیە ئەویش بێ دەنگ بوو جا وتم ئەوە تو ١ساعت و نیوە قسە دەکەیت ئەوە ولاّمی ٤٠ دەقەی قسەکانت و دواتریش بە شێوەیەکی کورت وەلاّمی باقی قسەکانی ترم دایەوە و پێم وت برام خۆ تۆ ٣ساڵ پێش بەمنت دەوت دانیشتنمان هەڵەیە و بەردەوام داوات لەمن دەکرد کە وا جیهاد بکەین دژی ئەم حکومەتە ئێستا بۆ وا لە قسەکانی خۆت پەشیمان بویتەوە ؟ ئایا حکومەتەچاك بوە یان تۆ لێت گۆڕاوە؟! وتی والله بە هەر حاڵ من ئیستا دەرچون بە باش نازانم ئەگەرچی ئەو کاتە من بە باشم زانیوە، بۆیە پێم وت دەی بە دڵنیاییەوە لەم بڕیارەی ئیستاشت پەشیمان دەبیتەوە لە وەلاّمدا وتی: والله نازانم کێ ئەڵێ پەشیمان نەبمەوە منیش وتم برام دەی خەڵکمان لێ سارد مەکەنەوە تۆ کە هەر مودەتێك لە سەر مەرامێك بیت ئەوا ئیشەکانیش لە ئێمە وباقی موسڵمانانیش تێك دەدەیت .

لە راستیدا مەلا ناسر خوالێی خۆشبێ کاتێك من لەوێ بوّم زۆر قەپوقاڵی دروست دەکردوحەزی لە موناقەشە بو چونکە بەزۆری خەریکی خوێندن و موتالەعە بوومەعلوماتی باشی پەیداکردبو، وەبەردەوام لە گەڵ مەلا قادری پاوە موناقشەیان بوو ودایم دژ بە یەك قسەیان دەکرد، بەڵێ ئەوکاتەی کە چووم بۆ سنە بۆ دانیشتن لە گەڵیاندا براکان دەیانوت کاتێك مەلا ناسر قسەی دەکرد دەمانوت مامۆستا عبدالقادر هیچی پێ نیە باشە چی پێیە بۆ ئەم وتانەی کاك ناسر و دەیانوت کاتێك تۆ وەلاّمت دەدایەوە هەمو وتەکانی ئەوت هەڵدەوەشاندەو هەتا برایەك کە مامۆستایە و

---

[1] سورة عبس

ئیستاش ماوە دەیوت: مامۆستا عبدالقادر برام واللە ئێستا دەزانم کە هیچ نازانم ئێوە چەن رۆژێك جارێك ئاوا دانیشتنانێك دانێن تا ئێمەش ئیستفادە بکەین لە دوایشدا کە زانیان من چومەتە دەرەوە ومەیدانیان بۆ چوڵبوو کە بە کەیفی خۆیان قسە بکەن ئێمەیان بە یاخی دا لە قەڵم وەکۆمەڵێك مەلای ناوچەکە ئیمزایان کرد لە سەرمان کە دەرچونی ئێمە شەرعی نیە و ئیستاش ناویان و ئیمزاکەیان لە ناو کتێبی (تاریخ سیاسی اجتماعی پاوە و اورامانات/نوسینی بهرام ولدبیگی ص ٧٥١ نوسراوە) لە گەڵ ئەو وتارەی کە مەلا قادر قادری لە جومعەی ٢٨/١٠/١٣٦٣لە سەر دەرچونی ئێمە داویەتی، راستیان وتووە کە مێژو شەرمی لە کەس نیە و چاك و خراپ دەنوسێت .

نوسەر : ئەمە وتەی جەنابی مامۆستا ناسر سوبحانی بووە لە سەر دەرچون و جیهاد کە بۆ ماوەیەك لە سەرەتا لە گەڵ جەنابی مامۆستا بوە و وەعدی داوە بۆ خەبات و تێکۆشان و دواتر لێی پاشگەز بوەتەوە ئەویش بە هۆی چەن برایەکی ئاوارەی کوردستانی عێراق کە پاڵپشتی بوون و کاریگریان لە سەر جەنابی هەبووە ئەم وتەی جەنابی مامۆستا بۆمان دەر دەخات مامۆستا ناسر پێشتر لە سەر ئەو بیر و باوەڕە بووە کە وەعدی داوە بە مامۆستا کە وا سەمع و تاعەی هەبێت دواتر پیێ دەچێت تەئسیری ئەو برایانە لە سەری وای لێ کردبێت کە پاشگەز بوەتەوە و ئەمە پێچەوانەی وتەی ئەو برا بەڕێزەیە بەناو (عبداللە عبدالعزیز عەبدی)ە کە لە کتێبی (ژیاننامەی زانای گەورەی کوردستان مامۆستا ناسر سوبحانی) کە کاك هەردی صابرباسی لێوە کردوەلە کتێبی (پوختەیەك لە ژیاننامەی پێشەوایان) کە دەڵێت : **پیرۆکەی خەباتی چەکداری لە لایان مامۆستا**

ناسرو برایانی ئەو كاتەی ئێرانەوە بە توندی ڕەد كرایەوە، بەڵێ بەڵام ئەم برایە نەیوتوە كەی ڕەد كرایەوە و ئاگای لەو وەعد و پەیمانانە نەبووە كە پێشتر بە مامۆستای داوە ودواتر پاشگەز بوەتەوە بۆیە هەر كات ئەم جۆر نوسەرانە لە سەر بابەتی جمو جوڵی بزوتنەوەی ئیسلامی لە ئێران كاتێك دەگەنە نزیكی ئەم واقیعەیە باسی ناكەن كە بزوتنەوەیەكی ئاوا لە كوردستان بووە و شەهیدی داوە و ئیستاش چالاكی هەیە وەك ئەم برایە كە نەیوتوە ئەو كەسانە كێ بوون و یان كە باسیان كردوە بە خراپە ناویان هێناوە وەك بهرام ولدبیگی لە كتێبی (تاریخ سیاسی اجتماعی پاوە و اورامانات)وەك لەم كتێبەدا هێناومەكە ئەمەش پەردە پۆشینێكی حەق و راستیە لە سەر گوم كردنی ناوی ئەم بزوتنەوەیە و شەهیدەكانی بۆیە ئەم كتێبەم بەم ناوە دانا.

لە كتێبی تاریخ سیاسی اجتماعی پاوە و اورامانات نوسینی بهرام ولدبیگی بەشی وقایعی ساڵی ١٣٦٣هەتاوی بەرامبەربە ساڵی١٤٠٥كۆچی چاپی یە كەم چاپخانەی پەیام كە ناوەندی بڵاوكردنەوەی ئەم كتێبە تاران كتێبخانەی نشر ئیحسان بوو لە زستانی ساڵی ١٣٦٩هەتاوی كە ئەمە دەقی قسەكانی نوسەر و وتەكانی مەلا قادر قادریە سەبارەت بە بزوتنەوەی ئیسلامی كە دواتریش دەقی نوسینەكە بە زمانی فارسی لە كۆتایی كتێبە كەدا دەینوسینەوە انشالله .

دروست بونی حەرەکەتی بەناو ئیسلامی لە باینگان

دروست بونی ئەم حەرەکەتە دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەی دامەزرێنەری کە ئەو شەخسێکە بە ناو عبدالقادر تەوحیدی کە لە زانایانی ئایینی پێشوی عەشیرەتی ئیمامیە سەر بە قەزای باینگانە کە پێش لە سەرکەوتنی شۆرشی ئێران لە عێراق بووە و دوای سەرکەوتنی شۆری ئێران هاتوەتەوە بۆ ئێران و ماوەیەك لە گەڵ مەدرەسەی قورئانی پاوە و باینگان هاوکاری کردوە، لە پاییز ساڵ١٣٥٨ئەم کەسە توانای هاوکاری لە گەڵ مەدرەسەی پاوەدا نەما و ناچار چوە کرماشان و لە رادیوی کوردی کرماشان دەستی بەکار کرد، دوای ماوەیەك ئیش کردن لە رادیوی کرماشان بەشی کوردی واز ی لێ هێنا و دواتر گەڕایەوە ناو عەشیرەتی ئیمامی و بە هاوکاری چەن کەسێك لە عەشیرەتەکەی خۆی دوایی کۆمەڵێك فیکرەو بۆچونی وخاڵی تایبەت بە ئیسلامیان ڕاگەیاند کە ئەبێت حکومەتی ئێران پابەند بێت پێیان لەناو ئێران و ناوچەکەشدا دواتر بە هەڵخەڵەتاندنی کۆمەڵێك کەس ئیعلانی حەرەکەتێکی ئیسلامی چەکدارانەیەیان دەست پێکرد، ئەم جم و جوڵ و دەنگوباسە شایعەیەکی ژەهراوی دروستکرد سەبارەت بە ئەهلی سوننەت لە ناوچەکەدا کە بە زەحمەت و هەوڵی مامۆستایانی ئایینی و کاربەدەستانی حکومەت توانیان بەشێك لە ئەم نەفەرانە بگەڕێننەوە بۆ باوشی نیزام و

پەشیمانیان بکەنەوە وبەشێکیشیان لە شەڕ بەرامبەر بە حکومەت کوژران و ئیستا تەنها چەند کەسێکیان ماوە کە بە معاشی حکومەتی بەعس لە عیراق ژیانی زەلیلی خۆیان بە سەر دەبەن.

هەر سەبارەت بەم حەرەکەتە کە ڕوالێکی ئینحرافی بوو جەنابی مەلاقادری قادری[1] ئیمام جومعەی پاوە لە رۆژی جومعەدا لە رێکەوتی ٢٨/١٠/٦٣ لە وتار جومعەدا بە ئاماژە بەم جم و جولّە لە تێڕوانینی ئەهلی سوننەت هەڵسەنگاندنێکی کرد سەبارەت بەم بزوتنەوەیە کە دەنگوباسێکی قوڵی لە ناو خەڵکدا دروست کردبوو کە ئەمە دەقی وتارەکەیەتی .

[1] مەلا قادر قادری ئیستا ئیمام جومعەی شاری پاوەیە و حاکمە لە مەحکەمەی شاری پاوە و یەکێك لەو کەسانەیە کە هەر لە بیدایەتی شۆرشی ئێران هاوکاری نیزامی ویلایەتی فەقیە بووە و ئەو کاتە بەربەست بووە لە بەردەم ئەم جم و جولە ئیسلامیە

هەڵسەنگاندنی ئیمام جومعەی پاوە سەبارەت بە حەرەکەتی بە ناو ئیسلامی

دووسێ وتەی تر هەیە کە من بە شێوەیەکی کورت باسی لێوە دەکەم و بە باش و زەروری دەزانم کە باسی لێوە بکەم و ئێوە نوێژ خوێنانی لێ ئاگادار بکەم، وتەی یەکەمم ئەوەیەکەوا لە مانگی موردادی ڕابردوو لە ناو عەشیرەتی ئیمامی چەند کەسێك بە سەرپەرەستی جەنابی عبدالقادر تەوحیدی کە ڕابردوی دەناسین دەستیان داوەتە سیلاح و چونەتە ناو کێوەکانی ئیمامی و چەند داواکاریەکی خۆیان نوسیوە و لە ناو خەڵکیدا بڵاویان کردوەتەوە، ئاشکرایە کە ئەم کەسانە لە لایان خەڵکی گوندەکانەوە یارمەتی دەدرێن و خواردنیان بۆ دابین دەکرێت، ئەوەی ڕونە ئەوەیە کە تا ئیستا ئەم کۆمەڵە کەسانە شەڕی سیلاحیان ئەنجام نەداوە و نزیکی ١٥ تا ٢٠ کەس دەبن کە هەمویان چەکدارن و بمانەوێ و نەمانەوێت لە ئایندە دا دەبنە قەیرانێك و موشکیلە دەنێنەوە، کەسەبارەت بەم باسە ئێمە مامۆستایانی ئایینی لەم چەند حەفتەیەدا چەند دانیشتن و کۆبونەویەکمان کردوە کە بە باشم زانی ئەگەر چی وتارەکەشم درێژ بێت ئێوەیشی لێ ئاگادرا بکەم و وتەیەك لەم بارەیەوە بڵێم.

لە شەش ساڵی ڕابردو موسڵمانان شاهیدن کەوا لە ئێران ڕاپەڕینێ کرا بە ناو ئینقلابی ئیسلامی کە هەمو موسڵمانانی کورد و فارس وتورك و

شیعە و سونی بەشداربوون تێیدا چونكە بە ناوی ئیسلام بوو و ئیسلامیش خۆشەویسترین وشەیە لە لای موسڵمانان و حاكمیەتی قورئان تەنها داخوازی خەڵكی موسڵمانە، بە هەر حال دوای سەركەوتنەی شۆرشی گەلی ئێران كۆمەڵێك كە ئەم ئینقلابەیان بە دڵ نەبوو هاتن و گرۆ و حیزبیان دروست كرد و ناكۆكیان خستە ناو خەڵك و نیزام وئێمەی ئەهلی سوننەت لە پاڵ برایانی شیعەمان لە دروست كردنی ئەم ئینقلابە بە ئەندازەی توانایی خۆمان ئیشمان كردوە و كەمترخەمیمان نەكرد وهەروەك چۆن كەسێكی ئەهلی شیعە لە پێناوی ئەم ئینقلابە گیانی فیدا كردوە و ئیشی كردوە و نارزایەتی دەربڕیوە تا جارێكی تر بە مەزهەب و پیاوانی گەورەی مەزهبەكەی و مەدرەسەكەی ئیهانە نەكرێت كە مەدرەسەی ئەو هەر ئەو ئیسلامیە كەحاكم بێت لە باتی حاكمیەتی رۆژهەلات و رۆژ ئاواو یان ئازادی پڕلە فەساد و هەروەها ئێمەش ئا بەو شێوەیە لە پێناوی حاكمیەتی ئیسلام و قورئان خوێنمان داوە گەرچەندە شاراوە نیە كە ئێمە كۆمەڵێك موشكیلەمان هەیە كە برایانی موسڵمانی ناوچەكە لێی ئاگادارن كە ئێمە چەن جار ئەم موشكیلانەمان لای ئیمام و مەسئولەكان دركاندوە ولە لای ئەوان ئیشارەتمان پێ داوە و داوامان كردوە كە ئێمە موسڵمانین و بۆ ئەم ئینقیلابە یەك چركە ڕاوەستانمان نەبووە بەڵام ئێمە كۆمەڵێك داواكاریمان هەیە ئەگەر بێت و ئەم داواكاریانە جێ بەجێ بكەن ئەوە پێكەوە ژیانێكی باشتر و برایەتیەكی چاكتر و سەركەوتنی زۆرتر و ئنقیلابێكی خێراترلە هەمو شوێنەكان بلاو دەبێتەوە كە داواكاریەكانمان ئەوەیە كەوا لە ناوچە سوننی نشینەكان لە مەدرەسەكاندا فقهی ئەهلی سوننەت بوترێتەوە، لە كۆبونەوەكاندا سوكایەتی بە ئەسحاب نەكرێت كە هەمویان لای ئێمە

جێگای بایخن گەرچی لای برایان ئەهلی تەشیوع جێی بایخ نەبن نەكو ئەم ئیهانە و سوكایەتیە ببێتە هۆی دلّساردی ئێمەی ئەهلی سوننەت لە نیزام و ئینقلاب و ببێتە هۆی دو بەرەكی و لە یەك ترازان كە ئەمە كۆمەلّێك داواكاری بووە كە ئێمە بە بەردەوام داوامان كردوە بەلاّم نەمانداوەتە شاخ چونكە ئێمە لە سەر ئەم باوەڕەین كە لە ڕێگای چەك كە ئەمڕۆ ڕۆژئاواوا ڕۆژ هەلاّت هاتوون و دژ بەم شۆڕشە یەكیان گرتوە هیچ بزوتنەوەیەك سەرئەنجامی نابیّ و هیچ ئیشێك بە زۆر ناكرێت، ئەمە كۆمەلّێك داواكاری ئیمەی موسلّمانە و لە سەریشین، بەلاّم ئەو پیاوانە هاتوون و خۆیان كردوە بەوەكیلی شەرعی ئەهلی سوننەت و داواكاریەكانی ئەهلی سوننەت بە ناوی خۆیان و لە گەلّ كۆمەلّێك داواكاری تر ئیزافە كردوە وەكو دەرس وتنەوەی بە زمانی كوردی، چی و چی..... كە ئەمە كۆمەلّێك داواكاری ئەم كەسانەیە كە چونەتە شاخ كە ئەم چەند داواكاریانەیان داوەتە حكومەت كە بەشێك لەم داواكاریانەی ئەوان داواكاری منیشە كە ئێمە چەن جار ئەمانەمان لە لای مەسئولانی حكومەت ئاماژە پیّ داوە واتە من لە سەر ئەو باوەڕەم كەوا ئەبێت بە خەلیفەكانی ڕاشدین ئیهانە نەكرێت، سوكایەتی نەكرێت بە (ام المومنین) حەزرەتی عائیشە ڕزای خوای لیّ بێت لە حەفەلات و شوینی كۆبونەوەكان و لە ناوچە سونیەكاندا فقهی ئەهلی سوننەت بوترێتەوە، بەلاّم ئیشارە پێكردنی داواكاریەكان لە حكومەت وداوای جیّ بە جیّ كردنیان زۆر فەرقی هەیە لە گەلّ هەلّسانەوە دژی نیزامی حكومەت.

ماوەی ٥ مانگە مەسئولانی حكومەت سەبریان كردوە لە بەرامبەر ئەم جەماعەتە، ئینسانیش ئەبێت ئینسافی هەبێت كاتێك جەماعەتێك

چەكیان هەڵگرتبێت و چوو بنە شاخ دەی وەڵامیان هەر بە چەك دەبێت وئەگەر وەڵامی ئەمانەش بە چەك بدرێتەوە ئەوا خوێن دەڕژێت وكاتێكیش خوێن ڕژا ئەوا دوكەڵەكەی بە چاوو وزیانەكەی بۆ هەموانە، ئێمە لە ساڵی ١٣٥٨لە مەدرەسەی قورئانی پاوە ئیعلانمان كرد و دژایەتی خۆمان ڕاگەیاند و وتمان كە دامەزراندنی دەفتەری حیزبی دیموكرات لە پاوە بە واتای قومبەڵەیەكە كە بتەقێتەوەو هەمو خەڵكی ئەورامانات لە ناو دەبات بەڵام هیچ كەس قسەی ئێمەی قەبووڵ نەكرد و حەتا دەهاتن منیان محكوم دەكرد و دەیانووت حیزبی دیموكرات حیزبێكی عامیانەیە و خەڵكی لایەنگریانن بەڵام خەڵكی مەدرەسەی قورئان منالّن، بەڵێ ئاوایان دەوت بە ئێمە بەڵام لە كۆتایدا ئاشكرا بوو كەوا تێڕوانینی ئەوانە باش بوو كە بە منالّیان ناو دەبردین یان ئەوانەی كەوا جێی متمانەو رۆنشبیر بوون؟ ئیستاش داواكاری ئەم جەماعەتەش ئەگەر چی بەشێك لە داواكاریەكانیان راست و رەوا بێت بەڵام جم و جوڵ و دەرچونی ئەوان وای كردوە كەوا بۆ ماوەی ٥مانگە مەسئولانی حكومەتی توشی نارەحەتی كردوە و لە بیری ئەوەن كەوا چۆن لە گەڵ ئەم جەماعەتە مامەڵە بكەن و چۆن دژ بەم جەماعەتە بوەستنەوە، ماوەیەكە كە وا مەسئولەكانی حكومەت دێن وپرسیار دەكەن و لە گەڵ زانایانی ئایینی دادەنیشن وداوا دەكەن كەوا چی بكەین چونكە شێوازو داواكاری ئەمانە وەكو داواكاری و كاری كۆمەڵە و دیموكرات نیە ئەگەر وەكو ئەوان بونایە ئەوا پێویست بە پرسیاركردن نەبوو، موشكیلە كە لێردایە كە ئەمانە بە ناوی دین و مەزهەب و ئیسلام داوای كۆمەڵێك داواكاری دەكەن و ئەڵێن ئەگەر ئێمە بە چەك وەڵامیان بدەینەوە ئەوا تا بۆ كەسێك ڕوونە بۆ دە كەس نادیارە و دواتر دەڵێن ئەمە شەڕی

شیعەو سوننەیە بۆ حکومەت وەڵامی داواکاریەکانیان ناداتەوە ؟ ئەوا دەبینین دەنگ‌و باسەکە گەورەتر دەبێت .

بە هەر حاڵ زانایانی ئاینی بەدبەخت چی بڵێن، زانایان وەك سپەریان لێ هاتوە و هەر موشکیلەیەك ڕۆ دەدات یەخەی ئەوان دەگرێت، زانایان بڵێن چی؟ بڵێن ئەوانە شەل و پەت کەن؟ بە بێ ئەوەی چاولە داهاتوو بێت کە چی دەقۆمێت، یان بڵێن وازیان لێ بێنن و عەلاقەتان پێیانەوە نەبێت؟ بەتەئکید لە وەرزی بەهار و هاوینی داهاتوو ئەبینیت لە هەر شوێنیك هەر کەس نارەحەتیەکی لە حکومەت بێت چەك لە سوپاە.... دەبات و ڕا دەکات و دواتر دەبنە گرۆو تاقمێك کە حکومەت ناچار دەبێت بیدەنگ نەبێت و بۆ لە بەین بردنی ئەمانە دەست بەکار دەبێت و بۆ لە بەین بردنی ئەمانە لە قم وسیستان و بلوچستان خەڵك نایەت بەڵکو هەر لە خەڵکی ناوچەکە دەچن بۆ لە ناو بردنیان، دیسان دەبێت بەو مەتڵە کۆنەی (شینی فەرهادم تەواو نەکردن دینی خسروم ئامەن بە گەردەن)ڕاستە وئێمە تا ئیستا نەمان توانیوە باقی موشکیلەکانی تر کە ناحەزانی ئەم ئینقلابە دروستیان کردوە چارەسەریان بکەین، جا ئەو کاتەش کەوا چ شایەعاتێك لە ناو خەڵکی بلاو دەبێتەوە و وەڵامدانەوەش بۆ ئێمە سەختە گەرچەندە ئێمە وەڵامی خۆمان داوەتەوە و چەن جار لە گەڵ مەسئولانی حکومەت و زانایانی ئایینی پاوە و جوانڕۆ و باینگان دانیشتمان ساز داوە و مەسئولانی حکومەتی دەڵێن ئێمە دەتوانین یەك شەو بدەین بە سەریاندا و بە دیلیان بگرین و یان هەر هەمویان بکوژین و لە ناویان ببەین بەڵام گرفتەکە لێرەدایە چونکە مەسئەلەکە لە لای خەڵکی نادیارە وخەڵکی بێ ئاگا وعەوامیش لە کۆمەڵگەکەماندا زۆرە و بە شێوازێکی تر لە مەسئەلەکە دەگەن ولە

لایەکی ترە رادیۆکانی بێگانە بڵاوی دەکەنەوە کەوا شەڕی شیعە و سونیە وبڵاوی دەکەنەوە کەوا خەڵکی ئەورامانات بۆ لە ناو بردنی حکومەتی شاە ئەزیەتێکی زۆریان کیشاوە و خەڵکێی زۆریان لێ شەهید بووە کە چی ئیستا حکومەت خەریکە ئەو خەڵکە لە ناو دەبات و هەزران دەنگۆی تر کە وەڵامی ئەم موشکیلاتانە کێ بیداتەوە .

بە ڕاستی قسەی مەسئولانی حکومەت ڕاستە، بە هەر حاڵ ئێمە وتمان ئەگەر ئەم ئیشەی ئەوان لە ڕوانگەی فقهی یەوە وەڵام بدەینەوە تەماشا دەکەین بزانیین فیقە چیمان پێ دەڵێت، نیزامی حاکمیەتی وەلاتمان ئیسلامە و جمهوری ئیسلامیە و لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێك لە ناوجل و بەرگی ئیسلام هەستاوەنەتەوە دژ بەم حکومەتە ئیسلامیە کە حەرەکەتی ئەمانە وەکو حەرەکەتی خەواریجە کە دژ بە ئیمامی علی هەستانەوە، خەواریجەکان بە ئیمامی علیان دەوت ئێمە ئێوەمان قەبوڵ نیە و(لاحکم الاالله)یان کردبوو بە شیعاری خۆیان، ئیمامی عەلی رەزای خوای لێ بێت ئیبنو عەباسی نارد بۆ لایان لە نەهرەوان و وتی پێیان هەستانەوەی ئێوە دژ بە علی ناراستەو هەڵەیە و ئیزن بدەن کەوا خوێن نەرژێت ئێمە هێشتا واقیعەی جەمەلمان تەواو نەکردوە ئێستا بۆ موشکیلەیەکی تر دروست بکەین کۆمەڵێکیان وتیان ئێمە هەڵەمان کردوە و دەگەڕێنەوە ژێر سایەی حکومەت ئیسلامی و تاقمێکیش لەوان وتیان ئەگەر چی بمانکوژن ناگەڕێنەوە ئەگەر حکومەتی ئیسلامی توانایی هەیە با کۆمەڵێکمان بۆ بنرێت بۆ شەڕ، ئەوە بوو شەڕ هەستاو و نزیکی ٤تا ٥هەزار کەس یان کوژراو و لە ناو چون و ئەم شیوە داواکاریانە لە ناو ئیسلامدا پێشتر هەبووە .

لە کۆتایدا زانایـانی ئـایینی ڕایانگەیانـد کـەوا بچـن و لـە گەڵیانـدا دانیشن یان کەسێك بنێرن لە زانایانی ئایینی و ریش سپی تا لە گەڵیانـدا کۆ ببنەوە، ئەگەر شـایانی ئەوەیـە کـەوا بـێن و مـەسـڵەحەتی موسـڵمانان و ئـەهلی سـونەی ناوچـەکە و ئـەهلی شـیعە لـە بەرچـاو بگـرن کـە وا شـەڕ و پێکدادان ڕۆ نەدات ئەوە باشە چونکە مەسڵەحەت نیە ئەمڕۆ لە لایەکەوە لە گەڵ بەعس و کۆمەڵەوە و دیموکرات لە شەڕدابین و لە لایـەکی تـر بـێن لـە ناو خۆماندا شەڕێکی تر دروست بکەین لە بەر ئەوەی کەوا جـوین دەدرێـت بە حـەزرەتی عومـەر و حەتمـەن مەسـئولانی حکومـەتیش تـەوهین ناکـەن و دەڵێن نابێت تەوهین بکرێت، من خۆم بە ڕاستی زۆر لەم فیتنەیە دەترسم و حەزم دەکرد کەوا هـەرگیز شـتی وام نەبینایـە گەرچـەند ئێمـە لـە شـوێنێك بەشێك لە خەڵکانی عەشیرەتی ئیمامیمان کۆ کردەوە و لـە گەڵیانـدا وت و وێژمـانکرد کەوا عـەشیرەتی ئیمامی بەڕاستی عەشیرەتێکی زەحمـەت کێشـن و بۆدیفاع کردن لەم ئینقلابە زیاتر لە ٣٠ شەهید و کەم ئەنـدامیان داوە و لە شەڕی نروێ و نەوسود لە ساڵ١٣٥٩دوو کەسیان بێ سەرو شوێن بوون و تەنها تایفەیەك بووە کە لە ئەوراماناتدا دەستی بە دینەوە گرتوە و دینداری خۆیان بە جوانی کردوە کارێ بکەن کەوا نەوەك بە هۆی ئـەم حەرەکەتـە ئـەم عەشـیرەتە بسـوتێت و خـەڵکی تیـا بچـێت بـە حەقیقـەت حکومـەتیش لـە ئاستی ئەم کارەیان بێ دەنگ نـابێ و تـەحمولیان ناکـات سـبەینێ دەبیـنین یان سوپاەی پاوە دەنێرێت بە دویانـدا یـان سـوپای باینگـان و ئـەوەی لـەم بەینەدا دەکوژرێـت یـان پاوەییـە یـان لـە خـەڵکی باینگانـە یـان خـەڵکی گوندەکانی ئەم ناوچەیە ئێوە ئەگەر تـا دوێنـێ بـەناو کۆمەڵـە و دیمـوکرات کوژراوتـان داوە ئەمـە هیچـی تێـدا نیـە و شـانازییە بـەڵام ئیسـتا ئـەم

مەسئەلەیە وەکو ئەوان نیە ئێمە چیمان پێکرا بۆ پەشیمان کردنەوەی ئەم جەماعەتە کردمان و تا توانیمان بەرگریمان کرد لە ئەم جم و جوڵە و ئیتر[1] .....

لە کۆتایدا ئەمەویٚ بڵێم ئەم گروپەی کەوا چەکیان گرتوە بە دەستەوە ئەگەرٍ ئەمرِۆ لە گەڵ حکومەتدا نەکەونە شەرٍ کردن ئەوا سبەینی هەر دەرگیرِ دەبن و کوشت و کوشتار دروست دەبێت و تا کەسێك نەکوژراوە و ئیشەکە چارەسەر دەکریت ئەوا ئیشی بۆ بکرێت دواتر دەبینن کەوا هەر ئەم خەڵکە نویژکەرە رخنە لەمن و لە مەسئولانی حکومەت دەگرن، لێرەدا من وەکو تەلەبەیەك و یان وەکو موسڵمانێك ئەم حەرەکەتەی کە ئەم پیاوانە دەستیان پێکردوە حەرەکەتی چەکدارانە کە گوایە دیفاع لە مافەکانی ئەهلی سوننەت دەکەن **واللە من قەبوڵم نیە و ئیدانەی دەکەم** وبە مەسڵەحەتی موسڵمانان و بە مەسڵەحەتی میلەتمان نیە و من بە مەسڵەحەتی ناوچەوکەشی نازانم مەبەستی من ئەوە نیە کەوا ئیهانە کردن هەبێت نا من دیسان دەیلێمەوە کەوا نابێت ئیهانە بکرێت بەڵام لابردنی ئەم جۆرە نارەحەتیانە چارەسەریان بە چەك نازانم و چارەسەرکردنیان بە چەك نیە، لە کاتێکدا کەوا ئێستا شەرق و غەرب دەستیان لە دەستی یەك ناوە بۆ روخاندنی ئەم شۆرِشە و ئەیانەوێت شەرِی شیعە و سونی هەڵگیرسێنن کەچی کۆمەڵێك دەست بدەنە چەك و کۆمەڵێك منالی مەدرەسەیی فریو بدەن وسبەینیٚ دەبێت وەڵامیان بدرێتەوە دەی با موسڵمانان بە ئاگا بن

---

[1] ئەمە خۆی باشترین بەڵگەیە بۆ دونیا و بۆ قیامەت کە نەیاران ئیسلام و حاکمیەتی قورئان هەر دەم هەوڵیان داوە کە موسڵمان لە دیفاع لە خاك و ئاو وبیرو باوەرِ پاشگەز بکەنەوە و بە بەردەوام لە مێژوی ئیسلامدا ئەم جۆرە کەسانە گەورەترین خەسارەتیان داوە لە بلاوە پیٚ کردنی پەیامی خوایی.

ئەمە بۆچونی ئێمە و خۆیشمە کە من بۆچونی خۆم دەڵێم و عەلاقەیەکم بە بۆچونی کەسانی تر نیە و لەوانەشە کەوا بۆچون هەبێت هاوڕابێت و بۆچونیش هەبێت دژی بۆچونەکەم بێت، من تەنها ئەوە دەڵێم ئەمڕۆ ڕۆژهەڵات ورۆژئاوای مولحید دەستیان تێکەڵکردوە بۆ روخاندنی ئەم ئینقلابە و هەر بزوتنەوەیەك کەچەکداری بێت کە ئەبێتە هۆی لاوازکردنی نیزامی ئینقلاب ولاواز بوونی موسڵمانان ناتوانم بە چاکی بزانم و لە لای منەوە رەفزە و ئەمە ئەوە ناگەینیّ کەوا بلّێن ماموّستا ماموّستای حکومەتە بەڵکو ئەمە دین و ئیمانم پێم دەڵێت و ویجدانم ئیجازەم پیّ دەدات کەوا بلێم، بەهەر حال ئەم دەنگوباسە بە مەسلەحەتی ئەورامانات و موسڵمانان نیە وئاگرێکە کە هەڵگریساوە و دوعای خێربکەن کەوا خودا ئەم مەسئەلەیە بە شێوازێك کە بە سودی ئیسلام و موسڵمانان و گۆمەڵگا بێت تەواو ببێت، ئەم جەماعەتە گەرچی کۆمەڵێك داواکاریان خستوەتە ڕوو کە پێشتر ئێمە ئەمانەمان گەیاندوە بە مەسئولانی دەوڵەت بەڵام بزانن ئەمانە نوێنەری ئێمە نیین کە بە کەیفی خۆیان هەرا دروست بکەن و٢٠تا٣٠کەس بێن داواکاری بە چەك داوا بکەن، ئەوا ئێمە ئەوەی کە بە قازانچی ناوچەکەمان بوو لە رێی عەقڵی و نەقلی باسم کرد، و هێوادارم جارێکی تر لە وتاری جومعەدا باسی ئەم جۆرە حاڵەتانە نەکەین و ئەم واقیعەش پشت بە خوا هەرچی زوتر کۆتایی پیّ بێت.

بڵاوكراوەی زانایانی ئایینی ناوچەكە سەبارەت بە بزوتنەوەی ئیسلامی

لە رێكەوتی ٢٧/١٠/١٣٦٣كۆبونەوەیەك بەسترا بە ئامادەبونی مامۆستایان واژوكراو و مەسئولەكانی دەوڵەت لە ماڵی ئیمام جومعەی جوانرۆكە پاش دانیشتن و موناقشە لە سەر ئەم بابەتە و تێڕوانینیان لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە رێكەوتن:

١) ئیعلانی ئامادەیی و یەكریزی هەمو برایان بە ڕابەری ئیمام خومینی و بیعەتی دوبارە لە گەڵ خومینی و نیزامی جمهوری ئیسلامی .

٢) بناغەی وتەكانمان شەڕ لە گەڵ سەدامدایە كەوا تا كۆتایی دەسیسەكانی زل هێزان و كوفرو فەساد و لابردنی فیتنە دانانیشین.

٣) هەر جۆرە ئیش و جم وجوڵێك كە دژ بە یاساكانی نیزامی جمهوری ئیسلامی بە ڕابەری خومینی بێت جێگای قەبوڵكردنی ئێمە نیە و ئیدانەی دەكەین و بزوتنەوەی چەكداری بەناو ئیسلامی لە ناوچەكە جێگای وەرگرتن نیە ولای ئێمە مەحكومە.

٤) برایانی مەسئولی حكومی بۆ دواین كات مەجالێكی تر بدەن بە كەسوكاری ئەمانە تا ئەگەر ئەندامانێكی ئەم حەرەكەیە ئەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ناو نیزامی حكومەت لێبوردنی گشتیان بۆ دەر بكات.

ئەو مامۆستایانەی کە ئیمزایان کرد

١) ملاعلی فخری
٢) ملا احمد فخری ئیمام جومعەی جوانڕۆ
٣) ملا صالح عابدی
٤) ملا رستم حسینی
٥) ملاعبدالله غفوری
٦) ملاسید جعفر حسینی
٧) ملااحمدشێخی ئیمام جومعەی سەلاس
٨) ملااحمد منوچهری
٩) ملا احمد محمد خانی
١٠) ملاحسن صدیقی
١١) ملامحمد خانی
١٢) ملارحیم فخری
١٣) ملاصالح محمدی
١٤) ملاتاهر بهرامی
١٥) ملاعلی موزەفەری
١٦) ملامحمدرشید موزەفەری
١٧) ملاسیدجبار فەرەجی
١٨) ملاقادر قادری ئیمام جومعەی پاوە

نوسەر: بەڵی زۆرن ئەوانەی کەوا دەم لە یاسا و رێسای ئیسلام دەدەن بەڵام کاتێك کە کاتی جیّ بە جیّ کردنیان دێت وەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ٣٨ ﴾[١] ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە چیتان لیّ قوماوە کاتێك پێتان دەوترێت دەرچن بۆ جیهاد لە پێناوی خودا خۆتان دەگرنەوە بە زەویدا وەکو ئەوەی باوشی پێدا کەن و خۆتان قورس دەکەن ئایا رازی بوون بە ژیانی دونیا لە بەرامبەری ئاخیرەت دا، بزانن ژیانی و مەتاعی دونیا لە بەرامبەری ئاخیرەت دا شتێك نیە جگە کەمێك نەبێت. بۆیە منیش ئالێرەدا دەڵێم باشە وەڵامی ئەوانە بۆ رۆژی قیامەت ئەبیّ چی بێت لە بەردەم دادگای عەدلی ئیلاهی دا، کاتێك زاڵم ماڵ و سامانی موسڵمانان داگیر دەکات و بیروباوەڕیان بە عەزاب دەزانێت و ئاوارەو دەربەدەریان دەکات و منداڵیان هەتیو دەکات و ژنانیان بێوە ژن دەکات و گەنجەکانیان فێری تریاك و هیرۆئین دەکات وبژێوی ژیانیان لیّ تەنگ دەکات، ئەبیّ ئەوانەی وا پاشگەزبونەتەوە لە جیهاد چۆن وەڵامی خودا بدەنەوە کاتێك لە بەردەم خوادا لە سەرای مەحشەردا پرسیاری خوێنی مالك و عوسمان و نجیم وموحەمەد رشیدیان لیّ بکرێت کە بۆ بە تەنگیانەوە نەچون یان بۆ جاسوسیتان لەسەر دەکردن ئەبێت چۆن وەڵامی ئەو خوایە بدەنەوە کە ئەفەرموێت: روخاندنی کەعبەم لائاسانترە لە رشتنی خوینی موسڵمانێك بە ناحەق و پێغەمبەرمان(ﷺ) دەفەرموێت ((قتل

---

[١] سورة التوبة

المؤمن أعظم عند الله من زوال الدنيا))[1] واتە کوشتنی ئیماندارێك لای خوا گەورەترە لە ناوچونی هەمو دونیا، ئایا خوێنەکانیان بە ناحەق نەبوو دەی چۆن بێدەنگ بوون چۆن مامۆستایان ئیمزایان کرد بۆ حکومەتی شیعە کەوا ئەمانە یاخین و خەوارجن، خوایە گیان پەنات پێ دەگرم لەو رۆژەی کە زۆڵم لە کەس ناکرێت و دۆڕاوەکان سەرشۆڕ دەکەیت وە حەقەکان وەردەگریت، خۆزاگایە دەمزانی هەر ئەوانەی کە ئیمزایان کۆ دەکردەوە کەوا ئەم حەرەکەتە ناشەرعیە و دڵی دوژمنانیان پێ خۆش دەکرد ئیستاش دوای ٢٩ساڵ، دوای کوشتنی ئەو هەمو زانای ئەهلی سوننەتە کە لایزال ئیستاش هەر بەردەوامە لە کاتێکدا وەعدیشیان دابوو ئایا هەر ئیستاش دوای ئەو هەمو قەتڵ و عامەی ئەهلی سوننەتە هەر ئەڵێن حەرەکەتی ئیسلامی ناشەرعی بووە یان پەشیمانن و تەوبەیان کردوە، ئایا وێنەی ئەم نوسەرە کە کتێبی (تاريخى سياسى پاوە و اورامانات) ی نوسیوە ئایا پێش ئەوەی دەست ببەن بۆ قەڵەم خوایان بە حازرو نازر نەبینیوە لە سەر خۆیان کە هەرچیەك پێیان خۆش بووە نوسیویانە، کاتێك دەبینین کۆمەڵێك بۆ رزگاری خاك و نیشتمان و بیر و باوەڕی ڕاستەقینە گیانی خۆیان فیدا دەکەن کەچی ئەم نوسەرە دەنوسێت کەوا مامۆستا کۆمەڵێك خەڵکی خەڵەتاندوە و یان دەڵێت ئیستا لەم جەماعەتە چەند کەسێك ماوە کە لە عێراقدا دەژین و بەسەر شۆڕی بە معاشی حکومەتی بەعس ژیان بە سەر دەبن لێرەدا پێویستە بڵێم برام یەکەم ئەوانەی کە ماڵ و منداڵی خۆیان بە جێ هێشت و ترس و برسیەتی و سەرما و گەرمایان قەبوڵکرد بۆ سەربەرزی و ئازادی خاك و کەلتور و زمان وفەرهەنگ و ئایینی

---

[1] صحيح الجامع حديث صحيح رقم ٤٣٦١

میلەتەکەمان بوو کە بەڕێزیشتان یەکێکن لە خەڵکی ئەم میلەتە و ئەبوایە وەك نوسەر موسڵمانانە دادوەریت بکردبایە و زەحمەتی ئەمانەت بێ کەڵك سەیر نەکردبایە و هەر ئەم بێ نرخ سەیر کردنی خەڵکە بوو کە حکومەت بێ ترس پەلی هاوێشت بۆ لە ناوبردنی ئەم موجاهیدانە لە کاتێکدا حکومەت پێشتر داوای دانیشتنی لێ کردن و بە ناردنی نوێنەری خومەینی لە مزگەوتی سەرەوەی بانەوڕێ دانیشتنی کرد لە گەڵیاندا، دوهەم چۆن وەڵامی خودا دەدەیتەوە کاتێك دەڵێت ئەمانە بە معاشی حکومەتی بەعس دەژین، ئایا ئەم نەوعە کەسانە ناترسن لە خودا لەو بوهتانانە کە هەڵی دەبەستن تەنها بۆ ئافرینێکی دوژمن ؟ دەی خۆ ئەوانەش کە قسەیان هەڵبەست بۆ دایکی ئیمانداران عائیشە رزای خوای لێ بێت هەر تۆمەتێکی نارەوای ئاوا بوو، برای نوسەر ئایا زەحمەت کێشان وشەهیدی لە پێناوی دیفاع لە قورئان و پێغەمبەر و سەحابە و دوری کردن لە زاڵم و بەرانگار بونەوەی ،ئایا ئەمە پەیدا بونی جم و جوڵێکی ئینحرافیە؟ یان رێگەی ١٢٤٠٠٠پێغەمبەرە سەلات و سەلامی خوایان لە سەر بێ کە خوای گەورە دەفەرموی ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٦﴾ ﴾[١] بێ گومان ئێمە رەوانەمان کرد بۆ هەر قەوم و نەتەوەیەك پێغەمبەرێك تا خەڵکی بە تەنها عیبادەتی خودا بکەن و ڕوو لە زاڵم و تاغوت و سەرەڕۆ وەر چەرخێنن و دورکەونەوە لێیان کە بەشێکیان خوای گەورە خۆی رێنمونی

[١] سورة النحـــل

کردون و کۆمەڵێکیشان بە هۆی لاساری و خراپی خۆیانەوە سەر لێشێواوی و گومڕا بونیان بۆ بڕابویەوە، دەی لە سەر ئەرزی خودا بگەڕێ و سەیر کە کۆتایی درۆزنەکان (ئەوانەی پەیامی خودایان بە درۆ دەزانی و گاڵتەیان پێ دەکرد)چیان بە سەر هات، ئەی ئەوە نیە دوای ۳٥ سال تا ئیستا حکومەتی شیعە ئیزنی کردنەوەی مزگەوتێکی نەداوە بۆ ئەهلی سوننە لە تاراندا کە خواپەرەستی خۆیانی تێدا بکەن لە کاتێکدا خوای گەورە دەفەرموی﴿ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ أَن يُذۡكَرَ فِيهَا ٱسۡمُهُۥ وَسَعَىٰ فِي خَرَابِهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ مَا كَانَ لَهُمۡ أَن يَدۡخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَۚ لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١١٤﴾ ﴾[1] ئەبێ کێ هەبێ لەو کەسە زاڵمتر کە خەڵکی مەنع بکات لە ماڵەکانی خودا کەوا عیبادەت و یادی خوایان تێدا بکرێت و ویان هەوڵیان رۆخاندنی بێت بەڕاستی ئەمانە هەر نە دەبو بچنە ناو مزگەوتەکانەوە چ جای ئەوە بیانروخێنن (واتە ئەبوایە موسڵمانان ئەوەندە بە عیزەت بونایە کافر و زاڵمە کان جورئەتیان نەکردبایە بیانروخێنن)بۆ ئەمانە سەر شۆری هەیە لە دونیا ووهەر بۆ ئەمانەش تۆڵەیەکی گەورە هەیە لە قیامەتدا، بۆیە پێویستە ئیمانداران ئاگادارین لەو وشانەیان کە دەیڵێن و دەینوسن چون چاك و خراپ گوم نابێت ئەگەر هاتوو بە نوسراویش نوسرا بێت﴿ مَّا يَلۡفِظُ مِن قَوۡلٍ إِلَّا لَدَيۡهِ رَقِيبٌ عَتِيدٞ ﴿١٨﴾ ﴾[2]واتە هیچ وشەیەك لە دەم نەهاتوەتە دەرەوە ئیلا ئەو دو فریشتە کە مەئموری سەرشانی مرۆڤن دەینوسن، کەوا بوو نوسەری دایك و

---

[1] سورة البقـــرة
[2] سورة ق

باوك موسڵمان چۆن دیفاع لە زاڵمێکی ئاوا دەکەن ؟ ئەی ئەوە نیە الله سبحانه و تەعالی دەفەرموێ ﴿ وَلَا تَرْكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنْ أَوْلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿١١٣﴾ ﴾[1] مەیل مەکەن بۆ لای زاڵم بێگومان ئاگری جەنهم دەتان گرێتەوە و جگە لە خواش هیچ یارمەتی دەرێکتان بۆ نابێت لەو ئاگرە رزگارتان بکات پاشانیش هیچ یارمەتی دەرێکتان نیە.خوای گەورە ئاوا هەرەشەمان لێ دەکات کە بە قەد میسقاڵە زەرەیك مەیل نەکەین بۆ لای زاڵم کەچی بە داخەوە کۆمەڵێك هەن هەمیشە لە نافەرمانی خودا دا دژین، ئەی ئەوە نیە تا ئیستا زیاتر لە ٦٠ زانای ئاینی سونیەیان شەهید کردوە، ئەی ئەوە نیە تا ئیستا ئیزنی کردنەوەی مزگەوتێکیان نەداوە بۆ ئەهلی سوننە لە تاران، ئەی نەتانبینا مزگەوتی شیخ فەیزیان روخاند بە قورئانەکانی ناویشی لە مەشهد و کردیانە باخچە، ئەی نابینیت تا ئیستا رۆڵەکانی ئێمە بۆیان نیە لە بەشی فرۆکەوانی و پۆستە باڵاکانی حکومەت دەستیان هەبێت، ئەی تەعەداو خوێن رشتنی خەڵکی ئێرانتان نەبینا لە ساڵی ١٣٨٨و تەعدا کردن بە سجنیەکانی کەهریزەك وسەدان شتی دیار و نادیاری ئەم حکومەتە ئەی سەفاحی ئیستای نابینن کە چۆن لە سوریادا ژنان و منداڵان دەسوتێنن و تیکە تیکەیان دەکەن دەی چی وەڵامێکتان هەیە بۆ خودا لە بەرامبەر تەئید کردن و پاڵپشتی ئەم حکومەتە زاڵمە ، وا ئیستا ئەوانەی کە جەنابی مامۆستا و هاوکارەکانیان داوایان دەکرد و بەرگریان لێ دەکرد و هەوڵیان بۆ دەدا کە رو نەدات ئەوەتا عاقیبەتەکەمان بینائەگەر لە سەرەتای ئەم

---

[1] سورة هـــــود

جیهـاد و خەباتـە لـە بـاتی بـە خـەواریج ناسـاندنیان پاڵپشـتیان بکردبایـە بێگومـان دەستیان نەدەچوە خوینی مـامۆستا رەبیعـی و سـوبحانی و زیـائی وفرساد و دامـەنی و موزەفەریان و دەهاودەهای تر هەر وەك چۆن حەزرەتی عەلی لە کاتی شمشێر لێدانی فەرموی (حینَ قَتَلَ عثمـان قُتِلْـت)واتـە مـن هەر ئەو کاتە کوژرام کەوا عوسمانیـان کوشـت و تۆڵـەمان نەسـەندەوە بۆیـە توانیان دەست بۆ منیش درێژ کەن ، وا ئیستا دوای ٣٥ساڵ دەبیبیـنین ئـەو هەمو زانا و عالمە شەهید کران و ئـەوەی کـەوا زانـاو نـاودارو لێ هاتوبێـت حکومـەتی شیعەی ئێران شەهیدی کردوە و یـان لـە نـاو سـجنەکاندایە یـان وێنە جەنابی مـامۆستا لـە دەرەوەی وەڵات دەژیـت، وەئـەبینین ئەگـەر کـاتی راپەرینی مـامۆستا دژی رژێمی شیعەی ئێران خەڵکی سوننە لـە کوردسـتان و شوێنانی تر پشگیریان لێ بکردایـە و مـامۆسـتایانی میحـراب و مینبـەر روی ڕاستەقینەی ئەم ئایینە پیرۆزەیـان بـۆ خـەڵکی پیشـان بدابایـە لـەباتی ساردکردنەوەی خـەڵکی لێیـان پشـتیان بگرتایـە بـە تەئکیـد ئـەو کاتـە بەرهەمێکی باشی دەبوو بۆ ئەهلی سوننە و چیتر وەك ئیستا کە هەن ئەگەر باشتر نەبونایە خراپتر نەدەبوون و ئەگەر هـەر هـیچ نەبوایـە ئـا بـەم شـێوەیە قەتڵ و عامی زانایانی ئەهلی سوننەیان نەدەکرد و حسابێکی تریان دەکرد بۆیان و لە ئێران دا هاوەڵاتی ژمارە دوو نەدەبوون وەهەر لەم ڕۆژانـەدا دیـم کەوا وەزارەتـی پـەروەردەی کرمـاشـان دەوام کردنـی تەلەبـە بـە جلوبـەرگی کوردی لە ناوچە کوردیەکان قەدەغە دەکات، بەڵی ئەو کاتە شەڕ شەڕی بـیر و باوەڕ بوو مادام خەڵکی بە گشـتی و مـامۆسـتایانی ئـایینی بـە تایبـەتی لێی بێدەنگ بـوون و هەڵوێسـتیان نەنوانـد ئـەوەتا ئیسـتا گەشـتوەتە ئـەو قۆناغەی کەوا جل و بەرگی قەومی خۆیان لێ قەدەغە بکەن و ئەمـە ئیشـی

كوفر و دوژمنـانی ئـەم دینەیـە كـەوا بـەردەوام كـارو چـالاكیەكانی خۆیـان قوناغ بە قۆناغ ئەنجام داوە و بۆ سەركەوتنی ئیشەكانیشیان پشوو درێژو بـە تەحەمولن و بە بەرنامەن وەك بەرنامەی (سونی زدائی) كە ٥٠سـاڵیان بـۆ داناوە كە حكومـەتی شـیعەی ئێـران لـە سـەرەتای ئیـنقلاب ٥٠ سـاڵی بـە بەرنامە داناوە بۆ لە بەین بردنی ئەهلی سوننەت و لە لایەكی تر بانگەشەی حەوتەی وەحدەت دەكات واتە حەوتەی برایەتی بـەینی شـیعە و سـوننە وبـێ ئاگان لەوەی كـە خـودا جـل شـأنە دەفـەرموێ ﴿ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ ۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴿٣٠﴾ ﴾[1] واتـە بیركـەرەوە لـەو كاتـەی ئـەی موحەمـەد كـەوابێ بڕوایـان ئەیانویست فرت و فێڵت لێ بكەن بە دەست گرتن بە سـەرتا یـان بتكـوژن یان دەرت بكەن وئەوان فرت و فێڵیان دەكرد وخواش فـرت و فێڵـەكانیانی ئەدا بە نێوچاوانی ئەوانـدا و خـواش باشـترین كەسـە كـەوا فـرت و فێڵـی دوژمـنان پوچەڵ بكاتەوە (وخوا گەورەتر لەوەی كەوا كەسانێك بتـوانن ببنـە بەربەست بۆگەیاندنی پەیامەكەی) .

مامۆستا: دوای گەڕانەوەمان لە سنە و چاك بونەوەی حاڵی برادەرەكەمان كە مار پیوەیدابوو بۆ دواجارلە ١٣٦٣/٥/٢٥ بە دڵێكی بێ ئومیدانە بە ئەوانەی كە وەعدیان دابوو ونەهاتن وئومێدێكی گەورە كە پشت بەستن بوو بە خودا ڕومان كردە چیاكانی كوردستان وهەتا مامۆستا یەك، جارێك قورئانی هێنایە رێگام كە واز لەم خەباتەم بێنم لە پێناوی خودادا منیش قەبوڵم نەكرد وئەویش وتی ئەم قورئانەم دا بە گژتا منیش

---

[1] سورة الأنفال

وتم وامدەزانی هیمەتم دەدەیتێ نەمدەزانی قورئان ئەدەی بەگژمدا جا کە هاتمە خاکی کوردستان دوای ئەو هەمو نارەحەتی و شەڕشۆر و کوشتن و برینە ونەبونی هیچ جۆرە یارمەتی و پاڵپشتیەك ناچار ئەو جەماعەتی کە لە گەڵمدا بوون پاش شەهید بونی چەند کەسێکیان و تەسلیم بونەوەی چەند کەسێکی تریان بە ڕژێم چەند کەسێکی کەمم لە گەڵدا مایەوە وئەوانیش نەیانتوانی بەرگەی ئەو بارودۆخە سەختە بگرن و بەرەو هەندەران ڕۆیشتن و بە تەنها مامەوە جا لە باتی بەدەمەوە هاتن و ئەسەف خواردن و بیر لە ئایندەی موسڵمان کردنەوە بیستم کەوترا بوو قورئانمان بۆ برد بە گوێی نەکردین بۆیە وایان بە سەردا هات، لە ڕاستیدا ئەمە جیگای داخە کە کەسانێکی زانا کە خۆیان بە خەمخۆری دین بزانن ئاوەها بیر لە ئایین و تەلاش و زەحمەتی موسڵمانان بکەنەوە بۆیە منیش وام بە چاك زانی وئەم چەند دێڕە شیعرەم نوسی:

قورئانمان بۆ برد ئەوکارە نەکـــــا   بە گوی نەکردین بۆیە وا شکا
بەڵێ ڕاستەکەن قورئانیش هێنـــــرا   لە باتی بەڵگە بە گژما کـــــرا
واتە: تۆقورئان بە گویی خوا مەکە   قورئان چی ئەڵـێ تۆ وەها مەکە
نەفسم بەو قسە زۆر کەیفی ئەکرد   هەر دەم سەد بەڵگەی کەڵەکە ئەکرد
بۆ دانانیشی خەریکی کەیف بی؟   لە خانوی چاکدا وسێبەری دار بی؟
لەم کەژو کێـــــوە رەفیقت تۆزە   مێشولەو خاکـــــە هەم سیرە مۆزە
ئاسمـــــان لێفتە دۆشەکەت ئەرزە   عاقڵ زۆر کەمە و هەزاران هەرزە
قیامەت کە هات هەیە وەڵامت   لە من زاناتر هێنـــــای کەلامت
ئەم قسەو باسە مێشکی هەژاندم   بینای چەند ساڵەی تەواو لەرزاندم
زۆری نەمابوو لادەم ئەی یاران   خێـــــرا ئاوڕێکم داوە لە قورئان

نەم دی بەڵگەیەك قەناعەتم کات   تا لە دوا ڕۆژدا ڕزگـــارم بکات
هەموی هێرش بوو بۆ سەرستمکار   دژی ژێر دەستەو زانـــای ڕیاکار
ئەوەی کە هەوڵی ڕاستی نەدابوو   ناوی نزمی ئەو تۆمار کـــرا بوو
بەرزە ئەو زانای لە سەر ئایین بێ   نزمە ئەو زانای لادەر لـە دین بێ
سەگ وگویَ درێژ وێنەن لە قورئان   بۆ ئەهلی عیلمی لادەر لە قورئان
سوپاس هەر بۆ تۆ ئەی خودای زانا   تاریکیت لابرد ڕۆناکیت هێنـــا
خۆت فریادرەسی کەسی بێ کەسان   لادە ئەم وەزعە و کار بکە ئاسان
هەرتۆی پەناهی ئەی خاوەن پەناە   لە پەنای خۆتدا نەمکەی بێ پەناە
جامنیش دەستم لە هەمو شۆری   بمرم سەربەرزی نەك بە سەر شۆڕی
سپاردم بە خوا ماڵ و خێـــزانم   هەر خۆی خاوەنە بۆ ماڵ و گیانم
دونیا پەرەستان با خۆ هەڵکێشن   چاکتـــر بخۆن و شیکتر بپۆشن
هەرچی تاوانە بێ پەروا بیکـــەن   نەك هەژدە کەسیان سەدیان ئیمزا کەن
یەك موو لەخواستی خودا کەم ناکات   خۆیانن دۆڕاو خوا ستەم ناکات
ئاگات لە خۆ بێ و باشی بزانـە   لە بەردەمتـــایە سەنگ و کێشانە
هاتنی سەر دونیات بۆ ئیمتیحانە   تا لە قیامەت نەتبێ بەهـــــانە
بابای قورئان خۆین چاکی بزانە   عەمەل بە مانای مەرجی ئیمـــانە
قورئانەو نوێژەو زیکرەو ڕاپەڕین   نەخۆی بۆ قورئان قەڵەو بیت بۆ ژین
لە ناو مێژودا قارون ناو زۆر بوو   هەر لەعن و نفرین بۆیان تێشوو بوو
سەیرکە ئەوانەی بۆ دونیا ژیان   کزن، سەرشۆڕن، مـــردن، نەژیان
ئەوانەی کەوا بۆ خودا سوڵحان   نەمـــردن ئەوان مـــەردانە ژییان

دوای ٢مانگێك نەفەراتمان گەشتە ٢٨ کەس کە ئیشی دەعوەمان دەکرد و هەر جارێك لە شوێنێك لە گەڵ کۆمەڵێك لە خەڵکی دا کۆ دەبوینەوە و باسی ئیسلام و زوڵمی حکومەتی ئێرانمان بۆ دەکردن، وەهەر وەهاش جوابمان نارد بوو بۆ خەڵکە کوردەکەی خۆمان کە پاسدار بوون کەوا بە دواماندا نەگەڕێن با توشی شەڕ نەبین چونکە حکومەت حەز دەکات شەڕی برا کوژیمان پێ بکات و بەردەوام خۆمانمان لێ دور دەگرتن، هەتا ئەگەر کەمینێکیشمان بکردایە ئەوا ئەگەر کوردمان تێیدا ببینایا ئەوا بێدەنگ دەبوین تا بچونایە لە بەر ئەوە خوێنی کورد نەڕژێت چونکە دەمانزانی حکومەت ئەیەوێت ئەوشەڕی براکوژیە دروست بکات بۆیە زۆر خۆمان دەپاراست لە پاسدارە کوردەکانی خۆمان و بەردەوام ئیعلامیەو بڵاو کراوەمان هەبوو کە براکان بڵاوایان دەکردوە و تەنزیمی ناوەشمان هەبوو کە هەواڵ و زانیاریەکانیان بۆ دەهێناین و خەڵکی لادێکانی کوردستان و کەسانێکی ناسراو لێهاتوو خزمەتیان دەکردین کە زۆر جار ئەڵێم خۆزگایە خودا ئەو هەلەی برەخساندایە کە کاتێ چومە ئەو شوێنانە بە پێی پێویست یارمەتی ئەو کەسانەم بدابایە کە هەر یەکەو بە نەوعێك و بە شێوازێك یارمەتی ئێمەی داوە گەرچەندە هەندێك لەوانە نەماون خوا لە گوناهیان خۆش بێت و ئەوەش لە راستیدا ئەرکی سەر شانی خۆیان بووە وئەوانیش هەمان ئەرکی منیان ئەنجام داوە کە دژایەتی ستەمکارانە بە ماڵ ، بە هەر حاڵ ئەگەر خودای کار بەدەست ئەمەی بکردبایە نیەتم هەیە گەر منداڵەکانیشیان بێت خزمەتیان بکەم چونکە من بێ وەفا نیم و ئەوانەم لە بەر چاودایە کە ئەوان کردویانە دەر حەقی ئەم بزوتنەوە بێ کەسە ؟! لە کاتی ئەو ترس و ناڕەحەتیە و ئەوانەش کە توشی ئەزیەت و ناڕەحەتیان

کردوین بە هەر شێوەیەك نیەتی تۆڵە سەندنەوەم نیە چونکە ئەمە دینەکەم فێری کردوم، وإنشاالله رۆژگارێکیش دێت کە بگەڕێینەوە بۆلای خزم و خۆیش و خاك و ولاتم وەدڵخۆشم بە وەعدەکانی خودا وەکو ئەم پارچە شیعرەش کە لە لایان کەسێکی نەناسراوە بە نامەیکدا بۆم هاتبوو:

یوسف گم گشته باز اید به کنعان غم مخور

کلبه احزان شود روزی گلستان غم مخور

بەراستی دەرچونی ئێمە لە سەر ناچاری بوو چونکە دەمزانی حکومەت چاوی بە ئەهلی سوننەدا هەڵ نایەت وپێش دەرچونم ماوەیەك لە رادیو کوردی کرماشاندا بووم وباسی خەلیفەکانی پێغەمبەر (ﷺ)م دەکرد خەڵك وای دەزانی ئەمە حکومەت بەرنامەم دەداتێ کە وا باسی گەورەیی خەلیفە راشدینەکان بکەم نەیاندەزانی من لە سەر ئەرك و گیانی خۆم باسی ئەوانم دەکرد، وتم با بزانن کە ئەم حکومەتە ئیسلامی نیە و توانی بێتم گەر بۆ رۆژێکیش بێت لە بەرامبەریاندا بوەستم و بە زاڵم بڵێم زاڵم والحمدلله وتیشمان و وەك کۆمەڵێك پاڵمان نەدا بە زاڵمەوە بەڵکو بەئەندازەی توانای خۆمان لە گەڵێشیدا جەنگاین، ئێمە ویستمان ئەو خەڵکە بزانن کە ئێمە لە گەڵ ئەم حکومەتدانین وئەم حکومتە دورە لە بەرنامەی ئیسلام هەر بۆ ئەوەندە دەرچوین وواشمان دەزانی ئەوەندە ناژین چونکە خۆمان ئامادە کردبوو بۆ مردن بەلام مردنی بە عیزەت و سەربەرزی نەك بە زیلەت و سەر شۆڕی.

جا تا ماوەی ٦مانگ ئێمە بەردەوام بوین لە گەڵ تەبلیغات و نامەنوسین بۆ سەرگرۆکانی سوپای پاسدران بەراستی ئەوانیش هەڵوێستیان زۆر باش بوو و ئیمەش وەکو پێشتر وتم زۆر خۆمان دور دەگرت لە شەڕ

کردن لە گەڵیاندا تا وای لێ هات تەواوی سەرگرۆکانی ناوچە بۆ هەر جێگایەك بە مەئمورییەت بچونایە پێشەکی ئێمەیان ئاگادار دەکردەوە لە راستیدا ئێمە ئارەزۆی شەڕمان نەبو بەڵام رژێم زۆر هەوڵی ئەوەی دەدا تا ئەو کاتەی حکومەت داوای دانیشتن و موزاکرەی لێ کردین ئەوە بوو لە ٣/١١/ ١٣٦٣لە مزگەوتی سەرەوەی ئیسلام ئاباد (بانەوڕێ) لە گەڵ لێپرسراوانی حکومەتدا دانیشتنمان کرد و داوایان کرد کە ئێمە چەك دابنێین ئێمەش کۆمەڵێك خاڵمان خستە بەردەستیان کەوا ئەوان ئەو خاڵانەمان بۆ جێ بەجێ بکەن ئەگەر وا بێت ئیترئێمە چەکمان بۆچییە؟: کە ئەو خالاَنە بریتی بون لەمانەی خوارەوە"

١) خوێندن بە زمانی دایکی بێت لە هەمو ناوچەکانی ئێراندا وهەمو ناوچەکان ئازاد بن لە زمان و پۆشاکی تایبەت بە خۆیان لە شوێنە رەسمیەکاندا.□

٢) بە هیچ جۆرێك ئیهانە نەکرێت بە موقەدەساتی موسڵمانانو پیاوانی ناوداری سوننی لە رادیوو تەلەفزیونو شوێنە گشتیەکاندا.□

٣) ماوەدان بە دروستکردنی مزگەوتێك لە تاران بۆ خەڵکی سوننی.□

٤) لە ناوچە سونی نشینەکان لەقوتابخانەکاندا فقیهی ئەهلی سوننەت بخوێندرێ.□

٥) سامانی وڵات بە شێوەیەکی داد پەروەرانە بە سەر تەواوی هاووڵاتیاندا دابەشبکرێت .□

٦) پۆستەکانی حکومەت بە گوێرەی رێژەی هاوزمانانی وڵات دابەش بکرێت.□

٧) هەر زمانێك رۆڵەکانی لە ناوچەی خۆیاندا سەربازیان پێ بکرێت.□

٨) هەر وەها ئازادکردنی ئەوانەی کە ئیستا گیراون لە سەر سونني بونیان.

٩) لە سەرانسەری ناوچە سوننیەکاندا دە مەدرەسە بەشێوەی حەوزە عیلمیەکان بەجێگای هەر یەکەی هەزار نەفەر دروست بکریٚ و بەرەسمی بناسرێن و خەرجیان لە سەر حکومەت بێت بۆرۆڵەکانی ئەهلی سوننەت .

دوای دانیشتننەکە ئەوان وەعدیان دا پێمان کەوا هەمو ئەم خالاٚنەتان دەگەیەنینە دەفتەری ڕێبەری لە تاران‌و بڕیاردرا کە بزوتنەوە بە ئاشکرا بەرنامەی خۆی بلاٚو بکاتەوە لە ناو شارو دێهاتەکاندا وهێزی چەکداری حکومەت نەیەتە ئەوناوچانە جگە لە پاسداری خودی ناوچەکە، وە پاش بیست ڕۆژێك جارێکی تر داوای دانیشتنیان کرد بەلاٚم ئەمجارە تەنها مەبەستیان ئەوە بو کە بزانن لەکویٚ نیشتەجێین تاهێرش بکەنە سەر بنکەو بارەگاکانمان ئەوە بوو لەشەوی ٧ لەسەر ٨ مانگی دوانزەی شەست‌وسیٚ بە سوپای کرماشان و هەمەدان هاتنە سەرمان وچواردەوری ئیسلام ئابادیان دا وله پاش ڕۆژ بوونەوە شەڕێکی دەستەو یەخە لەنێوان ئێمەو ئەواندا رویدا کە لەم شەڕەدا دو موجاهید شەهید کران و ئەوانیش بە کۆمەڵێك کوژراو بریندارەوە سەرشۆڕانە گەڕانەوە شوێنەکانیان‌و سوپاس بۆ خوا ئاواتی گلاٚویان کە نەهێشتنی بزوتنەوە بوو بۆهەمیشە لەگۆڕ نرا.

یەکەم ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ حکومەتی شیعەی ئێران

یەکەم ڕوبەڕو بونەوەمان لە گەڵ حکومەت لە ١٣٦٣/١٢/٨هەتاویدا لە هەوارگەی (هانەسلێمان)بوو، بەڵێ پاش نوێژی بەیانی ئەورۆژە خەوتینەوە هەرکە چاوم گەرمبو حاجی مەلا مەحمود هاتە خەوم‌و وتیی برا ڕۆ ئەوە تۆچی ئەکەیت ئەڵێی هەر لەوێ دانیشتویت؟! منیش خەبەرم بویەوە وتم: جەماعەت هەڵسن خەوێکی ئاوەهام دی بەخواشتێك هەیە، بەفر دەباری و کەمێ رۆژ روناك ببو جەماعتێك چونە دەرەوە بەپەلە هاتنەوە وتیان: بەراستی سەری ماڵکانی ئیسلام ئاباد رەش ئەکاتەوە ئەوەندە هێزی رژێمی تێدایە من کە ویستم دەربچم وتیان: توخوا تۆدانیشە دەرەوە زۆر ساردەو بەفر ئەبارێت منیش لەبەر دڵی ئەوان مامەوە بەڵام سێ کەسم نارد کە بچنە سەر ئەشکەوتی هانەسلێمان ئەگەر هاتن بەرەوئێرە تەقەیان لێبکەن تا ئێمە دەرئەچین ئیتر لە بیرم نەبو کەبەفرەکە زۆرەو ئەوان بەم زوانە بەوشوێنە ناگەن بەڵێ وەك لە پێشەوە وتمان هێزێك بەرەولای ئێمە هاتن‌و کاتێ دیمان گەیشتنە بەردەم ئەوماڵەی کە ئێمەی تێدا بوو ئێمەیش لەبەرخێزان‌ومناڵی ئەوماڵە دەرچوین‌و یەکەم دەست رێژی گوللە ئەخۆم کرا و ئیتر شەڕی دەستەویەخە دەستی پێ کرد وئەو شەڕە کە زیاتر لە ٣کاتژمێری خایاند زیاتر لە ٧٠ کەسکیان لێ کوژرا کە بەشێکی ئەم

كوژراوانەی حكومەت بە دەستی خۆیان بوو چونك رۆژەكە رۆژێكی بەفرو تەم و مژاوی بوو و بۆ كوشتنی من جایزەیان دانابوو بۆیە گرۆ گرۆ كە لە یەكتر پێش دەكەوتن باقی دەستەكانی تر بە هۆی تەم و مژایی كاتەكە ئەوانیان بە ئێمە دەزانی بۆیە گولەیان تێ دەگرتن و خویشم بە جەماعەتم وت ئەو كەسەی كە لێیان پێش دەكەوێت لەوەیان بدەن نەك زیاتر بۆ ئەوەی كوشتار زۆر نەبێت و دەمزانی زۆرێك لەوانە سەربازن و لە ڕوی ناچاری هاتون وخۆم یەكەم كەس بوم كە بریندار بوم كە برینەكەم زۆر سەخت نەبوو و دووبرادەرمان هەر لەو جێگادا لێ شهید بوو بە ناوی (مالك قادری)كە خەڵكی باینگان بوو و خزمێكی خۆمیش كە ناوی (عوسمان عوسمانی) بوو خوای گەورە بە شەهیدی حسێب كردبن، تێبینی: یەكەم: كاتێ كەئەوان بۆ ئێمە دەركەوتن عوسمان حەرەس بوو وتی: با تەقەیان لێ بكەم وتم: نەخێر تەقەیان لێ مەكە چونكە ئێمە لە ناو مالاندایین‌و خەڵكی توشی زیان ئەبێت بەڵكو ئەوانیش بگەڕێنەوەو شەڕ نەبێت، بەڵام ئەوان هاتن ئێمەیش بە ناچاری هەوڵماندا لەوێ دووربكەوینەوە كەخۆم پێشیان كەوتم كەنزیك بوینەوە لەبەردێكی گەورە یەكەم دەسرێژی گولەیان كردەخۆم كە لەبەردەكە هەڵدرام بەودیودا كە بە راستی دەستێكی غەیبی بو منی هەڵدا ئەوە بوو ئەو دووكەسەی كە لەگەل من دا بوون لەودیوی بەردەكەوە مانەوە ونەیان توانیبولەو بەردەوە سەركەون‌و برینەكەی منیش سەر رەقەی قاچم بوو ئەگەر یەك ملیم خوارتری بگرتایە قاچم دەشكاو ئەكەوتمە دەست دوژمنەوە بەڵام خوا ئەوەی بۆم قەرار نەدابو هەتا شەویش قسەی خۆمم بۆ برایان نەكرد بۆ ئەوەی نەترسن. دووهەم: دوومانگ پێش ئەوەی كە بڕیاری دەرچون بدەین لە هاوینە هەواری مەیگۆڕێ عوسمان وتی: مامۆستا لەم شەوانەدا من

خەوێکم بینی وام زانی کەوا شەڕی ئیسلام و کوفر لە هانەسلێمان دەستی پێ کرد ومن گیرام، منیش وتم: باشە تۆ لە گەڵ کام دەستە بوییت کافریان موسڵمان؟ وتی: وەڵا من لە گەڵ موسڵمانەکاندا بووم، بۆیە کاتێ کەبڵەندگۆی ئەوهێزە جاڕی دا کە سێ کەستان گیراوەو ئێوە هەموتان گەمارۆدراون‌و خۆتان بدەن بەدەستەوە تانەکوژراون من لەوکاتەدا خەوەکەی عوسمانم کەوتەوە بیرو بە کاك نورەدینم وت: ئەگەر کاك عوسمان دیار نەبێ ئەوە خەوەکەی هاتە دی و سوپاس بۆ خوا ئەگەر هەمویشمان بکوژرێین خۆشبەخت دەبین چونکە ریزەکەمان ریزی خواناسی و موسڵمانەتیە دوای شەڕەکە تەماشەمان کرد ئەم برایە لە گەڵ کاك مالیك دیار نیین دواتر هەواڵی شەهیدی ئەو دوبرادەرمانە بۆ هات، بە راستی شەهیدان هەرکات باسیان بکەیت وەك ئەوە وایە کە ئیستا هەن و هانت دەدەن بۆ ئیش ودەعوە وەکو ئەوە وایە لە ناومانن و دیسان گیانی هەوڵ و تێکۆشانمان پێ دەبەخشنەوە بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتَۢاۚ بَلۡ أَحۡيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمۡ يُرۡزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ ﴾[1] وا گومان مەبەن ئەوانەی لە رێگەی خودا دا کوژراون مردون بەڵکو ئەوان زیندون ولە لای خودای خۆیشیان رزق ورۆزیان پێ دەدرێت .

شەهید عوسمانی عوسمانی

بەڵێ کاتێك عوسمان هات من ناردمۆ چونگە تازە خەریك بوو خەتی ئەدا و لاوێکی گوێ گر بوو ودایك و باوکی پیر بوون بۆیە ناردمەوە تا

---

[1] سورة ال عمـــران

بڕوات خزمەتی دایك و باوکی بکات، بەڵام دایکە بە جەرگەکەی هێنایەوەو وتی: مامۆستا ئەم کوڕەت بۆ ناردوەتەوە ؟ منیش وتم دایەگیان کوڕەکەت منداڵە و با خزمەتی ئێوە بکات جامریم خانی دایکی عوسمان کە ئیستا نەماوە و خوای گەورە لە گوناهەکانیشی خۆش ببێت وتی: من ئەم کوڕەم داوە بۆ خوا جا لێی گەڕی با لە گەڵتا بێت بەڕاستی قسەی ئەم ئافرەتە بەرێزە زۆر هێز و تینی پێ بەخشیم، خوزگایە هیچ نەبێ نیوەی دایکانی ئەمڕۆی موسڵمانان ئاوا دەبوون و ڕۆڵەکانیان ئا بەم شێوەیە بۆ قورئان و ئیسلام پەروەردە دەکرد بەڵام چونکە نیەتی پاك بوو و بە ڕاستی کوڕەکەی بۆ خوا دا بوو خوای گەورە خەلاتی کردن وهەدیەکەی لێ وەر گرتن و تاجێکی زێڕینە انشالله بۆ دایك وباوکی و خۆیشی پلەی شەهیدی بردوە إنشالله.

شەهید مالك قادری

هەر وەها مالك قادری جوانێکی پێکەوتو باڵا بەرز و خەڵکی شارۆچکەی باینگان بوو لە زستانی یەکەمی دەرچونمان دژی ڕژێم ، شەوێك ئەم گەنجە چاوی بە من و جەماعەتمان کەوت کە هەمومان برسی وبە جل و بەرگی تەڕو قوڕاویی لە شوێنێك بۆ ئیستراحەت لامان دابوو و بە بینینی ئەم دیمەنەی ئێمە لە باتی دور کەوتنەوە لێمان وەك باوەڕی دونیا پەرەستان بەعەکسەوە زیاتر سرنجی ئەو لاوەی بۆلای خۆی کێشا بوو پاش دوو ڕۆژهەواڵیان بۆ هێنام کەوا لاوێکی باینگانی هاتوە و داوا دەکات کە وەری بگرین بە هاوسەنگەرییەك منیش بە ڕاستی لەو هەل و مەرجەدا کەوا بێ جێگە و بێ ڕێگە و بێ نان و ئاو بوین ئەوە لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە

حەزم نەدەکرد کە لە گەڵ پاسدارانی ناوچەدا دەرگیر بین و پێویستمان بە خۆ پەنادانی زۆر بووتا بتوانین خۆمان حەشار بدەین و زۆر بونمان وای دەکرد کە خۆحەشاردانمان بۆ زەحمەت بێت و ئێمەش پێویستمان بەو خۆ شاردنەوە زۆر بوو تا خەڵکی زیاترڕۆشن بکەینەوە لە سەر هەدەفی خۆمان بۆیە وەرگرتنی ئەو لاوەم لەو هەل و مەرجەدا بە لاوە باش نەبوو ، شەو کە هێنایان و چاووم پێی کەوت زۆر قسەم لە گەڵدا کرد کەوا بیگەڕینمەوە بەلاّم بێ سود بوو ، هەر ئەو شەوە چەند کەس لە خزمانی هاتن تا بەشکوم بیبەنەوە منیش وتم خۆتان بچن قسەی لە گەڵدا بکەن بەشکوم قەناعەتی پێ بکەن بیبەنەوە بەلاّم دوای چەند ساعەتێك هاتنەوە بۆ لای خۆم تا خۆم دیسان لە گەڵیدا قسە بکەم دیارە قەناعەتی نەهاتبوو کە بچێتەوە ، بەڕاستی منیش بە هۆی ئەو بارودۆخە کە وتم بە دڵ حەزم دەکرد بگەڕێتەوە بۆیە بانگم کردو وتم: تۆ مادام هەر سوریت کە بێیت لە گەڵماندا ئەوا بچۆرەوە تا زستانەکە تەواو دەبێت چونکە بە ڕاستی زستانێکی قورس بوو و بەهار بگەڕێرەوە بۆلامان ، دوا قسەی ئەمە بوو وتی: مامۆستاگیان باشە ئەگەر من چومەوە و نەگەیشتمەوە بەهار و هەر لەم زستاندا مردم و خودا پێم بفەرموێ جیهاد بوو بۆ نەتکرد؟ ئەوا تۆ وەلاّمی خودا دەدەیتەوە؟ منیش وتم واللە برای خۆم وەلاّمی کەسم پێ نادرێتەوە ئەویش وتی دەی توخوا ئیزنم بدە با لە گەڵتاندا بم و زۆرم لێ مەکە بۆ گەڕانەوە هەر وەکو ئەوەی کە خودا تێیگەیاندبێ کە تەمەنی زۆر کەمە ئەوە بوو دوو شەو دوای هاتنی ئەو شەڕە ڕوی داو ئەو برایە شەهید بوو بەڵێ ئەمەیە ئیشێکی کەم و پاداشتێکی گەورە وکاتێکیش شەهیدیان کردبوو وایان زانی بوو ئەو شەخسە منم بۆیە سەرەکەیان لێ کردبویەوە و بردبویان بۆ لای فەرماندەی

جوانڕۆ بۆیە ئەویش وتبوی ئەمە عبدالقادرنیە چونکە من ئەوم بینیوە دوای چەند ڕۆژ سەرەکەیان هێنابویەوەو لە وشوێنە دا دایاننابوو بەڵام پێشتر لاشەکەی سپردەکرابوو و بە ناشتنی جەنازەی ئەم دو شەهیدە یەکەم قەبرستان لە ئیمامی لە ئیسلام ئاباد (بانەوڕێ) دروست کرا، وە ئەم دووانە بونە ئیمامی قەبرستان کە دواتر خەڵکی باینگان هاتبون لاشەکەی مالیکیان بردوە بۆ باینگان کە پێش سێ ڕۆژ نیژرابوو کە دەیگێڕنەوە لە کاتی دەرهێنانی لە گۆڕەکەی لاشەی هەر خوێنی لێ چوە، خوای گەورە لێیان خۆش بێت و لە ریزی شەهیدە پلە بەرزەکانی ئیسلامدا لەناو بەهەشتی بەرینی خۆی دا حسێبیان بۆ بکات .

نوسەر: بەڕاستی حەیفە باسی ئەمانە لە مێژودا نەکرێت ئەوانەی کە پێغەمبەریان نەبیناوە و خۆشیان ویست و لە پێناوی ڕێبازەکەی محمد درودی خوای لە سەر بێت گیانی خۆیان فیدا کرد، ئەوانەی کە تازە لە سەرەتای گەنجێتیدا بوون و هەزاران ئارەزۆیان لە مێشکدا بوو بەڵام کاتێك قورئان بانگیان دەکات بە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ١٢٣ ﴾[1] شەڕبکەن لە گەڵ ئەوانەی لێتانەوە نزیکن لە کافران، ئەوانیش وەڵامی خودای خۆیان دایەوەو وازیان لە هەمو ئارەزۆکانی دونیایان هێنا و خوایش بەفەزڵی خۆی گەیاندنیە نازونیعمەتەکانی خۆی.والله اعلم

سعدیامرد نکو نام نمیرد هرگز مرده انست کە نامش بە نکوی نبرند

---

[1] سورة التـــوبة

مامۆستا: بەڵێ ئەوە بوو ئا لەم شەڕە ئەو دوبرادرەمان لێ جیا بونەوە وپێش ئێمە کەوتن وهێوادرم وەکو خودا خۆی دەفەرموێ ﴿ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَآءَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٠﴾ ﴾[١] وخودا خوی دەزانێت ئەو کەسانەی کە ئیمانیان هێناوە لە ناویاندا کۆمەڵێکیان بە شەهید وەر دەگرێت و خودا زاڵمانی خۆش ناوێت و هێوام وایە کە خودای کاربەدەست ئەم شەهیدەانەی وەر گرتبێتو لە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت بیانحەسێنێتەوە کە ئەم دوو برادەرە یەکەم و دووهەم شەهیدی بزوتنەوە بون خوا دەرەجەیان بەرزبکاتەوە.

ڕوبەڕوبونەوەی دووهەم لە گەڵ هێزی رژێم دا لە چیای زاخێ بوو کە سێ کەسیان لێ کوژراو دووچەکمان لێگرتن، لەم شەڕەدا کەزیاتر لە دووکاتژمێری خایاند هەرچەند کەتێکەڵ ببوین سوپاس بۆ خوا ئێمە هیچ زیانێکمان لێ نەکەوت.

لە دوای ئەم دوو شەڕانە برایان داوایان لێ کردم کەوا من ئیتر بەشداری شەڕکان نەکەم، منیش وتم برایان ئەگەر خێرە ئەوە منیش لە ئێوە زیاتر حەزم بە خێر و شەهادەتە و ئەگەر گوناە و تاوانە ئەوە با زوتر لە کۆڵتان ببمەوە، بۆیە ئەو برایانە کە ئیستا هەندێکیان نەماون خوا لە گوناهیان خۆش بێت زۆر پێ داگیریان کرد کە من نەچم و وتیان مامۆستا تۆ لە شەڕەکاندا سەلماندوتە کە ئامادەی هەمو روبەڕوبونەوەیەکیت لە دژی ستەمکارانو باکت لە روبەڕویان نیە ئیتر پێویست ناکات بەشداری شەڕەکان بکەیت چونکە ئەگەر تۆمان لە گەڵدا بێت ئەوندەی خەمی

---

[٢] سورة ال عمـــــران

خۆمانە ئەوندە خەم لە تۆ دەخۆین بەڵام ئەگەر تەنها خۆمان بین ئەوا تەنها خەم لە خۆمان دەخۆین کە چی بکەین بۆیە لە دوای ئەو بڕیارەی ئەوان ئیتر من بەشداریم نەدەکرد و شەڕی شاهۆو، چیای پشتی لاران‌و، دێرەنیان، دەرەبەیان، جوانڕۆ ومیرگ و پیرپرچن کە کراوە منیان لە گەڵدا نەبووە ودابەشم کردبوون بە سێ دەستەوە و بۆ هەر دەستەیەك ئەمیرێکم بۆ دانا بوون و بەردەوام لە چالاکی دا بوون، وە لە چیای پشتی لارانەوە له٦/١١/١٣٦٣ کۆچی هەتاوی بناغەی یەکەم مەقەڕمان دانا و بۆ ماوەیەك لەوێدا ماینەوە.

شەهید سەلاح روستەمی

لە پاییزی ساڵی ١٣٦٤ دەرگیری مێرگ رویدا کە کاك سەلاح روستمی کاك موحەمەد رەشید موڕادی بە برینداری گیران دواتر کاك سەلاح بە زامداری لە ژێر ئەشکەنجە دا وەفاتی کرد، شەهید سەلاح گەنجێکی تازە پێگەیشتوو لە سەر خۆ و زمان پاك بوو بۆ خزمەت کردنی ئایین و هاوسەنگەرانی درێغی نەدەکرد تەنانەت هەرچەند ئەم مامۆستای دەیان موجاهیدی هاوسەنگەری خۆی بوو نانکردنی ئەو جەماعەتەی گرتبوە ئەستۆی خۆی وبە شایەتی براکانی هاوسەنگەری هیچ نانێکی بێ یاد و زیکری خودا نەدەکرد خوا لە گوناهی خۆش بێت و لە ریزی شەهیدانی سەرەتای ئیسلامدا حیسابی بۆ بکات .

تیرۆر کردنی شەهید موحەمەد رەشیدی مورادی

پاش مانەوەی زیاتر لە سێ مانگ لە زینداندا و دەرچونی بڕیاری مونتەزەری سەبارەت بە چاککردنی کاروباری زیندانیان ، شەهید موحەمەد رەشیدیش لەو فرسەتە کەڵکی وەرگرت و بە ڕواڵەت وا خۆی نیشاندا کەوا هاوکاری حکومەت دەکات و ئەوانیش داوایان لێ کرد بوو بۆ کوشتنی من ئەوە بوو کاك موحەمەد رەشید قەبوڵی کرد بوو کەوا ئەگەر ئازادی بکەن ئەوا منیان بۆ بکوژێت ئەوە بوو کاتێك کە هاتەوە بۆلامان ئێمە لە ناوچەی موحەڕەمەی نێوان عێراق و ئێران لەجێگایەك بە ناوی(کەوتە)[1] دا بوین، ئێمەش زۆر دڵ خۆش بوین بە هاتنەوەی و دواتر باسی هاتنەوەی خۆی بۆ کردین ووتی منیان ئازاد کردوە بۆ ئەوەی تۆ بکوژم، ئەوە بو منیش رۆژێك ماوەم پێدا کە دەتوانیت ئیشی خۆت بکەی چونکە تۆ تاکە کوڕیت و دایکت پیرە بەڵکو بە کوشتنی من شتێکت دەست کەوێت و حکومەت عەفوت بکات بەڵام ئەوە بزانەکە دادگای خوات لە پێشدایە بۆیە گریا وتی: مامۆستا من چۆن ئیشی وادەکەم ئەوە بوو هاتە هەڵەبجەولە هەڵەبجە ژیانی پێکەوە نا وهەر دەم کەسێکی چالاك ولێهاتو بوو بۆ ئەم بزوتنەوەیە تا وەکودیسان دەستی رەشی خیانەتی حکومەتی شیعە هاودەس لە گەڵ کوردێکی خۆ فرۆش لە ٢٧/ربیع الاول /١٤١٤کوچی مانگی لەماڵی خۆی لە کاتی خەودا لە حەوشەی ماڵی خۆی لە هەڵەبجە تیرۆر کراکە

---

[1] کەوتە ناوی گوندێکە لە نزیکی هەڵەبجەی شەهید لە ناو خاکی عێراقدایە کە خوارەوەکەی ئاوە وبەرامبەرەکەشی ئێرانە.

بەراستی بە شەهید بونی ئەم برایە کەلێنێکی گەورە کەوتە ناو ریزەکانی بزوتنەوە.

مەلا شەریف سەعیدیانی

شەهید مەلا شەریف سەعیدیانی کەخاوەنی خێزانو کچێکی چەندمانگەبویەکێکی تر لە موجاهیدەکان بوو کە تەنها ماموٚستایەك بوو کە من قسەم لە گەلّیدا نەکردبوو هات لە گەلّماندا لە حالّێکدا لە پێش دەرچونمان هەرجار کەدەم ویست قسەی لە گەلّدا بکەم مەلاکانی تر دەیانوت نەکەی لە گەلّیدا قسە بکەیت چونکە دەمی شڕەو قسە لە دەمیدا ناوەستێت، دوایش بینیمان کە تەنها ئەو لە ناو باقی مەلاکانی تردا هاتە دەرەوە کە بەداخەوە ئەویش لە چالّەوان نزیکی ناوچەی ئیمامی یەکێك لە برایان کە خوٚی هەلّی بژارد بوو لە گەلّماندا بوو فیشەکی لە دەست دەر دەچی و هەرلەوێ پاش چەند کاتژمێرێك شەهید دەبێت کەهاوڕێکانی بوٚیان باسکردم کەهەتا چەند دەقیقەیەك پێش گیان دەرچونی هەر قورئانی ئەخوێندو ئاموٚژگاری ئێمەی ئەکرد وئەیفەرمو: بەراستی گیان کێشان قورسە ، سەلامو رەحمەتی خوا بڕژێ بەسەر گیانی پاکی دا ولە الله ی خاوەن سوٚز داواکارم کە لە هەمو تاوانەکانی خوٚشبێت وبە لوتفی خوٚی هەمومان لە فیردەوسی ئەعلادا کوٚبکاتەوە.

شەهید نەجیم قادری

پاش یەکەم شەڕ قەرار بوو کاك نەجیم وعەبدولجەبار لەسەر داخوازی خوٚیان بنێرم بوٚ چالاکی بوٚ ناو شار ئەوە بوو شەو خەوم بینی کەوا کاك

نەجیم و سابیر بەیدەقی وعەبدولجەبار جوانرۆی هەرسێکەیان کەوتنە ناو دەریایەکی گەورەوە و دیار نەمان دوای کەمێك بینام کاك نەجیم و کاك سابیر لەو بەری ئاوەکەن‌و دانیشتون بەڵام عەبدولجەبار چەندجارێك لەژێر ئاوەکە سەری دەرهێناو هاتەوە سەر بۆیە لە بەیانیەکەی دا وتم: من پەشیانم وناتان نێرم ئەو برایەی تر کە ئیستاش ماوە وتی بۆ؟ منیش وتم کاکە نەجیم خزمی خۆمەو نامەوێت هیچی پێی بێت ئەویش وتی دەی من دەڕۆم، منیش وتم ئەی بۆ تۆیش ناڵێیت تۆ کەخزمی خۆت نانێری منیش ناڕۆم ؟ وتی: مامۆستا ئەمە دینەو هەرکەس بۆ خۆیەتی‌و من عەلاقەم چیە من بۆ خۆمی دەکەم ! من بۆیە وتم نەجیم نانێرم بۆ ئەوەی ئەویش بلێیت من ناچم بەڵام قەدەری خودا وا بوو پاش هاتنی مەلا شەریف کەکاك نەجیمم کردبو بە سەر گرۆ بەهاری ئەوساڵە کاك نەجیم ئیزن لە مەلاشریف وەر ئەگرێت و لەگەل عەبدولجەباردا بۆ ئەنجامدانی چالاکیەك ئەچنە ناوشاری رەوانسەر وە پاش ئەنجامدانی دێن ولە شار دەردەچن بەڵام دووبارە ئەگەڕێنەوە بۆ ناوشارو ئەچنە مزگەوتێکەوە بۆخەوتن، ئەڵێن خادمی مزگەوتەکە ئەوانی نەناسیوە وهەواڵی داوە بە حکومەت و ئەوانیش شەکەت بوون و خەویان لێ کەوتبوو هاتبونە سەریان و کاك نەجیم لەوێ دەستگیر کرا پاش چەندین مانگ ئەشکەنجەوئازار لە بەرچاوی خەڵك لەمەیدانی ئازادی کرماشان لە سێدارە یاندا و پێش لە سێدارەدانی وەسیەتی کردبوو بۆ ماڵەوە و ئیستاش وەسیەتەکەی ماوە بە ڕاستی زۆر دڵم بە کاك نەجیم خۆش بوو زۆر جار دەموت ئەگەر منیش نەمێنێم ئەوا کاك نەجیم ئیش و کار و باری ئەم حەرەکەتە دەبات بەڕێوە ئەوندە کەسێکی لێهاتو و نەرم و نیان و عاقڵ بوو خوای گەورە لێ خۆش بێت بەراستی پاش شەهادەتی کاك

نەجیم هەر روداوێك دەقۆما چاوەڕوانی نەمانی کاك سابیرم دەکرد چونکە لە خەومدا هەر دوانیان (سابیر و نەجیم) چونە ژێری ئاوەکە بۆیە وای بۆ دەچوم کە کاك سابیریش شتێکی بە سەر دێت کەچی بینیمان دوای چەندسالێ کاك سابیر کە بۆ سەردان چوبوە دەستگیر کرا و دواتریش حکومەتی شیعە لە سێدارەی دا وشەهیدی کرد، کەسی سێهەمیش پاش دووجار دەستگیری شوکر تا ئێستا ماوە(واتە خەوەکەم هاتەدیو کەس ناتوانێ قەدەری خوا بگۆڕێت)بەڵێ بەراستی ئەوان مەردانە ژیانومەردانە رۆین سەلامتان لێ بێ لەئیستاوە هەتا رۆژی دین.دڵنیابن کەرێگاتان درێژەی هەیەو ناسرەوین هەتا نەگەین پێتان.

نوسەر: ئەم شیعرەش شعیری شاعری بەدینی کورد شەهید خدر کۆساریە کە بە سەر مامۆستاو شەهیدەکانیدا وتوە یەتی :

ئە وینی توم..
وە ك ئە ویندار...
وە کو گە ردنی کاك نە جم[1] و
باسکی تە نافی ستمکار...
وەکو نە زەری ئاربیجی
چاوی سە نگە ر
وە ك برینی دەور چۆڵی
(شە ریف)ی چاڵی چالە وان
وە ك (صابیر بیدە قی)کاکوڵ خوێناوی بیمارستانی کرماشان
وەکو برینی هە توان و

---

[1] کاك نەجیـــــم قادری

دە رونی بە ندە و قورئان و
بە ر بانگ و دڵی رۆژوە وان
خوشم دە ویێ
لیێت جودا نیم
من موم و
ئە توش دە زوولە...
توفانۆس...
منیش پە پولە...
ئە تو هیێزو هە ست و گیانی
گیان و جە ستە م برای گیانی
بە بیێ تۆ دانوویان ناکولێی و
و بە دوری تۆ
ئە وانیش لیێك دە ترازین و
بۆ دواین جار ماڵئاوایی لە یە ك دە کە ن...
بە بیێت ژینم باوکی ژانە
وە ك هە نگ و گوڵ
یان خوێن ودڵ
یا چاو وفرمیێسکی بە کوڵ..“

نوسەر: لە کۆتای دا إنشاالله وەسیەتەکەی کاك نەجیم وەکو خۆی دەنوسمەوە لە گەڵ وەسیەتنامە دەست نوسەکەی خۆی.

شەهید دکتور موحەحەمەدی خوسرەوی

پاش ئەوەی کەلە گەڵ حیزبی خەباتدا رێکەوتین لە گەڵ شەهید د. موحەمەدی خوسرەوی و کاك سالّح سەردانێکی رانیەمان کرد و چەند رۆژێك لە مەقەڕدا بوین د. موحەمەد هاتە لام و وتی بەخوا تاوانە ئێمە خوێنی خۆمان تێکەڵاو بەم جەماعەتە بکەین وتم برام پێشەکی من ئەمەم پێ وتن بەڵام ئێوە وتوتان مامۆستا هەر دەیەوێت خۆی قیادە بێت وا من ئەمڕۆ قیادەیی خۆم دا بە شێخ جەلال و پێشم عەیبە کە بەم زوانە لەوان جیا ببمەوە تا نەزانم و دڵنیا نەبم کە ئەوان هیچ کام لە داخوازیەکانی ئێمە جێ بەجێ ناکەن دوای ئەوە گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجەو پاش چەند رۆژێك گەڕامەوە بۆ رانیە بەڵام د. محمد خوسرەوی وتی من نەخۆشم جارێ ناتوانم بێمەوە بەڵێ پاش ماوەیەك من بە سەردان هاتمەوە هەڵەبجەولە بەیانیەکەیدا وتیان د.موحەمەد کوژراوە! کە دواتر بۆم دەرکەوت کە لە گەڵ زەینەدین ناوێکدا چونەتە سەر پوستێکی حکومەتی عێراق و لە وێ کوژراوە و زەینەدینیش بە برینداری گوازراوەتەوە بۆ جێگایەکی تر کە ئەویش پاش چەند کات ژمێرێك مردوە، خوا لە هەمویان خۆش ببێت بەڵام سەختیەکی زۆری بۆ ئێمە دروست کرد لە لایان حکومەتی عێراقەوە کە وامان لێ هات هیچ کەسێك نەیدەتوانی بە ئاشکرا هاتو چۆمان بکات .

دوای ماوەیەك کیمابارانی هەڵەبجە بوو و ئێران هاتە ناو هەڵەبجە و ئێمەش لەوێ نەماین و بە دەستی خالّی چوینەوە ڕانیە، دواتر حکومەتی عێراقی وتی نابێت لە شار دانیشیت یان ئەبێت بچیت بۆ جنوبی عیراق یان دەبێت بچیتە ناوچەی موحەڕەمە وە یان ئەبێ واز لە بزوتنەوەی ئیسلامی بهێنیت . ئێمەش خالّی دووهەمان هەڵبژاردو چوینە ناوەچەی

موحرەمە لەبناری قەندیلو لەوێداماینەوە تا رژێم لە ناوچەکەدا دەرکراو ناوچەکە بەتەواوی کەوتە دەستی بەرەی نیشتمانی ئێمەیش هاتینەوە رانیە. شایانی باسە ئەوە بوو کە حکومەتی عیراقی منیان برد بۆ موخابەراتی رانیەو دواتر هەر بە سەیارەی خۆیان منیان هێنایەوە بۆماڵ و کابرایەك لە گەڵمدا هاتبوو کە لەوسێ کەسە موخابەراتیە بو کە بە منیان دەوت نابێ ناوی ئیسلام ببەیت یان ئەبێ بچیت بۆ جنوب یان بۆناوچەی موحەرەمە وتی بە من: مەترسە مادام تۆ ئاوا لەم ڕۆژەدا دیفاع لەو خودایە دەکەیت واللە ئەگەر لەسەر بەردێکی سافیش بیت ئەو خودایە پەکت ناخات و دەتژێنێت و زایەت ناکات ئەمە دنیای سیاسەتە لەوانەیە رۆژێك بێت کە حکومەت خۆی نیازی بە تۆ هەبێت منیش وتم ئەمە موخابراتە و لەوانەیە بۆ قسە لێ دەر کێشان ئەم قسەیە بکات بۆیە من هیچم نەوت وهاتمەوە بۆ ماڵ .

شەهید مەلا نورالدین یوسفی

ماموستا نورالدین یەکێکی تر لەو موجاهیدە حەق وێژانە بوو کە لە ناو ریزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیدا هەر دەم چالاکانە ئیشی دەکرد و بەرپرسی بەشی ماڵی ئەم بزوتنەوەیە بوو، کاتێك ئێمە دەرچوین مەلا نورالدین تازە لە سەفەری حەج گەڕابویەوە و کەسێکی چالاك بوو لە ناو تەنزیمی داخلیدا و هەر ئەرکێکم پێ دەسپارد بێ کەم و زیاد ئەنجامی دەدا، جارێك کۆمەڵێك مامۆستای ئایینی و مامۆستای مەکتەب و خوێندە وار داوایان کردبوو کە لە گەڵماندا دانیشن و سەبارەت بەم دەرچونە لە گەڵماندا قسە بکەن منیش مەلا نورالدینم نارد تا لە گەڵیاندا دانیشێت

دواتر یەکێك لەو کەسانە کە لەوێ بوو هەموو قسەکانی بۆ گێڕامەوە وتی: کاتێ ماموستا نورالدین هات وتی بە مامۆستاکان فەرمون بزانم قسەتان چیە؟ ئەوا من هیچ قسەیەك ناکەم تا ئێوە تەواو دەبن، هەر یەکە و لای خۆی دەستی کرد بە وت وێژ و قسە کردن بەرامبەر مامۆستا نورالدین مامۆستا نورالدینیش دەستی کرد بەناو باخەڵی دا و شەقارتەیەکی دەر هێناو و بۆ هەر قسەی یەکێك لەوانە بە قەڵەم خاڵێکی لە سەر شەقارتەکە دادەنا تا قسەکانی ئەوان کۆتای پێ هات ئینجا وتی پێیان ئایا قسەتان ماوە ؟ ئەوانیش وتیان ئێمە قسەی خۆمان کرد ، ئەو برا وتی مامۆستا نورالدین وتی: بسم الرحمن الرحیم و بە سەلات و سەلام بۆ سە ر گیانی پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) دەستی پێ کرد کە هەر ئەمەی وت مامۆستاکان دواتر کە خۆیان لە ناو یەك باسیان کردبوو وتبویان واللە ئەمە جارێ یەکەم شەقی لێداین چونکە ئەوەی کە لەوێ بوەو دەستی کرد بوو بە وت و وێژ لە گەڵ مامۆستا نورالدین کە هەموشیان خوێندەوار بون کەسیان بسم اللە یان نەکرد بوو وتی: من لە کاتی قسەکانی ئێوەدا هیچم نەوت ئێوەش قسەکانی من نەپچڕێنن تا تەواو دەبم دواتر ماموستا نورالدین یەك بە یەك قسەکانی ئەوانی جواب دایەوە لە حاڵێکدا نازانم ئەو هەمو قسەی چۆن لە بیر مابوو کەلێیان پرسیی بوو و ئەویش تەنها بە دیاری کردنی خاڵێك وەڵامی هەمو پرسیارەکانی دایەوە و هیچی لە بیر نەچوو بوو، بەڕاستی مەلا نورالدین کەسێکی حەق وێژ و قسە خۆشیش بووتەنها خۆی مەجلسێکی گەورەی بە قسە خۆشەکانی گەرم دەکرد و جار جاریش تورە بونێکی هەبوو کە ئەویش لە قسەکانی خۆشتر بوو، کاتێك لە چیاکانی ناوچەی ئیمامیدا بوین کۆمەڵێك مامۆستای ئایینی داوایان کرد بوو کە

وا من ببینن، کاتی هاتن دەستیان کرد بە قسە و باس و نەگونجاندنی ئەم ئیشە و ئێمە جیهاد بە شەرعی نازانین وکاتی نیە و شتمان نیەو لەم جۆرە بابەتانە کە شتانێکی دوبارە بوە بو بۆمن چون ئەو مامۆستایانەی کە وەعدی دەرچونیان داو دواتر پەشیمان بونەوە زۆربە یان ئەم وت و وێژانەیان دەکرد منیش هەر بە لە سەر خۆی وەڵامم دەدەدانەوە و بەڵگەی پیویستم بۆ دەهێنانەوە و ئەوان هەر چەك و چونیان دەکرد و ماموستا نورەدینیش لای من دانیشتبو کە قسەکانیان درێژەی کیشا و من بە نەرمی و ئەوانیش بە ملە جەڕە کردن لە ناکاو مامۆستا نورالدین تورە بوو وتی: مامۆستا ئیزنم بدەرێ با بە لێدان تیان کەوم، وتی باشە ئێوە کەی قەناعەت دەکەن و دێنە سەر رێ ئەوانیش وتیان: مامۆستا نورەدین ئەوا کاك عبدالقادر قسەی خۆی کرد تۆ چی ئەفەرموی ؟ ئەویش وتی: دەی وەرە ئەوە بێ ئەقلێەکەتانە ئەو مامۆستایە بە ئەو دەڵێن کاك عبدالقادر و بە من دەڵێن مامۆستا نورەدین چی ئەفەرموێ!، وە دەیوت مامۆستا لە گەڵ ئەمانەدا زۆر قسە نەکەی باشە واللە فیشەکێك بدەم لە بەر پێیان ئەوا ئەو قسە بەرز و نزمانە ناکەن ئەوە دەزانن تۆ نەرم و نیانی لە گەڵیاندا بۆیە ئەوانیش ئا بەم شێوەیە قسەی بەرز و نزم دەکەن، بەڕاستی وێنەی ئەم کەسانە کەمن کە بە بێ پول و مادە و تەماحێك ئەو هەمو سەختی و نەبونی وبرسیەتی وساردی و گەرمیە بچەشن و زامدارو شەهید بن و ماڵ و منداڵیان بە جێ بێڵن لە پێناوی پەیامی خودا ئەوجا کەسانێك هەستن بە ناو مامۆستا و شەرع زان وخەخۆری دین دژ بەمانە ئیمزابکات و بە یاخی و خەوارج و هەوڵدان بۆ مەنسەب و کورسی و جورها ناوی تریان لێ بنێن، ئەمانە زۆربەیان گەشتنە خزمەتی خودای میهرەبان و راستیان کرد لە گەڵ خواکەیان (واللە اعلم) و

به خوێنی خۆیان و ئاوارەیی و دەربەدەر بونیان ئەمەیان سەلماند بەلاَم ئەوانەی کە وعدیان دا و نەهاتنە دەرەوە چیان سەلماند بۆ خواکەیان ؟دواتر مەلا نورەدین بەردەوام لە سەر ئەو عەقیدەو بیر و باوەڕە مایەوە و کاتێ لە هەڵەبجەش بوو بۆ هاوکاری کردنی لە ناو بزوتنەوەی ئیسلامی عێراق پرسی پێ کردم و ئیزنم دا چونکە دەعوەی ئیسلامی نەبەسراوە بە هیچ شوێنێك مادام کابرا داعی بێت و بیەوێت دەعوەو بانگەوازی بۆ دینی خوا بکات و دواتر ئەو ئینشقاق و جیا بونەوەی ناو بزوتنەوە وای لێ کرد کە دڵسارد بوو لەوان، تا لە ٢٢/موحەرەمی/ ١٤٢٧ بە هۆی نەخۆشیەوە لە هەلەبجەی تازە وەفاتی کرد ولە گۆڕستانی گولاَنی هەڵەبجەی شەهید بە خاك سپێردرا خوای گەورە هەمو هەنگاوەکانی بە خێر و چاکە بۆ بنوسێت و لە شەهیدەکانی خۆی حسێبی بۆ بکات چونکە پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێت هەرکەسێك چو بۆ جیهاد و لەو رێگەو سەفەرە وەفاتی کرد ـ بە هۆی نەخۆشی و یان ماندوو بون و یان مار گەستن ویان.... ـ خوای گەورە حسێبی موجاهیدی ناو بەرەکانی شەڕی بۆ دەکات وخوای گەورەش دەفەرموێ ﴿ ۞ وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدْ فِي ٱلْأَرْضِ مُرَٰغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً ۚ وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٠٠﴾ ﴾[1] هیوادرام برام مەلا نورەدین لە جوملەی ئەو کەسانە بێت، بەراستی وەفاتی یاران یەك لە دوای یەك هەمو خەفەت بوو بۆ من کە دوا کەوتوم لەوان هەر بۆیە ئەم پارچە هونراوەم نوسی لە سەر برای کوچکرددوم لە کاتی وەفاتیدا:

[1] سورة النساء

وەفاتی برام نورەدین

بیستودووی موحەڕەم شەوی دووشەمە
مالّـــی نـورەدین پـڕ دەردو غەمـــە
شاری سلێمانی هەوار گەی غەمـــە
لاوران، زمنـاكۆ، مەیگـــۆڕێ هەمـــە
شاری كاك ئەحمەد هەوارگەی دێریـــن
جێگـــای ئەحمەدو سەعید، نـورەدین
خـودا بتبەخشـێ بـرام نورەدیـــــن
نـەما پـەژارەت هـەتا را پەڕیـــــن
ڕەنـجو تـەلاشو غـەریبیت هەمـــــوو
قسـەو وتـارو عیبـادەت هەمـــــوو
بـۆ ڕەزای خـوداو بـە هیـوای بەخشـین
مالّو ژینی خۆت كرد فیدای ئاییـــن
گـەلێك شـەوڕەویو برسـیو بێخـەوی
گـەلێك بـڕینی هـەورازو نـــــەوی
چـیای گـازەران تـا كوێلّـەو ماكـــوان
شـاهۆو ئاتەشـگە تاچـەمی مــــزران
لەقـــەلاّی جـــوانڕۆو پـاوەو دوریســـان
جێگا ی كاك حوسەین هەتاكـــو لاران

لەتـــەنگی شـــەوەو کلـــورو لاوران
چیبای شەوێسەر شارۆچکەی باینگـــان
مـــەیگۆڕێ بگـــرە تـــا چـــەمی سـیروان
لە کرماشـانۆ تادەشـتی مالـــــــوان
بـــە پیـــاوو ژنـــی ولاّتـــی خۆمـــــان
هەمو شایەتن بـۆ رۆژی دیـــــــوان
مالآوایـــت کـــرد لەهـــەموو قـــەومان
منت بە جێهێشـت لـەدوور ولاّتـــــان
خۆغـەمت نـەماو رزگـار بـوی یەکسـەر
خـوا لێـت رازی بـیَو دووربـی لەسـەقەر
مـــن بـــۆ تـــۆ ئەکـــەم ئـــاوا دوعایـــــە
کـــێ بۆخـــۆم بکـــا ئـــاوا نزایـــــــە؟
خـــودا هـــەرخۆتی پادشـــایی دییـــــن
رزگـــاری بکـــەیت بـــرام نورەدیـــــن
ئـــەو رۆژەی کـــەوا نامینـــێ سێبـــەر
لـــە ســـایەی عەرشـا بـبین موسـتە قـەرٍ

بەڵێ کۆمەڵێك لەو برایانەش کە لە گەڵمدا دەرچون چەند کەسێکیان لە هیجرەت و ئاوارەیی وەفاتیان کرد وەك مەلا نورەدین و کاك علی حاجی احمد کە هیوادارم خوای گەورە لە گوناهیان خۆش بێت و لە بەهشتەکەی خۆی کۆمان بکاتەوە (امیـــــن).

حکومەتی عێراق و بزوتنەوەکەمان

کاتێ لەکەوتە بوین موخابەراتی کەرکوك دووجار نەبەردی جافی ناردە لام وجاری سێهەم دەعوەتیان کردم بۆ کەرکوك گوایە بۆ ئەوەی کە یارمەتیم بدەن ئەوان داوایان لێکردم کەمنیش یارمەتیان بدەم هیچ نەبێت بۆئەنجامدانی یەکێك لەم سێ خاڵانە:

یەکەم: داوایانکردو وتیان: مادەی تەقینەوەتان پێدەدەین کە لە ناو شارەکاندا تەقینەوە بکەن وتم: ماوە بەشتی ئاوەها نادەم وئەوە بەشتێکی حەرام ئەزانم واللە ئەگەر بزانم بە تەقینەوەیەك رەفسنجانی کە سەرکۆمارە دەیکوژم مادام منداڵێکی لە گەڵدا بریندار ببێت نایکەم .

دوهەم: وتیان مادەی تەقینەوەتان پێدەدەین کەپردەکانی ئێران ئەوانەی کە لەسنورەکاندان بیانتەقێننەوە منیش وتم: من ئێران خاکمە و نامەوێت پردێك بە پارەی میلەت دروست بووە بیروخێنم چونکە ئەوەندە عەسکەری ئێران کەڵکی لێ وەر دەگرێت دوو ئەوەندە خەڵکی گوندەکان کەڵکی لێ وەر دەگرن بۆیە ئەوەشم قەبوڵ نەکرد.

سێهەم: وتیان دەی با رەسەدی ئێمە لەگەل نەفەرەکانی ئێوەدا بچێت بۆ ناو خاکی ئێران بۆ لێدانی شوێنە هەستیارەکان منیش وتم ئەوە بەتاوانێکی گەورەی دەزانم هەرکەسێك یەکێك لەوشتانە بکات و لەناوخاکی ئێراندا بیگرم وەکو جاشێکی ئێرانی حیسابی لەگەلدا دەکەم. جا کابرای رەئیسی موخابەرات کەناوی ئەبو مێزەر بوو بە

تورەییەوە عەینەکی لە سەرچاوی لابردو وتی: ئەی تۆچۆن هیچکام لەوانە ناکەیتو داوای یارمەتی لەئێمە دەکەیت؟! وتم: من سەرەتا داوای یارمەتیم لەئێوە نەکردوە ئێوە منتان دەعوەت کردوە بەڵام کە ئیستا هاتوم ئەڵێم دوژمنمان موشتەرەکەو شەڕی هەرلایەکمان بۆ ئەوی تر سودی هەیە جا هەندێك لەوچەكوچۆڵەی کە خۆتان بەکاری ئەهێنن بیدەن بەئێمەیش با بەکاری بێنین بەوشێوەی کە خۆمان بە سودی ئەزانینو هیچ شتێکی بەمەرج قەبوڵ ناکەین ئەگەر یارمەتیمان دەدەن ماڵتان ئاوابێ ئەگەر نایشیدەن ماڵی خۆتانە.لەپاشدا هەر بە سەیارەی خۆیان منیان هێنایەوە بۆهەڵەبجەو لەوێوە گەڕامەوە بۆکەوتەوهیچ جۆرە یارمەتیەکیان نەداین.

بەڵێ هیجرەت بەڵام چۆن؟

پاش دوو ساڵ سەختیو بێ جێگاو رێگاو بەبێ یارمەتی هیچ لایەك لە کەوتە سازمانی خەباتی نەتەوایەتیوئایینی کەئەوکاتە مەقەڕی سەرەکییان لەماوەت بو، بۆ ئاهەنگی ساڵانەی خۆیان دەعوەتیان کردینو ئێمەیش بەئومێدی ئەوەی ئەوان لەنزیکەوە بناسین بەڵکو دەرگایەکیش بۆ ئەم وەزعە سەختەی خۆمانیش پەیدابکەین وەڵاممان دانەوە و چوینە ماوەتوچەند رۆژێك لەوێ ماینەوە بەڵام بێ هیوا گەڕاینەوە بۆ کەوتە، پاشان خەبات بوو بە دوو بەشەوەو کوڕێکی مامۆستا شێخ جەلال لەئێراندا کوژراو ئێمەش بۆ سەرخۆشی هاتینە لای لە سلێمانیو مامۆستا خواجەزای خێری بداتەوە زۆر رێزی لێ گرتینو بە مامۆستا شێخ عیزەدینی برای کە لەوێ بو ناساندینی و مامۆستایش رێزی لێ نایندو دەعوەتی ماڵی خۆیشی کردین فەرموی: بەراستی ئێوە سەلانتان کە تەنها ئیسلام دەتوانێ شۆڕش بکاتو لەسەر

پێی خۆی بوەستێت، بەڵی ماینەوەو مامۆستا شێخ جەلال داوای یەکبونی لێ کردین وتی ئەوانەی رۆیشتن نەیاندەهێشت کەئێمە بەیەك بگەین ئیستا ئێمە ئامادەین کە یەکبگرین منیش چەند مەرجێکم دانا مامۆستا بەڵێنی دا کە جێبەجێی بکاتو ئێمەیش چوین سەردانێکی مەقەڕی ئەوانمانکرد لەرانیە و وەلامان دانەوەو تا نۆ مانگ بەیەکەوە بوین بەداخەوە هیچ ئومێدێکمان نەما بۆیە بەمامۆستام ڕاگەیاند کەخەباتی خۆتان بۆخۆتانو خەباتی خۆم بۆخۆم و ناردی بە دوای ئەوکەل وپەلەی پێیدا بوم داوایان کرد وپێمدانوبردیانەوە کە بۆجاری دووهەم بەر تالانی کەوتین لە هەڵەبجەوە وبە روتی بێ ماڵو کەلو پەل هاتبوین بەر کیمیایی و تالانو بڕۆ کەوتبوین. پاشان حکومەت داوای لێکردین کە لە شاردا نەبینو وەکو وتمان چوینەبناری قەندیل ولەگوندی بایەوان جێگیر بوین کەناوچەیەکی موحەڕمە بو کە بەشەکەی تری خەبات لەوێ دا بون خوا جەزای خێریان بداتەوە ئەوانیش هاتن بەدەمانەوەویارمەتیان داین بۆ دروستکردنی جێگاو سێ چادرم دایە دەم یەك و هەڵمدان، شایانی باسە ئەمجارەیش بەر شالاوێکی تر کەوتم ئەوە بو دۆستانی ناوخەباتی ئەوێ بەتایبەت مەلا حوسەین زاواکێی پێیان وتم کەئێوە دێنە ئەو ناوچەیە هیچ یارمەتیەکتان نیە ئەی چۆن ئەژین بەڵکو هەرچۆن هەبێ هەندێ چایی بکرن لەگەڵ خۆتان بیهێنن چونکە زیلی عەسکەری ئەتانبات لەرێگادا نایوشکنن، بەڵێ دووسەد کیلۆچایمان کڕی و شەڕی عێراقو کوێت روی دا وچای گرانبو بەلام ئێمە هێشتا هەر لە شاربوین وچاوەڕوانی بڕیاری تەواوی حکومەت بوین لەوکاتەدا بڕیاری سەدام دەرچو بۆئەوکەسانەی کەشت قایم بکەن بەراستی منیش ئەمزانی کە حکومەت بۆ بەهانەیەك ئەگەڕێ بۆم جا بێنو ئەوەندە چای ببینن لەوانەیە

توشی گرفتاریم بکەن، چای لە لام بوو بە بەڵا و برادەرێکی دۆستم هاتەلام‌و وتی ئەگەرپێت خۆشە من جیبێکم هەیە شەو دێم چاییەکە باردەکەم‌و دەیبەم بۆ سەر مەزرەعە تا ئەکەونە سەر رۆیشتن قابیلە بێن مەزرەعەکانیش بوشکنن پاش چەند رۆژێك دیم کەوەزع تەنگتر بو لەخەڵك لەبەر ئەوە ناردم کەبیفرۆشن با لە ملی ئەومالّەیشی بکەینەوە جاهەر ئەورۆژەی کەبڕیاری فرۆشتنیم دا لەکاتی نوێژی عەسردا ئەوبرادەرەی کە چاییەکەی لابوو هات‌و رەنگی تێك چو بوو وتم: خێرەوا رەنگت تێك چوە؟ وتی: وەڵا چاییەکە دزراوە، منیش پێکەنیم، وتی: چۆن پێ دەکەنی؟ وتم: خۆناگریم ئەگەر هی تۆ بوایە من دەموت خەم مەخۆ ماڵی دنیایە و دەمێکە من بەو چاییەوە مەشغولّم وچاوەڕوانی خێرم لێدەکرد وخەریك بو لە خواپەرست ببم بەچای پەرست، سوپاس بۆ خوا ئەوە چای نەما تەنها خوا خۆیم بۆ ماوەتەوە و هەر خۆیشی بەسە. بەڵێ لەوێ بوین تا دوای ساڵی ١٣٧٠هەتاوی واتە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە حکومەتی عیراق لە ناوچە کوردیەکان کشایەوە وپێشمەرگە هاتنە ناو شارەکان و ئێمەش هاتینەوە بۆ ڕانیە.

هاتنەوەی ئەحزاب بۆ ناو شارەکانی کوردستان کەمێ بواری ئازادی رەخساند کەتوانیم سەردانی شارەکان بکەم و ئەو برایانەی کە لە ناو ریزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی عێراق بوو بیاناسم و بە هۆی تەجروبە یەکەوە کەهەمبوو هەولّم دەدا کەوا ریزی موسڵمانان لەم دێو بتەو بێت و خۆیان دور بگرن لە تەفرەقە و دوو بەرەکی وچونکە ئەمویست ئەوەی کە بە هۆی حیزبایەتی توشی ئێمە بوو توشی ئەوان نەبێت ئەوە بوو کە وا مامۆستا کرێکار کە لە دەرەوە هاتبویەوە نەهاتبویە ناو ریزەکانی

بزوتنەوە لە عێراق‌و بۆ خۆی تەنزیمێكی دروستكرد بو وكۆمەڵێك پێشمەرگەی چاكی لە دەور بو بۆیە مامۆستا شەریف و مامۆستا وریا خوا لێیان خۆش بێت چەند جارێك داوایان لێ كردم كەوا قسەی لە گەڵدا بكەم بۆ ئەوەی بێتە ناو بزوتنەوە، منیش هەربۆم رێك نەدەكەوت تاكار گەیشتە ئاستێكی مەترسی دار و نزیك بو بزوتنەوە هێرش بكەنە سەری، ئەوە بوومەلاشەریف خوالێی خۆشبێ لەڕانیەوە سەیارەی نارده شوێنم بۆبایەوان‌و ڕجای كردبو كە بە پەلە بگەمە ڕانیە كەجەنابی مامۆستا عەلی عبدالعزیزیش بۆمەسئەلەی كرێكار هاتبوە ڕانیە، منش دابەزیم‌و هاتمە ڕانیە پاش قسەوگفتوگۆ دیم وەزع باش نیەو منیش لەبەرخوا و پاشان وەحدەتی موسڵمانان بەسێ سەیارە چوین، پاش گفتوگۆیەكی چڕوپڕ بەخۆم ومامۆستاحەسەن چەمچەماڵی‌و كاك عبدالوهابەوە بەتەنهایی لەگەل مامۆستا كرێكاردا قسەو گفتوگۆمان كردو وتمان كەچەند حیزبی لە ئیسلامدا دروست نیەو حەرامە خواپاداشی خێری بداتەوە بەجوانی گوێی لەقسەكان گرت‌و قسەكانی پەسەند كرد وئامادەی تێكەڵابوون بوو داخوازییەكانی پێداین‌و ئێمەیش بەخۆشیەوە بەرێك‌و پێكی‌و بە ئەمانەتەوە بە مامۆستا عەلیمان گەیاندەوە كە ئەویش زۆر پێ خۆشحاڵ بوو خوا لەتاوانی هەمولایەكمان خۆشبێت جا كەجاری دووهەم چوینەوە خەڵكێكی زۆرتر بوون وئەمجارە بەتەواوی بڕیاریان دا هەمومان بەیەكەوە هاتینە دیانەو لەوێ لەگەل مامۆستا عەلی عبدالعزیز كەهەر بۆ ئەومەبەستە هاتبوو بە یەك گەیشتن‌و دەستیان لەملی یەك كردو منیش گەڕامەوە بایەوان.

بە ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان دڵخۆشیەكیش بۆ من دروست بوو وەكو كوردێك بۆ گەلی كورد كەوا دوای سالانێك مەینەتی و نارەحەتی و

ئاوارەیی، چەند باشە کەوا کورد ڕێگا و جێگای خۆی هەبێت بۆیە منیش کە ئەم حکومەتە ساوایەم دەبینی کە تازە خەریکە خۆی دەگرێت و زۆربەی دانیشتن و داواکاری و لایەنی ئابوری لە گەڵ ئێراندایە بۆیە بەباشم نەزانی کەوا مەقەڕات بکەمەوە نەوەك ئێران لەم حکومەتە ساوایە بهانە بگرێت و ئەوانیش بە هۆی منەوە توشی قەیرانی ئابوری و سیاسی ببنەوە جا ئەوە وای کرد لە من کەوا دان بە خۆمدا بگرم و مەقەڕات نەکەمەوە و بەردەوام لە سەر ئەو دەعوە و بانگەوازەی خۆمە بەردەوام بووم هەرچەند لە لایان کەسانێك قسە گەلێك دەوترا کە مامۆستا بۆ کونفرانس نابستێت گەر حیزبی هەیە لە حاڵێکدا من بۆ دین دەرچوم و دینەکەم فێری کردوم کەوا ئیسلام بۆ ئەمن و ئاسایشی هەمو لایەکە و لەو کاتەش کە بزوتنەوەیەکی ئیسلامی و گەنجانێکی خوێن گەرم هەبون و بارودوخی ئابوری کوردستانیش زۆر خراپ بوو ودەبوایە لە ئێرانیش شتی بۆ بهاتایە و حاڵی کوردیشم دەزانی کە چەندەها جار ئاوارەی وەڵاتان بووە هەر بۆیە چاوم لە خزمەتی گەڵەکەم بوو الحمدلله لەو لاش جم و جوڵی ئیسلامی هەبو و حیزبایەتیم لە ئیسلامدا بە حەرام دەزانی و دەیزانم بۆیە وتم مادام ئەم بزوتنەوەیە بە دەرویش و سوفی وسەلەفی ئیخوان هەیە با بە هەمومانەوە خزمەتی ئەم بزوتنەوەیە بکەین تا بتوانین بەرە بەرە ئەم دینە جوان و تەواوە لە کوردستان بڵاوە پێ بکەین تا بە داخەوە لە ساڵی ١٩٩٤ هەمان فیتنەی ئێران و جیابونەوە و تەفرەقە کەوتە ناو ڕیزی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراقیش .

کاتێك کە شەڕی نێوان بزوتنەوەو یەکیەتی دروست بوو (ی ن ك) لەبەرواری ٢٨ /٤/ ١٩٩٤ لەرۆژێکدا سێ جارهاتنە سەرماڵی ئێمەو

ئەوەی کەبەردەستیان کەوت لە کەرەسەی نوسینو چەك وچۆڵ هەمویان برد تەنانەت دەمانچەی شەخسی خۆمیان بردوجارێکی تر بەرتالان کەوتینەوە بەبیانوی ئەوەکە پارتی و ئیسلامی هاتوچۆت دەکەن لەحالێکدا من هیچ کوردێکم لەوی تر جیا نەکردوەتەوەو ئەوەی کە توانیبێتم لەچاکە وئامۆژگاری وقسەی خێر کەسم بێ بەش نەکردوە مەگەر کەسێك خۆی لە من دوور گرتبێ .

بەڵێ برادەرانی پارتی و تەنانەت قایمقامی رانیەکە یەکێتیش بو بەوتالانیە زۆر نیگەران بون لەبەر ئەوە لقی پارتی بروسکەیەکی کرد بۆ سەرکردایەتی و نامەیەکیان لە بەرواری ٢٩/٤/٩٤ ١٩بۆنوسیم بۆ م/س پارتی لە مەسیف سەلاحەدینوجێگری لقو سێ برادەری ترم لەگەڵدا هاتن بۆ مەسیف بەلام ئەورۆژە وەلامی نامەکەی من نەنوسرا مامەوە بۆ سێ مانگ کە شەڕی نێوانی پارتیو یەکێتیش روی دا ئیتر من مامەوە پاش هەڵگیرسانی ئەوشەڕە کەمن لەمەسیف بوم جارێکی تر چونەوە سەرماڵو هیچیان بەجێ نەهێشت و تەقەیشیان لەخەڵکی گەڕەك کردبووکە نارەزای خۆیان سەبارەت بەو تالانیە دەر بڕی بو سوپاس بۆخوا کەس بەرنەکەوتبو، لەمبارەوە نامەم بۆهەمولایەنەکان نارد بەئیغاسەی ئیسلامیشەوە کە شێخ عەلی قەرەداغی سەروەکێتی ئامادەی یارمەتی دانی کچێکی هەتیویشمان نەبو؟!! بەلام کەسیان بەدەمانەوە نەهاتن بێجگە لەیەکێتی زانایان کەجێگای رێزو پێزانینمانەوخوا لەدکتۆر محمد گەزنەی سەرۆکی ئەوکاتەیان خۆش ببێت، بەراستی مەردانەوبرایانە رەفتاری لەگەڵماندا کرد.

الحمدلله تا ئێستا لە سەر ئەو رێگەو رێبازە کە هەڵم بژارد بوو لە ساڵەکانی حەفتادا بەردەوامم وداوام لە خوای گەورە ئەوەیە کەراوەستاومان

بکات لە سەر ئەم پەیامە تا دەگەینەوە خزمەتی وا دوای ٣٠ساڵ دوری لە کەس و کار و ماڵ ومنداڵ و خاك و وڵات چاوەڕوانم کەوا خوای گەورە وەرچەرخانێك لە ئێران و وڵاتانی ئیسلامی دروست بکات تا ئەو ئاواتەی کەهەمە بێتە دی و ئومەتی ئیسلامی ببینم بە یەك پارچەیی و دور لە هەمو حیزبایەتیەك، بەڕاستی تا قورئان وەك سەرچاوە ئەسڵیەکە دەستی پێوە نەگرین لە دونیادا قەد سەرکەوتوو نابین و لە قیامەتیشدا روو زەردی لای خوادا دەبین بۆیە زۆر جار کە بیرم لە بەش بەشی ناو موسڵمانان دەکردەوە خەم و پەژارەیەکی زۆر دایدەگرتم وبەقسەو بەقەڵەم دژایەتی ئەوبەش بەشیوحیزبایەتیەم دەکرد ئەم هونراوەشم لەم بوارەدانوسیوە:

ئەوەی یاسا بێت ئا لەم جیهانە بێجگە لە قورئان هەموی تاوانە
چونکە دەسکرد و بیری ئینسانە بناغەی بۆشەو رێگای شەیتانە
تەنیا ئەو گەلە سەر بەرزە و زانا هەڵکەوتو بە فام خاوەن توانا
شایستەی بەڵێن لایق بە ڕەهبەر یاسا قورئان بێ‌و پێشڕەو پێغەمبەر
چونکە بێ فەرقە بۆهەمو بەشەر هێنەری خێرە و لابەری زەرەر
دینی بۆ ژینەو ژینیش لە بۆ دین بەختەوەر دەژین مەردانی ئایین
نابێ بە بەندەی سك و سامانی بێ باکە لە ترس بڕینی نانی
چونکە دەزانێ هەرخوا رازیقە نافەرمانی ئەو کاری زندیقە
دوژمنی هەموو داگیر کەرانە دژ بە تاغوتە و دۆستی قورئانە
دوژمنی زاڵم دۆستی مەزلومە کام ڕەوشت بەرزبێ لەودا مەرسومە
دژبە دروو و نیفاق و دوو ڕوو دژ بە حەسادەت وەسفێکی بێ ڕوو
دژبە فەسادەو تالانەودزی دژ بە وێڵگەردی و زوان پیسی و گزی
دۆستی دادگەری دژی بێ دادان دۆستی ئاسایش دژی خوێن ڕێژان

تا ئەو یاسا بوو مرۆڤ حەســـــاوە   بە نەبونی ئەو ژیانیش نەمـــــاوە
لە لایەك سپی ڕاوی ڕەش ئەکـــا   بەوحاڵەش باسی مافی مرۆڤ دەکات
بۆ مافی تاکێك دەیان جووت نەمــا   مرۆڤ قـــڕانە لەم چەرخەی عیلما
جا کوا کەی ووتی عیلمی بەسەزمان   مرۆڤ قڕ بکە بۆ خـــــاتر زمان؟
هەرچی سەروەتە و سامانە بۆ خۆت   مافی بێ دەستـــان بخەرە ژێـر پێت؟
هەرکەسێ وتی منیش بۆخۆم هەم   تەفروتونای‌کەی‌و زوو بیکوژە بەستەم؟
بۆئەوەی ناوت گەورەی جیهان بێت   هەزران گیان و مێشکت قوربان بێت؟
برام ئاوایـــــــــە ئیشی ئەمـــانە   نەکەویتە داوی مەکـــری بێـــگانە
هەزاران تەڵەو کەمین وئەحـــزاب   تا بێـــزارت کەن لـــە ڕەبولئەرباب
هیچ کام لەمانەش ناگـــۆڕن قەدەر   بەڵکو سەبەبن و دەر خەری قـەدەر
ئەسبابیش بۆ خـــۆی نیەتی تەئسیر   لاحـــول ولا بۆت ئەکـــا تەفسیر
هیچ شت ڕوونادات لەم بونەوەرا   لە تەڕو لە وشك لە پەڵکە گلا
مەگەر زاتی حەق بڕیارێ دەر کا   ئینجا ئەو شتە ئاڵ وگۆڕ ئەکـــا
ئەمە ئەسڵێکە و بناغەی دینـــــە   تەوحیدی نابیت بێ ئەم بنچینە

هیوام وایەانشاالله مێژوی ئەم بزوتنەوە کە زۆر هیوام پێیەتی ببێتە ڕێگای برایەتی و دۆستایەتی و پێکەوە ژیانی هەموموسڵمانان و هەر لاپەڕەیەك کە لێی دەخوێننەوە لە سەر سەرەتای دروستبوونی ئەم بزوتنەوەیە زیاترخوینی گەنجەکانمان بجوڵێنێت و هانیان بدات بۆ خزمەتکردنی پەیامی خودا و گوێڕایەڵی پێغەمبەری پێشەوا درودی خوای لێ بێ و وزەو توانای لاوی‌وگەنجی خۆیان لە شتی بێ کەڵکدا بە هەدەر نەدەن چونکە گەنجیەتی زۆر خۆشە و ئەگەر لە گەڵ قورئاندا بێت ئەوا خۆشترە لە کۆتایدا دوعای

خێرم هەیە بۆ هەمووبراوخوشكێكی خواناس‌ودڵپاك‌ودڵسۆزبۆ ئایین‌وگەل‌و نیشتمان و خوای گەورە لە بەهەشتەكەی خۆیدا كۆمان بكاتەوەو بەر شەفاعەتی پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ)بكەوین .

نوسەر: راستە كە وتراوە بۆ هەمیشە خۆر لە پشتی هەورەكان نابێت رۆژێك وەدەر دەكەوێت بەڕاستی ئەوانەی وا نەیان ئەویست بیرو بۆچونی ئەم بزوتنەوەیە وە دەر كەوێت و ناوی هەبیت چ لە ئێران و چ لە كوردستانی عێراق خوای گەورە ئەو نیەت وئارەزۆی ئەوانەی پوچەڵ كردەو، ئەو عەقیدەو بیر و باوەڕی كە جەنابی مامۆستا هەیبوو بەرامبەر بیر و باوەڕی شیعە ئیستا وا دوای ٢٩ساڵ خەڵك قسەكانی بەڕێزیان دەكات كە زوڵم و زۆری حكومەتێكی دژ بە ئایین وە دەر دەخەن، ئەو كاتەی كە جەنابی مامۆستا دەیوت ئەمانە شیعەن و متمانە بە شیعە ناكرێ كۆمەڵێك رخنەیان لێ دەگرت و لە كوردستانی عیراقیش برایان موسڵمان خومەینیان بە عالمێكی چاك و دلسۆز بە دین دەزانی و بە داخەوە ئەوەی مامۆستا ئەو كاتەی لە سەر شیعە زانیویەتی كەوای لێ كردوە بەرامبەریان جیهاد بكات دەبینین ئیستا بەرنامەی تەلەفزیونی و كەناڵی ئاسمانی بۆ دادەمزرێنن، دوای چی؟ دوای ئەو هەمو قەتل وعامەی زانایانی ئەهلی سوننە !كە بەداخەوە هەمیشە سوننە هەڵوێستی ئاوا بووە ودێر بە خەبەر هاتوە لەو خەوەی كە تێیدا بووە وا ئیستاش ئەوانەی وتاریان دەدا و دەیانەوت ئێمە دژایەتی چەك دەكەین كە ئەم جەماعەتە هەڵیانگرتوە چۆن لە تەفسیری قورئان تێ گەشتون ئەی بۆ كاتێك موسڵمانان توشی ئەزیەت و ئازار دێن خوای گەورە ئەمر دەكات بە پێغەمبەر درودی خوای لە سەر بێت و ئەفەرموێت ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ إِن يَكُن مِّنكُمۡ عِشۡرُونَ

صَـٰبِرُونَ يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾[١] واتە ئەی موحەمەد **ئیمانداران هان بدە لە سەر کوشتن وجیهاد کردن** بەڕاستی ئەگەر ئێوە بیست کەسی خۆ ڕاگر بن سەر دەکەون بە سەر دوسەد کەسدا و ئەگەر سەد کەس بن سەردەکەون بە سەر هەزار لەو کەسانەی کە بێ باوەڕن، بەڕاستی ئەوانە گەلێکن کە وا تێ ناگەن، ئەگەر گوێ رایەڵی نەبێت بۆ ئەم ئایەتانە کەوا بوو ئەبوایە ئەم ئایەتانە بسڕایەوە مادام داواکاری خودای ئەمینی ئەرز و ئاسمانەکانە بۆ ئەمینی کە جبرەئیلە و لە ئەویشەوە بۆ موحەمەدی ئەمینە بە قورئانێك کە ئەمن و ئەمانمان بۆسەر زەوی دەگەڕێنێتەوە بە هۆی ئیماندارانەوە و ئەفەرموێ: ئەی موحەمەد ئیمانداران هان بدە لە سەر کوشتن و جیهاد و خەبات‌و خۆ بەخت کردن لە پێناوی دینی خودادا و کەسانێکیش حیزبی ئیسلامی قنج دەکەنەوە و بە زمانی حاڵ و کردەویان دەڵێن خودا باشی نەزانیوە لە گەڵ پێغەمبەرەکەیدا، جیهادی چی و هاندانی چی و لە باتی ئەوەی گەنجەکانمان بە قورئان و حەدیسەوە سەرقاڵ بکەن دێن بە بەرچاوی هەمو عالەمدا ئەفلام و موسەلسەلاتی خۆشەویستی وچونیەتی عاشق بون و چونیەتی شیوەی کوشتنی بە ناحەق و دزی و بانگەشە بۆ جل و بەرگی ناشەرعی لە کەنالە کانیانەوە بلاو دەکەنەوە کە ئەمە نەك خزمەتی وەلاتمان ناکات بەڵکو ولاتمان توشی دارمان دەکات و گەنجەکانمان بەرەو فەساد و بەد رەوشتی دەبات لە کاتێکدا الله ی خاوەن هێزو حەکیم دەفەرموێت ﴿ ظَهَرَ ٱلۡفَسَادُ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ بِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِي ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعۡضَ ٱلَّذِي عَمِلُواْ

---

[١] سورة الأنفـــــال

﴿لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٤١﴾ [١] خراپە و خراپەکاری و نائەمنی و داوێنپیسی ونەخۆشییو ڕووچونی زەوی و بومە لەرزە وەدەر کەوت لە وشکانی ولە ناو دەریاکان بە هۆی کردەوە نا لەبارەکانی خەڵکی دەی با تۆزێ لە عەزاب و نارِەحەتی کردەوەکانیان پیان بچێژن بەڵکو هۆشیار بنەوە و لە خەوی غەفڵەت هەستنەوە وبگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە، دەی برایان ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةٗ لِّأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ١٣﴾ [٢] ئا لەو (ئایەتانە کە باس دەکرێت بۆتان) پەند و ئاموژگاری تیدایە بۆتان بۆ ئەوانەی کە بە چاوی (عەقڵ و هۆشیان) دەیبینن.

یان ئەو مامۆستایانەی ئێران چۆن ئیجازەیان بە خۆیاندا کە وا دیفاع لە حکومەتێك بکەن کە هەر لە خودا و قورئان و پێغەمبەرە وە تا قیبلەو جێنشینانی پێغەمبەر(ﷺ)جیاوازیان هەیە لە گەڵماندا و باس لە خودایەك دەکەن کە سیفەتی (بداء)ی بۆ دادەنێن واتە خودا وردەکاریەکان نازانێت تا ڕوو دەدات ئەویش لە بەر بەرپەرچدانەوەی ئەو ئایەتانەی کە باسی سابیقینی موهاجرو ئەنسار و باسی بەیعەتی ریزوان دەکات وەك دەفەرموێ: ﴿۞لَّقَدۡ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ يُبَايِعُونَكَ تَحۡتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمۡ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيۡهِمۡ وَأَثَٰبَهُمۡ فَتۡحٗا قَرِيبٗا ١٨﴾ [٣]ئەوانەی کە لە ژێر ئەو درختە بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر (ﷺ)ابوبکر و عمرو زۆرێك لە سەحابەکانی تری تێدابوو کە ئەمڕۆ شیعە لەعنەتیان لێ دەکەن، چونکە دەڵێن خودا ئەو کاتە نەیزانیوە کە ئەمانە لە دوایدا لە دین هەڵدەگەڕێنەوە

---

[١] سورة الروم
[٢] سورة ال عمـــــــران
[٢] سورة الفتـــــــح

(مرتد) وەکو عالمێکی شیعە بەناوی شیرازی دەڵێت: (خدای بیچارە چی میداند اینها بعدا مرتد می شوند) واتە خودای بێچارە چوزانێت ئەمانە لە دوایدا لە دین پاشگەز دەبنەوە پەنا بە خوا، ئا بەم شێوە لە گەڵ خودا دەدون کە ئێمە وەکو ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئاوا خودایەکی بێ ئاگا لەئایندە ناناسین بەڵکو ئێمە خودایەك دەناسین کە ﴿ هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٣ ﴾[1] ، وەئەڵێن عائیشە دایکی ئیمانداران‌و خێزانی پێغەمبەر داوێن پیس بووە لە حاڵێکدا خودا لە بارەی خێزانەکانی خۆشەویستمان دەفەرموێت: ﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ ﴾[2] واتە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ بڕواداران لە خودی خۆیان لە پێشترە بۆیان و خەمخۆرە بۆیان و حەزناکات توشی هیچ نارەحەتی و خەم و خەفەتێك بن و خێزانەکانیشی دایکی ئیماندارانن و ئەبێت وەکو دایك ڕێزیان لێ بگیرێت، شیعەکان دەڵێن و لە کتێبە گەورەکانیان هێناویانە کەوا مەرجەعن وەك مەجلیسی و کولەینی، وخومەینی وخوئی کە عائیشە ـ دایك بڕواداران ـ چل درهەمی بە زینا کۆ کردبووە کەوا لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)دای بە نەیارەکانی علی کەوا شەڕی بۆ بکەن[3] ﴿ سُبۡحَٰنَكَ هَٰذَا بُهۡتَٰنٌ عَظِيمٞ ١٦ ﴾[4] لە حاڵێکدا ئەهلی سوننەت و جەماعەت پێی وایە کەوا ئەمە ئەسڵ و ئەساسی نیە و قورئان پاکیەتی حەزرەتی عائیشەی سەلماندوە لە سەر ئەو بختیانەی کەوا دووڕووەکان و سەبەئیەکان

---

[1]) سورة الحديد
[2])سورة الأحـــــــــزاب ٦
[3])الحافظ الشيعي رجب البرسي في كتاب (مشارق أنوار اليقين ص٨٦ مطبعةالأعلمي – بيروت).
[4]) سورة النور

بۆیان هەڵبەست و خێزانەكانی پێغەمبەریش (ﷺ) دایكی بڕوادارانن، كە ئەوان ئەسڵی نیزاعیان عائیشە و ئەبوبەكر و عومەر نیە بەڵكو ئەوان شەڕ لە گەڵی شەخسی پێغەمبەردا دەكەن بەلاّم بە ناڕاستەوە خۆ چونكە كەس پێی خۆش نیە تۆمەت بدرێ لە خێزانی كە ئەویش عائیشەی پاك و خاوین كە زیاتر لە ٢٨٠٠حەدیسی لە پێغەمبەرەوە ریوایەت كردوە وباوكی ئەبوبەكرە كە تەنهاخەلیفەی پێغەمبەر بوو عومەر و عوسمان و علی و معاویە ئەمیری بڕواداران بوون ودەڵێن علی خوا نەبووە و دەسێكی كەمیشی لە خودا نیە پەنا بە خوا بۆ ئەم كوفرە زەق و ئاشكرایە و لەعنەت لە ئەبوبكر و عومەر و عوسمان وتەلحە و عبدالرحمن بن عوف و زۆرێك لە هاوەڵەكانی تر دەكەن[١] وە لە بارەی قورئانیشەوە سێ بۆچونیان هەیە كە:

یەكەم: دەڵێن ئەم قورئانە ١٨٠٠٠ئایەت بووە ١٢٠٠٠ لەبارەی علی وكوڕوكوڕەزاكانی بووەو عوسمان لای بردوە؟!!

دوهەم: دەڵێن ئەم قورئانە نیوەی لای عەلییە ودیارە حەزرەتی عەلیش نەیوتوە؟!!

سیهەم: دەڵێن قورئانی ئێمە قورئانی فاتیمەیەو لەلای ئیمام زەمان لەچاڵی سامەڕایەو یەك حەرفی ئەم قورئانەی تێدا نیەو بەزمانی عیبریە(زمانی جولەكە) نەك عەرەبی كەوابوو لە قورئانیش فەرقمان هەیە چونكە ئەهلی سوننەت لە سەر ئەو باوەڕیە كەوا قورئان تەواو

---

[١] نعمةالله جزائری فی كتاب (الأنوار النعمانية ج١ص٥٣و٦٣باب١ مطبعة الأعلمی - بيروت) و زين الدين السنابطی فی كتاب (الصراط المستقيم ج٣ ص ٣٠) و خمينی فی كتاب (كشف الأسرار ص١٢٦و١٢٧) و محمد تويسركانی الملقب بعمدة العلماء و المحققين فی كتاب(لئالی الأخبار مكتبة قم ج٤ ص ٩٢) و هكذا محسن الحكيم و محمود الحسينی الشاهرودی وابوالقاسم الخوئی و سيد محمد كاظم شريعتمداری و سيد علی نقی النقوی

وكەماڵە و دەستكاری نەكراوە و خودا وەعدی داوە كـەوا بیپارێزێـت تـــا رۆژی قیامـــەت ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ﴾[1] هـــەر وەهاقیبلـەی ئـەوان كەربەلایـە و زیـارەت كردنـی خێـری زۆرتـرە لـە زیارەتی كەعبە ی پیرۆز، سەرە ڕای ئەمەش بـە بـەردەوامی لەعنـەت لە خەلیفە راشدەكان و تەلحەو زوبێر و عەبدوڕەحمان ی كـوڕی عـەوف و وزۆرێك لە ئەسحابی تر دەكەن ئەوانەی كە وا پێغەمبەر (ﷺ) هەر لە دونیادا مـوژدەی بەهشـتی پـێ داون، جـا مامۆسـتای بـەڕێز تـۆ چۆنو چیت لە شەرعی خودا خوێندوە كەوا كۆمـەڵێك ئـا بـەم بیر و بۆچونە دژایەتی خودا و پێغەمبەر و دیین و قورئان و قیبلەت بكـەن تۆ بە باشیان بزانیت و دیفاعیـان لێ بكـەیت و كۆمـەڵێكیش كـەوا گیانی خۆیان بەخت دەكەن لە پێناوی ئەم دیین و خاك و نیشتمانەدا تۆ بە خەواریج ناویان ببەیت؟!، بەڕێز ئایا كۆیی ئەم ئیشەی ئەمانـە لە خـەواریج دەچـێت ؟ خـۆ حكومـەتی تـۆ حكومەتەكـەی ئیمـامی عەلی نەبوو تا ئەمان لێـی یـاخی بـن بـەڵكو حكومەتەكـەت دژ بـە خوای علـی و پێغەمبـەری علـی و قیبلـەی علـی وقورئـانی عـەلی دامـەزراوە، ئایـا ئیسـتاش دوای ئـەو هـەمو كوشـت و كوشـتارەی زانایانی سونی لە ئێران و بەشداری كردنی حیزب اللـە ی لوبنـان و پاسداران و بەسیجی ئێران بۆ ئەو قـەتڵ و عامـەی خـەڵكی سـونی سـوریە لـە لای جـەنابت ئایـا ئیسـتاش هـەر مامۆسـتا و موجاهیدەكانی ئیسلام كە پیش لـە ٢٩سـاڵ باسـی كـوفرو تـاوانی شیعە یان دەكرد هەر بە خەوارج دەزانیت ؟ ئایـا هێـزو دەسـەلاتێك

---

[1] سورة الحجـــــر

کە ڕشتنی خوێنی گەورە پیاوان وزانایانی ئەهلی سوننە بە حەڵاڵ بزانێت و شەهیدیان بکات ئایا دەکرێت بڵێن ئەم حوکم و دەسەڵاتە بەرنامەو ریبازی الله یەو وەکو حاکمیەتی ئیمامی علی یە کە پێغەمبەر (ﷺ) موژدەی بەهشتی پێ داوە ؟! ئایا لە خوادادگای دادپەروەری ئەوزاتە ناترسن؟ ئایا نازانیت بێ دەنگی ولاینگریت بۆ حکومەت بەڵگەی بەشداریتە لە رژاندنی خوێنی ئەو موجاهیدانە کە ملیان کرا بە پەتدا و شەهید کران ؟ گەر ئەوانە ڕاستیان دەکرد لە گەڵ خوا و میلەتدا و دەڵێن ئەو داواکاریانەی کە ئەم بزوتنەوەیە داوای دەکات ئەوە داواکاری ئێمە بووە وئەوان هاتوون داواکاریەکانی ئێمەیان بردوە بۆ پاش تەسبیت و جێگیر کردنی قانونی ئەساسی کە مەزهەبی شیعە وەکو مەزهەبی رەسمی ١٢ئیمامی ناسرا کە پێشتر بۆچونی شیعەی دوانزە ئیمامیمان باس کرد ، بۆ هیچ هەڵوێستێکتان نەبوو؟ چون وەڵامی خودا دەدەنەوە لە قیامەت بەوەی کە دەڵێن (ئێمە هەرچیمان توانی بۆ سارد کردنەوەی ئەو خەڵکە کردمان، کە یارمەتی ئەم جەماعەتە نەدرێت!!) ئایا هەر ئاواش هەرچیتان توانی بەرامبەر زوڵم حکومەتی شیعە کردتان؟ بۆکێ یە ئەم چاپلوسیو رێبازیە؟ ، باشە با بڵێین ئەم مەلایانە ئەو کاتە باش حکومەتیان نەناسی بوو بە حکومەتی قورئانیان دەزانی ئەی باشە بۆ دوای شەهید کردنی موفتی زادە هەڵویستان نەبوو، ئەی بۆ لە دوای شەهیدکردنی مەلاناصر سوبحانی و مامۆستا رەبیعی هیچ جوڵەیەکتان نەکرد، ئەی ئەم هەمو شەهیدەی ئەهلی سوننەتتان بۆ لەیادچو وەکو:

١) دکتۆر موزەفریان له ١١ /مرداد/١٣٧١شەهید کرا□
٢) دکتۆر احمد سەیاد له ١١مرداد/١٣٧١ شەهید کرا□
٣) مامۆستامەلا محمد ربیعی له ١٢/ئازەری /١٣٧٥ شەهید کرا□
٤) قدره الله جعفری له /اسفند/١٣٦٩ شەهید کرا□
٥) فاروق فرساد له ١٤/رەمەزانی/١٣٧٤شەهید کرا□
٦) مەولەوی موسی کرمپور لە پاکستان ١٤اردیبهشت /١٣٨٤ شەهیدکرا □
٧) عبدالملك ملازاده له ١٤/اسفند/١٣٧٤شەهید کرا□
٨) نعمت الله توحیدی له ٢١/فروردین/١٣٨٥شەهید کرا□
٩) شیخ محمد صالح زیایی له ٢٩/تیر/١٣٧٣شەهید کرا□
١٠) مەولەوی عبدالنصیر جمشید زەهی له ١٤/اسفند /٧٤شەهید کرا□
١١) علامه احمد مفتی زاده له ٢٠/بهمن /١٣٧١له دوای تەعزیبێکی زۆرئازاد کراو شەهیدبو.□
١٢) مەلاناصر سبحانی له ٢٨/اسفند١٣٦٨ ئیعدام کرا □
١٣) ابراهیم دامەنی□
١٤) مەولەوی عبدالعزیز ملازاده □
١٥) احمد میرین□
١٦) مەولەوی قلندر زهی□
١٧) مەولەوی نورالدین غریبی□
١٨) شیخ علی دهواری□
١٩) عبدالواحد سراوانی□
٢٠) مەولەوی نورالدین غریبی□
٢١) مەولەوی دادکریم□

٢٢) وفا سربازی□
٢٣) محمد ریگی□
٢٤) عبدالباسط ریگی□
٢٥) عبدالمالك ریگی□
٢٦) موجاهد عبدالغفور□
٢٧) شیخ عبدالوهاب خوافی□
٢٨) شیخ عبدالعزیز اللهیاری□
٢٩) شیخ عبدالعزیزکازمی□
٣٠) مەولەوی داد کریم□
٣١) دکتر بهمن شکوری□
٣٢) شیخ حبیب الله حسین بر□
٣٣) شیخ فقه احمد رسولزاده□
٣٤) خدابخش صلاح زهی□
٣٥) عبدالخالق ملازهی□
٣٦) انور مبارکی□
٣٧) عبدالستار بزرگزاده□
٣٨) شمس الدین کیانی□
٣٩) شیخ جمشید ملا زهی□
٤٠) محمد ناروئی□
٤١) مصطفی ناصری□
٤٢) عبدالجبار نور محمد□
٤٣) شیخ عبدالله براهۆیی لە ٢/٢/٢٠١٣ شەهید کرا□

٤٤) شیخ محمود عبداللـهی لـه ٢٠١٣/٦/٦ لـه گەڕانـەوەی ڕێگـای ماڵەوە بۆ سەراوان شەهید کرا

٤٥) فەقی احمد رسولزادە

ئەمانە و دەهای تر لە زانایانی ئەهلی سوننەت کە دوای ئەم بزوتنەوەیە کوژران و کۆمەڵێکیش لـە زینـدانن باشـە ئـەی ئەوانـەی کـە ئـەم خەباتـەی مامۆسـتایان بـە دەرچـونی خەواریجـەکان دەشـوبهاند و نیزامـی شـیعەی ئێرانیان بە نیزامی ئیسلامی لە مینبەرەکاندا ئەدا لـە قەڵـەم ئـەی بـۆ لـە کاتی شەهید کردنی ئەم هەمو زانایانە کە لـە سـەرەوە ناوەکانیـانم هێنـاوە هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو؟بۆ ڕۆژێك لە مینبەری مزگەوتەکان ئیدانەی ئەم کارە قێزەونە نەکرا ؟بەڵام بۆ ئازاین بۆ خۆمان کە مینبەرەکان بە کار بێنین دژی خۆمان ؟! تا کەی ئەم خۆ خۆریە و کوفر رازی کردن و دژایـەتی خـودا و قورئان کردنە؟ خۆ زۆربەی ئەمانەی سەرەوە کە حکومەتی ئێران شەهیدی کردون وەکو جەنابی مامۆستا و بزوتنەوەکەی چەکیان بە دەست نـەگرتبو و نەچووبونە چیا ، خۆ دکتور بـە همـەنی شـەکوری کـە یـەکێك لـە زاناکـانی سونی جنوبی ئێران بوو پێش لە خەباتی شاخی مامۆستا شـەهید کـرا کـە جەنابی کاك احمـد پـێش دەسـتگیر کردنـی ئیدانـەی ئـە کـارەی حکومـەتی کردوە و هەر وەها جەنابی کاك ئەحمـەدی مـوفتی زادە پـیش لـە جیهـادی جـەنابی مامۆسـتا عبـدالقادر ڕاپێچـی سـجن کـرا وەکـو لـە پێشـدا چۆنیەتیەکەی باسمان کرد وهـەر وەهـا ڕەحمـەتو الله عـەلیپور کـە نمایەنـدی مجلس بـوو لـە تـاران پـێش خـەباتی مامۆسـتا شـەهید کـرا و فەرەیـدونی تەعریف کە نوێنەری کوردسـتان بـوو و لـە لایـان کـاك احمـد مـوفتی زادە دەستنیشان کرا بوو و موستشاری ڕەئیسی جمهوری ئەوکاتە کە بەنی سـەدر

بوو پێش لە جیهـاد و دەرچـونی جـەنابی مامۆسـتا عبدالقادربـە دەسـتی نیزامی ویلایەتی فەقیە شەهیدکرا یەعنی دوای ئەو هەمو کوشـتن و بڕینـە مامۆستا بڕیاری خەباتی چەکداری داوە دژ بـە حکومـەت ، بەڕاسـتی هـەر وایـە جیهـاد و خـەبات هەمیشـە پیـاوی خـۆی دەوێـت، ئەوانـەی کـە خـەوو خـواردن و ئیسـراحەتیان لـە مامۆسـتا تێـك دا بـوو دەهـاتن و دەیـانووت مامۆسـتا: دانیشـتنمان گوناهـە وئـەو کـات مامۆسـتا خـەریکی خـانوو دروست کردن بوو دەهاتن و دەیـانوت تـا تـۆ خانوەکـەت دەکـەی ئێمـە لـە جیهـاد دوا دەکـەوین، دواتـر بینیمـان کەکەسـیان نەچـونە دەرەوەو رایـەخی خۆیـان راخسـتو پالآیـان دایـەوە و دەسـتیان بـەکار شـکێنی کـرد بـەڵکو هەندێکیشیان جاسوسیان لەسەر موسڵمانان دەکرد کەناوی زۆریـان لامانـە وبەردەوام ئیستاش هەر خەریکی ئەو ئیشە قێزەونەن ئەگـەر درێـژە بـەوکارە ناپەسەندانەیان بدەن ناویان بلآو دەکەینەوە ئیستاش کـە دوای ٢٩سـاڵە کـە بە سەر ئـەم بزوتنەوەیـەدا دەچێت کۆمـەڵێك ئیسـتاش جاسوسـی لـە سـەر دەکەن وگەر تەوەبە نەکـەن و نەگەڕێنـەوە ناوەکانیـان بۆخـەڵکی موسـڵمانی شەهید پەروەر ڕون دەکەینەوە و عاقیبەتێکی باشیش چاوەڕوانیان ناکـات و نزیکە وەکو جاشەکانی کوردستانی عێراقیان بە سەردا بێت کە کاتی خۆی وا پشـتی سـەدامیان گرتبـوو وایندەزانی تـا قیامـەت بۆیـان دەمێنێـت هیـوادارین کـە بـیر بکەنـەوەو کـار بەوجێگایـە نـەگات کـەدڵی دوژمنـان شادبکەن، ئێمە لـە کوردسـتانی عێـراق شـاهیدی کۆمـەڵێك کاولکـاری و کۆشتن و بڕین بۆین کە جاشـە کوردەکـان لـە زەمـانی حکومـەتی بەعسـدا ئـەنجامیان دەدا بەرامبـەر بـە خەڵکـە کـوردە دامـاوە رەش و روتەکـە و زۆر فەخر و شانازیان پێوە دەکرد چونکە قەت بیریان نەدەکرد رۆژێك بێت و ئەم

دەسەڵات و كورسیە نەمێنێت بۆیە جاشە كوردەكان لە گەڵ عەسكەری عێراق هەمو تەعەدایەكیان لە خەڵكی دەكرد وا ئیستا كە سەدام و دەم و دەزگاكەی نەماوە و خوداش وەعدی داوە كە تۆڵە لە زاڵمان بكاتەوە و تەنها ماوەیان دەدات كە گرتنی وازیان لێ ناهێنێت (ان الله لیملی لظالم حتى اذ أخذه لم یفلته) ئیستا دەبینین خەڵك داوا دەكات سەروك جاشەكان و جاشەكان بدەن بە مەحكەمە و نایشتوانن بە بێ حەرس بگەڕێن چونكە دەزانن چیان كێلاوە و خەڵك لێیان تورەن و ترسی گیانی خۆیان هەیە و یان خەڵك لاملاو لاوە تاكە تاكە جاش و سەرۆك جاشەكان دەكوژن لە بەرامبەر ئەو تەعدانەی كە زەمانی سەدام لە گەلی خۆیان كردویانە و بە تەئكید رۆژێكیش دێت ئەو جاشانەی حكومەتی شیعەی ئێران خۆیان دەشارنەوە لە تۆڵەی ئەو جاسوسی و كارە قێزەونانە كە كردویانە بەرامبەر بە كورد و موسڵمانان وخەڵك بۆ تۆڵە لێ وەر گرتنیان بە دوایاندا دەگەڕێن ئەو كات پەشیمان بونەوە مانای نابێت، بۆیە پێویستە هەر لە ئیستاوە بیریك لەئایندەی خۆیان بكەنەوە تا حكومەتی وەلایەتی فەقیە بە دەردی قەزافی و بن علی و نا موبارەك و سەدام وبەشاردا نەچوە كە نزیكە وای لێ بێت چونكە ئەمانە زوڵمیان كرد و سەرمایەی خەڵكیان بە ناوی (خمس)[1] وە برد وبە ناو (صیغە[2])وە داوێنی زۆربەی ئافرەتانیان هەتك كردوپیاوانی

---

[1] واتە یەك لە سەر پێنجی داهاتی خەڵكی ئێران دەبێت بدرێت بە مەلاكانی شیعە و ئەوان تەنها بانگەشەی مەزهەبی تەشەیع بكەن لە عالمدا .

[2] بریتیە لە زینا كردن كە ئافرەتان و كچان بە پارەیەكی دیاری كراو بۆ ماوەیەكی دیاری كراو دەدەن بە پیاوان كە لە یەك شەو هەیە تا سێ مانگ كە ئەمە ئەسڵێكە لە ناو بیرو باوەری شیعە و ئەوانەی كە بیانەوێت سەید زادە بن ئەوا ئافرەتانیان دەچنە كەربەلا لەوی بە ناشەرعی لە گەل كەسێكی كەربەلای كۆ دەبێتە وە دوااتر ئەو مندالە یان كە لە دایك دەبێت پێی دەڵێن سەید ویان پێ دەڵێن كەربەلایی.

ئایینیان کوشت و گەمەو گاڵتەیان بە دینی خودا کرد خوداش وەعدی داوەبە بەرزونزم کردنەوەی خەڵك و ئەفەرموێت﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِى ٱلْمُلْكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ ۖ بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾ ﴾[1] ئەی موحەمەد بڵێ دەسەڵاتداریەتی دەسەڵاتەکان خودایە و هەر ئەوە دەسەڵات دەبەخشێت بۆ هەر کەسێك ئارەزۆی لێ بێت و دەسەڵاتیشی لێ دەسێنێتەوە لە هەر کەسێك کە ئارەزۆی هەبێت و بەعیزەت وبە شەوکەتی دەکات بۆ هەر کەسیك کە ئارەزۆی لێ بێت و سەرشۆڕو زەلیلی دەکات بۆ هەر کەسێك کە ئارەزۆی لێ بێت خێرو چاکە هەر لە دەستی ئەو دایە و هەر ئەوە دەسەڵاتی بە سەر هەمو شتێکدا هەیە.

وا خوای گەورە داوامان لێ دەکات کەوا ئەوانەی گەمەو گاڵتە دەکەن بە دینی خودا نەیان کەین بە دۆستی خۆمان وەکو چۆن ئەمڕۆ شیعە گەمەو گاڵتە دەکەن بە هەمو موقەدەساتی مسوڵمانان هەر لە خودا و پێغەمبەر و قورئان و ئال و بەیت و کوشتن زانایان ئیسلام و حەڵاڵ کردنی خوێنیان بەڵکو ئەوانە دوژمنانی خودان وخودا ئیماندارران ئاگادار دەکاتەوە بەم ئایەتە و دەفەرموێت ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ وَٱلْكُفَّارَ أَوْلِيَآءَ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾ ﴾[2]

---

[1] سورة ال عمران

[2] سورة المائدة

و می فرماید: يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ * إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ (الشعراء: ٨٨ و ٨٩): آن روزي که اموال، (يعني نيروي مادي)، و اولاد، (يعني نيروي انساني، به کسي) سودي نمي‌رساند . بلکه تنها کسي (نجات پيدا مي‌کند و از اموالي که در راه آفريدگار صرف، و از اولادي که در مسير پروردگار رهنمود کرده باشد، سود مي‌برد) که با دل سالم (از بيماري کفر و نفاق و ريا) به پيشگاه خدا آمده باشد .
پس پدر جان ما که چنان روزی در پیش داریم هرگز کار یا گمانی نکنید که موجب ناخشنودی خداوند شود، زیرا که شما در این دنیا برای من ناراحت هستید و می خواهید کاری برایم انجام دهید و تمام زندگی ات به هم خورده اما اگر خدای نخواسته صبر نکنید در آن روز که شما از من فرار می کنید و نمی توانید نزدیکم شوید چه جواب دارید زیرا که به خاطر این چند روز زندگی دنیا فردایی که در آن روز به هنگام دیدن فرار می کنید خودتان راگناهکار نکنید و هیچ گونه خیالی بدی به خود راه ندهید وهمیشه یاد خدا را فراموش نکرده وبه اندازه توانایی که دارید از همه لحاظ در راه خدا کوتاهی نکنید که ان شاءالله .....خواهد بود.

مادرم

خدمت مادر مهربان و عزیزم: با تقدیم عرض سلام، از خداوند غفار میخواهم که از جمله آنان باشید که در آنچه که در دنیای فانی برایشان پیش می آید از هر لحاظ صبر می کنند و داخل جنات النعیم می شوند، مادر جان از اینکه این فرزند ضعیف النفس خودت که در زندگی ایجاد مزاحمت و ناراحتی بر شما کرده باشم معذرت می خواهم و خواستارم که مرا ببخشید دعای خیر برای این فرزندت که در این سرای فنا پذیر بجز زحمت وغصه هیچ نفعی برای شما نداشتم بکنید و ان شاء الله از خداوند می خواهم که ما را در بهشت به هم برساند تا ابد در آنجا با هم خواهیم بود، مادر جان، به خدا سوگندت می دهم که هیچ گونه ناراحتی و گریانی برای من و دیگران نکنید زیرا که باعث خشم خدا می گردد، مادر جان از شما خواهش می کنم و تمنا دارم که هرگز کاری انجام ندهید که باعث ناراحتی خود و برادرم و خواهرانم گردد، زیرا اگر شما صبر کنید و از امتحان خود پیروزمندانه بیرون آیید باعث رضای خدا (رضوان من الله اکبر) که از همه بزرگتر است میشود بلکه باعث خوشحالی آنان هم خواهید شد.

مادر عزیزم هیچ ناراحت نباش زیرا که اراده خدا چنین بوده بلکه باید صبر کرده و تمام اعمال عبادی را بطور خالصانه انجام بدهید خدا را از یاد خود نبرید و هرگز در دلت چیزی بخود راه ندهید که مورد خشم خدا باشد.

مادر جان توصیه آخر این است که هرگز به خاطر من باعث ناراحتی خواهرانم نشوید بلکه همیشه آنها را دلداری کن وآنهارا به آداب اسلام توصیه نما.

خواهرانم

خدمت خواهرانم و برادرم عرض سلام دارم و از آنها می خواهم اگر برای من ناراحت هستند تنها چیزی که باعث خوشحالی من می شود رعایت کردن تمام موازین شرعی و اسلامی است بخصوص رعایت حجاب و دیگر آداب اسلامی وانسانی. تنها توصیه این برادر خودتان این است که آداب و رفتار خود را اسلامی و انسانی کنید که مورد رضای خدا واقع می شود.

برادرم اگر ان شاءالله بزرگ شدید و توانستید به مدرسه بروید به مدرسه رفته و همراه آن تعلیم قرآن را یاد بگیرید که .....باشد. برادرم قران را پیش دایی عزیزت عالی بخوان و از اوخواهش می کنم که....اسلامی را همراه تعلیم قران به تو یاد بدهد.

خدمت ....عزیزم سلام عرض میکنم و خدمت تمام عموهایم و تمام عمه هایم و تمام عموزاده هایم از....خدمت....عمو زن هایم سلام عرض می کنم از خداوند میخواهم که طی کننده راه حق و حقیقت باشیدو در پایان توصیه به والدین و بچه هایشان و آن اینکه: عزیزان بعنوان یک فرد مسلمان از شما خواهش میکنم به برنامه ..... همان قران .... است چنگ زنید و دست از نافرمانی و خلاف کاری که مورد خشم خدا باشد از هر جهت بپرهیزید به همان ریسمان الله چنگ زنید و بر حق متحد شوید و یک توصیه دیگر و آن اینکه با رعایت کردن تمام موارد اسلامی با تربیت کردن بچه های خود و همچنین کوشش در جهت آشنا کردن آنان با قرآن دریغ ننمایید زیرا که نزد خدا مسئول خواهید بود در برابر آنها از خداوند متعال خواستارم که بتوانید با رعایت کردن امور اسلامی بچه ها را تربیت کنید که مورد رضای خداست. در پایان چون جای نیست که نام ببرم به تمام خویشاوندان در آنجا ودر هر کجا هستند که احوال مرا می پرسند سلام میرسانم و از تمام همسایگان عرض سلام و توفیق روز افزون آنها در رعایت کردن موازین اسلام و برگشت آنها به اخلاق اسلام از خداوند عزوجل خواستارم.

خدمت دایی هایم و همسرانشان سلام می رسانم و دیده بچه هایشان را مي بوسم از خداوند خواستارم که همگی ما را مورد آمرزش خود قرار دهد.

آمین

اصل وصیتنامه شهید نجیم قادری برای خانواده اش

((بسم الله الرحمن الرحيم)) ((از نام خداوند بخشنده مهربان))

يا أيها الذين آمنوا استعينوا بالصبر والصلاة إن الله مع الصابرين. ولا تقولوا لمن يقتل في
سبيل الله أموات بل أحياء ولكن لا تشعرون. ولنبلونكم بشيء من الخوف والجوع ونقص
من الأموال والأنفس والثمرات وبشر الصابرين. الذين إذا أصابتهم مصيبة قالوا إنا لله
وإنا إليه راجعون. أولئك عليهم صلوات من ربهم ورحمة وأولئك هم المهتدون. (صدق الله العظيم)

معنی: ای آنانکه ایمان آورده اید از نماز و صبر و بردباری در راه خدا کمک بگیرید. بدرستیکه خداوند همواره با صابران است
و آنانکه در راه خدا کشته میشوند مرده میپندارید بلکه آنان زنده اند ولی شما درک نمی کنید. و البته ما شما را با اندکی
از ترس و گرسنگی و زیانهای مالی و جانی (تلفات) و آفات کشاورزی و غیره خواهیم آزمود و مژده باد صابران را
آنانکه وقتی آسیب و ناراحتی به آنها میرسد میگویند ما از طرف خدا آمده ایم و بسوی او بازگشت میکنیم.
[illegible] که خداوند درود و رحمت صلاة را بر روی آنها گسترده و آنانند هدایت شدگان از طرف خداوند.

لتبلون في أموالكم وأنفسكم ولتسمعن من الذين أوتوا الكتاب من قبلكم ومن الذين أشركوا أذى
كثيرا وإن تصبروا وتتقوا فإن ذلك من عزم الأمور. صدق الله العظيم عمران ۱۸٦

البته خداوند می آزماید شما را در زمینه های جانی و مالی و می شنوید و ناگوار از یهودیان و مسیحیان (کتابهای آسمانی [illegible])
از کسانی که مرام شرک را برگزیده اند آزار و زخم زبانهای فراوان خواهید دید اگر صبر پیشه گیرید و تقوی داشته باشید به
کارهای بزرگ خواهید رسید و توفیق (موفق شد) خواهید گردید. ((برادر خواننده خواهش میکنم این آیه را خوب تفسیر کنید))

خدمت پدر بزرگوارم آقای محمد صادق قادری پس از تقدیم عرض سلام و احوالپرسی از خداوند متعال خواستارم که از
کرم خود شما رحمت را نثار حال همه ما بخصوص آنانکه در زندگی دنیا با آزمونهای خداوند روبرو هستید [illegible]
از خداوند [illegible] شما دارم که خداوند شما را از صابران قرار داده و داخل نعمتهای خود در دنیا و آخرت گرداند.
[illegible] با اینکه بنده هیچگونه نفعی در دنیا به شما نرسانده ~~و باعث زحمت [illegible] برای شما [illegible]~~ [illegible] بخشید.
[illegible] با اینکه میدانید که این دنیا سرای فنا [illegible] خانه بی پایه [illegible] و زندگی در دنیا بجز امتحان الهی و عبادت [illegible].
هیچ چیز نیست (وما خلقت الجن والإنس إلا ليعبدون) خلق نکرده ام جن و انس را مگر برای

... عبادت پس ای برادران معلوم میشود که دنیا برای اینکه ذخیره شده ایم به عبادت پروردگار ولی ما ذهنیم نه چیزی
دیگر ... دنیا محل آزمایش بندگان خدا میباشد و هیچ [illegible] ناراحتی [illegible] را به خود راه ندهید بلکه مانند قبل
حتی بیشتر از آن خیالات آسوده به زندگی که از حدود خداوند خارج نشود «ومن یتعد حدود الله فقد ظلم نفسه»
آرام دهید و خدای نخواسته کاری انجام ندهید چه در [illegible] باعث ناراحتی حق تعالی شود زیرا خداوند در
سوره [illegible] «ما اصاب من مصیبة الا باذن الله» : هیچ مصیبت و ناراحتی بدون اجازه خدا به انسان
نخواهد رسید پس ما که معتقد به قرآن و کلام خدا هستیم این عقیدات را باید راسخ و استوار نمائیم و هیچ گونه وسواس شیطانی
را به خود راه ندهید که خدای نخواسته باعث انحراف از طریق مستقیم که همان (فی سبیل الله) است میشود
پس ای برادران [illegible] خداوند [illegible] قرار خواهید گرفت [illegible] چنانکه خداوند میفرماید
«ألا بذكر الله تطمئن القلوب» : آگاه باشید با یاد خدا دلها آرام میگیرند و خواهش من هم [illegible]
[illegible] باعث آرامش قلب و آسودگی خاطر میشود و همچنین در راه [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] الله اکبر [illegible]
[illegible] رضای خداوند [illegible]
[illegible] دچار [illegible] میشود [illegible]
«يا أيها الذين آمنوا لا تلهكم أموالكم ولا أولادكم عن ذكر الله ومن يفعل ذلك فأولئك
هم الخاسرون . إنما أموالكم وأولادكم فتنة والله عنده أجر عظيم» «صدق الله العظيم»
ای کسانیکه ایمان آورده اید غافل نسازد و مشغول نکند شما را اموال شما و [illegible] فرزندانتان از یاد
خدا و اگر چنین کاری کردید یعنی بخاطر اولاد و اموالتان یاد خدا را فراموش کردید پس شما از زیانکاران هستید
پس [illegible] باید [illegible] رضامندی خدا [illegible] در این راه [illegible] آماده [illegible]
[illegible] باید توشه آخرت آماده کنیم [illegible] ناراحتی برای [illegible] پیش [illegible] خدا [illegible]

خدای نخواسته از یاد ببرم خداوند در توصیف آن روز می فرماید: يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ۝ وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ
وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ ۝ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ) . يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ
إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ . روزی که انسان از برادرش و پدر و مادرش و زن و فرزندانش
فرار می کند و در آن روز برای هر یک وضع و حالتی هست که به فکر هیچ کس دیگر بجز خود نمی باشد
روزی است که هیچ سود نمی رساند او را مالی و سرمایه و دارائیش و همچنین فرزندانش مگر آنکه بنده
با دل پاک و قلب مملو از سلامت از تمام امراض روحی . پس پدر جان ما که چند روزی در پیش
داریم هرگز کاری بی خیالی نکنید که خدای نخواسته با خشم و غضب خدا شود زیرا که شما در این دنیا برای من [illegible]
هستید و می خواهید کاری برایم انجام دهید و تمام زندگی ات هم خورده [illegible] اگر خدای نخواسته [illegible] بکنید [illegible]
[illegible] چه جواب داده [illegible] بخاطر این چند روز زندگی دنیا [illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible] والسلام [illegible]

خدمت [illegible] مهربان و عزیزم با تقدیم عرض سلام از خداوند [illegible] آسان باشید [illegible]
آنچه که در دنیا [illegible] بهشت [illegible] و داخل جنات النعیم [illegible]
[illegible] ضعیف النفس [illegible]
[illegible] دعای خیر برای این فرزند [illegible]
هیچ نقصی [illegible] ان شاء الله از خداوند می خواهم [illegible] بهشت [illegible]
بود [illegible] مادر جان [illegible]
می گردد مادر جان از شما خواهش [illegible] دارم که هرگز هیچ گونه کاری انجام ندهید که باعث ناراحت خود و
برادرم و خواهرانم گردد زیرا که اگر شما صبر کنید از امتحان خدا [illegible]
رضا خدا (رضوان من الله اکبر) که از همه بزرگتر است می شود بلکه باعث [illegible]

خواهشمندم ... [illegible] هیچ ناراحت نباشید زیرا که اراده خداوند چنین بوده [illegible] تمام خیال عبدالله را

[illegible] ... [illegible] هرگز [illegible] چیزی نخورد [illegible]

[illegible] توصیه من این است که هرگز به خاطر من باعث ناراحتی خواهرانم نشوید [illegible] دلداری کنید [illegible]

[illegible] آداب اسلام را توصیه نمایید ... خواهرانم

[illegible] حضرت خواهرانم [illegible] عرض دارم [illegible]

[illegible] رعایت کردن تمام موازین شرعی و اسلامی است مخصوصاً [illegible] و دیگر آداب اسلامی [illegible]

[illegible] این است که آداب و رفتاری خود را اسلامی [illegible]

[illegible] اگر [illegible] تعلیم قرآن [illegible]

~~[illegible]~~

[illegible] تعلیم قرآن [illegible]

خدمت [illegible] اسلام عرض می‌نمایم و خدمت تمام عموهایم و تمام عمه‌هایم و تمام [illegible]

[illegible] از خداوند می‌خواهم که هر کدام راه حق و حقیقت [illegible]

[illegible]

است [illegible]

الله [illegible]

[illegible]

[illegible] از خداوند متعال خواستارم که [illegible] اسلامی [illegible]

[illegible] تمام [illegible]

[illegible] سلام و توفیق [illegible] اسلامی

[illegible] خواستارم [illegible] تمام [illegible]

[illegible] از خداوند خواستارم که همگی ما را [illegible] قرار [illegible] آمین

شەهیدەکانی بزوتنەوەی ئیسـلامی

١)مالك قادری

٢)عوسمان عوسمانی

٣) ملا شریف سعیدیانی

٤) محمدرشید مرادی

٥) بهرام فتاحی

٦) صابیر بیدقی

٧) صلاح الدین رستمی

٨) علی امینی

٩) دکتر محمد خسروی

١٠) محمد کریم دوستمرادی

١١) نجیب قادری

١٢) وفا سربازی

نوسەر: زۆرێك لە خەڵك کە لە ئیسلام تێنەگەشتون یان بە هەڵە لە ئیسلام حاڵی بوون یان خراپ حاڵی کراون وا دەزانن کە هەر باسی جیهاد کرا لە لایەنێکەوە یان لە کەسێکەوە ئەوە ئیتر دەبێ خەتێکی سوری پێدا بێرن ویان وتە بێ نرخەکەی کوفر کە بۆتە بنێشتە خۆشەی سەر زبانیان کە (تیرۆریست و ئیرهابیە) لە سەر ناوی ئەو کەسانە دادەنێن و لە ڕاستیشدا لە دونیای ئەمڕۆدا کە باسی تیرۆریست دەکرێت لە میدیاکانی دژ بە ئیسلام تەنها مەبەستیان مسوڵمانانە واتە ئەیانەوێت مسوڵمان بکوژرێت ،

دەربـەدەر بكرێـت ، لـە سـجنەكاندا پـیر بكرێـت، خـاك و وەلاَتـی لیَ زەوت بكریَ، تەعەدای ناموسی لیَ بكرێت ، لە ئیسلامەتی خۆی ئـازاد نـەبێت و هەمو تەنگەشەیەكی بۆ دروست بكرێت ئەمـە حەقـە و رەوایـە بـەلاَم ئەگـەر مســولَمان بلێــت بــۆ وام لیَ دەكــەیت وناحــەقیم پــیَ دەكــەیت ودەنگــی نارِەزایەتی بەرز كردەوە ئەمە تیرۆریستە، لە حالێكدا گـەورەترین قوربـانی دەستی تیرۆریست مسولَمانان بوون بە دەسـتی كـوفرەوە هـەر لـە سـەرەتای ئیسلامەوە تا ئێستا ، ئەوەتا كفر تەنها رازیش نەبوون بە نـیردراوی خـودا و شەرِیان لە گەلَدا كردون و شەهیدیان كردون پێغەمبەرمان ٢٩جـار هـەولَی شەهید كردنی دراوە ئەو پێغەمبـەرە نـەرم و حەلیمـە كـە خـوا لـە بارەیـەوە دەفەرموێت (وما ارسلناك الا رحمة للعالمین)، ئەوە ئیمامی عمر و ئیمامی عوسمـان و ئیمـامی عەلیـە كـە تـیرۆر دەكـرێن ، ئـەوا ٧٠ حـافزی قورئـان شەهید دەكرین بە دەستی هۆزی سولەیم و دواتـر ٧ حـافزی تـر كـە هـۆزی عەزل و قارە هاتن داویان كرد لـە خۆشەویسـتمان كـەوا كۆمـەلێك حـافزی قورئانیان بۆ بنێرن تا فێری قورئانیان بكەن كەچـی لـە رێگـەدا دایـان بـە سەریاندا و ٥كەسـیان لیَ شـەهید كـردن ودواتـر خبیـب و زیـدیان فرۆشـت بەقورەیش بە شێوەیەكی زۆر نارِەحەت تیرۆر كران بە رِاسـتی ئـەوەی ئیسـتا ئەبێت هاوار بكات لە دەستی تـیرۆر و تۆقانـدن مسـولَمانانە كـە هـەر دەم دوژمـنانی خودا و پێغەمبەر و مسولَمانان دەستی خوێناوی خۆیان كێشـاوە بە سەر مسولَماناندا و كاری چەپەلَی خۆیان بە مسـۆلَمانان لكانـدوە بۆیـە هەر كات باسی جیهاد و تێكۆشان دێت چـونكە كـوفر شـێوازێكی خراپـی جیهادی نیشان خەلَك داوە كۆمـەلێك بـە شـتێكی خراپـی لێـی تـیَ دەگـەن نـەك لـە لایـان دوژمـنانیـەوە بەلَكوبەشـێك لـە مسـولَمانیش هەلَوێسـتی

خراپیان هەیە بەرامبەر بەم ناوە كە بە ڕاستی میژوی ئیسلام نیشانی داوە كەوا هەمیشە جیهاد و خەبات دوا بریار بووە داویەتی كە دیفاع كردنی لە مقاسدی شەریعە (دین، گیان ، عەقڵ، ناموس، ماڵو خاك)بوە و جەنابی مامۆستاش دوای ٧ساڵ سەبرو خۆڕاگری و دانیشتن و نامە نوسین و سەردانی خومەینی و لە كۆتایدا راپێچ كردنی زانایان بۆ سجن ئەم بریارەی داوە كە ئەگەر مسوڵمان لە دوای ئەم هەمو ئیش و تەقەلایە دواتر دانیشت تا دوژمن ملی بكات بە پەتدا بە ڕاستی ئەمە بێ غیرەتیە وئیسلامیش داوای ئەمەمان لێ ناكات كە وا هیچ هەڵوێستێكمان نەبێت و مامۆستاش وەكو كەسێكی عەشیرەتی ئیمامی كە بە عەشیرەتێكی بە غیرەت ناسراون و ئەم ڕاستیەشیان لە ناوشۆڕشەكانی كوردیشدا سەلماندوە كەوا بێ غیرەتی و ناحەقیان قەبوڵ نەكردوە كە دواتر بڕیاری خەباتی چەكداری دەدات دژ بە حكومەتی ویلایەتی فەقیە، هەر بۆیە جەنابیان جگە لە خەمی خۆی خەمی وەڵات و نیشتمانی كوردی خواردوە ، ئەوتا لە كاتێك پاسدارەكوردەكان دەهاتن بە دوایاندا مامۆستا هەوڵی داوە نەیانكوژن تا شەڕی براكوژی كە نیەتی دوژمنە سەر هەڵنەدات و خۆی و هاوەڵەكانی لەو خوێن ڕشتنە تا حەدی توانا پاراستوە.

وەلە ساڵی ١٩٩١دا كاتێك كوردستان رزگار دەبێت بۆ ئەوەی حكومەتی ساوای كوردی بەهۆی ئەوەوە لەلایەن ئێرانەوە فشاری نەیەتە سەر مەقەڕاتی نەكردوەتەوە ولە كاتی هێرش كردنە سەری حیزبی دیموكراتی ئیران لە لایەن ئێرانەوە بە نمایندەی رەسمی لەمانگرتن لەعەنكاوە هاوكاری كردوەو بەهاوكاری حیزب بەیانی ئیدانەی هاوبەشی واژۆكردوە هەرچەندحزبی دیمكرات لە ڕادیوكەیاندا سوپاسی هەمو لایەنێك دەكەن جگە لە

بزوتنەوەی ئیسلامی ئەهلی سونە؟!! بۆچی...؟! وەتا لە کوردستانیش بووە ماڵی جەنابیان ماڵی هەمو کوردێك بووە و بە دور لە هەمو جیاوازیەکی حیزبی کە سەردانیان کردوە و ئاموژگاری کردون لە سەر دوو شتی سەرەکی یەکەم خوا پەرەست بن چونکە لە سەر ئەم دینە لێپرسینەوەتان لیَ دەکرێت و دووهەم دادپەروەر بن و مەسئولە کانی کوردستانیش بیَ نسیب نەبوون لەو ئاموژگاریە وبە نامەی تایبەتو بەنامەی کراوەیش (نامەیەکی کراوە بۆ خەم خۆرانی گەلی کورد) ئاگاداری کردونەتەوە وهەر وەها لە کاتی جیا بونەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لە بزوتنەوەی یەکبونی ئیسلامی لە عیَراقدا زۆر نارەحەت دەبێت و هەمیشە چەند حیزبی رەد کردوەتەوە و نامە دەنوسێت بۆ هەر دوو لایان تا ئەو بارودۆخە ناسکە کە ترسی شەڕی براکوژی لیَ دەکرێت پەرە نەسێنێت وجارێکی تر رۆڵەکانی ئەم گەلە بە گوللەی یەکتر لاشەیان خوێناوی نەبێت کە ئەمەش دەقی نامەکانی جەنابی مامۆستا عبدالقادر تەوحیدیە بۆ مامۆستا علی عبدالعزیز و مامۆستا علی باپیر:

بسم الله الرحمن الرحيم

قــال الله تعــالى ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَ أَخَوَيۡكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ١٠﴾

بەڕێز وپایە بەرز مامۆستـــا مەلا عەلی السلام علیکم و رحمە الله و برکاتە

پاش سەڵاو هەواڵ پرسین و داوای تەندروسـتی و سـەلامەتیت لـە خـوای گەورە ، وەکو پێویستیەکی ئاینی و پاشان خزمایـەتی پـێم خۆشـە کـە ئـەم چەند ڕاستیە بخەمە پێش چاوی بەڕێزتان بەڵکو ئەمە خوایە ببیَ بە مایـەی

خــەیرو و پاراســتنی گیــانی موســڵمانان و دڵ خۆشــکەری هــەمو بــرا موجاهیدەکان .

بە ڕێز بە داخەوە هەواڵی جیا بونەوەی چەند برایەکم پـێ گەیشـت و زانیم کە ئەوانیش بە ناوی کۆمەڵی ئیسلامی (الجماعــة الإســلامیة)بـونی خۆیان ڕاگەیاندوە و بەڕێز کاك عەلی باپیریان بە ئەمیری خۆیان هەڵبـژاردوە و ژمارەیــەکی ســرنج ڕاکــیش لــە پێشــمەرگەکانی بزوتنــەوەی یــەکبونی ئیسلامی چونەتە لای ئەوان من بەش بە حاڵی خۆم بـە جیـا بونـەوە و بـەش بەشــی موســڵمانان لــە هــەر شــوێنێکدا و بــە هــەر هۆیــەك ببــێ نــاڕازی و ناڕەحەتم وە ئەو جیا بونەوانە بە ڕەوا نازانم لە نـاو کۆمـەڵـە جیهادیەکانـدا و بەڵکو بە زیانێکی زۆر گەورەی ئەزانم و بە سودی ناحەزانە و هیچـی تـر بـە تایبەت لە کوردستان و لەم هەل و مەرجە ناسکەی کە خەڵکی کوردسـتانی تێدا ئەژی و ڕۆڵەکانی بە سەدان شـێوە بـەش کـراوە و ئاینـدەی هەمویشـی لێڵ و نادیارە ، ئەوەی ڕاستی بێت ڕۆڵـەکانی ئـەم گەڵـە تـا دەسـتەو گـرۆو حیـزب کـەم بکەنـەوە بـە سـودیانە نـەك زیـادی بکـەن بـە تایبـەت ئێمـەی مسوڵمان باوەڕمان بـە فـەرمودەی خـوا هەیـە کـە بـونی کوتلـە و پـارت و ڕێخـراوی جیـا جیـا هۆیەکـە لـە هۆکـانی سـزای خـوا بـۆ خـەڵك وەکـو ئەفــــەرموێت ﴿ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ ﴾ جــــا ئەگــــەر کەسانێك کە پابەند نین بە دەقەکانی ئیسلامەوە و نایانەوێت سـودی لێ وەر گرن ، ئەی کۆمـەڵی ئیسلامی چۆن خۆی لەو دەقانە ئەبوێرێ ؟ لە ڕاسـتیدا ئێمە لە دور و نزیکەوە ئاگاداری زۆرێك لە کار و کۆشـش و قسـەو بڕیـاری برایــانی یــەکبون هــەین ، قســەی جــوان کــراوە و بەرنامــەی کــاری جــوان داڕێژراوە بەڵام هـەر نوسـین بـوە و کـەمی هاتوەتـە سـەر شـێوەی کـارەوە ،

ئەبوایە موسڵمانان ڕێبازی ئیسلامیان بە یاسای خۆیان بکردایە لە کارو کۆشش و کۆمەڵ و بەرز و نزم کردنەوەی کەسانی ناو خۆیان دا بەڵام بە داخەوە مسوڵمانان لە زۆربەی ئیشەکانیاندا هەمیشە چاویان لە سیاست و هەڵس و کەوتی حیزبە عەلمانیەکان کردوە و بە شێوەیەك کە کونفرانس و کۆبونەوە و جەژن گرتن و بە یادی ساڵ و رۆژ و نوسینی گۆڤارو دابەش کردنی کارەکانیان مو بە مو وەکو ئەوان ئەنجام ئەدرێت لە بیری فەرمودەی (فخالفوهم) دا و فەرمودەی (حتى لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه)دا نین ، بەڕێزت کە هەڵبژاردنت بە ڕاست داناوە بۆ وەلانانی خوا لێ خۆشبوو(مامۆستا مەلا عوسمان) دەبوایە ئەم جارەیش دەرچوانی هەڵبژاردنت پەسەند بکردایە و ئەم ئاڵۆزی و نارێکیەت بۆ خۆت دروست نەکردایە مەگەر پێغەمبەرمان ﷺ نەیفەرموە (كما تدين تدان و بالكيل الذي تكيل تكال)؟ و عەلی رەزای خوای لێ بێت کاتێك کە لێ درا نەیفەرمو (حين قتل عثمان قُتلت)؟ بە هەر حاڵ ئەوەی کە ڕۆیشتوە ناگەڕێتەوە و بە ڕاستی تا مسوڵمانان بە باشی ئاینەکەی خۆیان نەناسن و پەیڕەوی قورئان و فەرمودە ڕاستەکانی پێغەمبەرمانﷺ نەکەن و واز لە ئارەزۆکاری و خۆ پەرەستی و ناوو شۆرەت نەهێنن هەرگیز خوا ماوە نادات بە ناو ئەوەوە سەرکەوتن و پیرۆزی بە دەست بێت (ولا تنازعوا فتفشلوا) ، من وا چاوەڕوانی لە بەڕێزتان ئەکەم کە هەرچی زوتر هەنگاوی باش هەڵگریت بۆ چارەسەر کردنی ئەم موشکیلەیە چونکە نەك ئینسانانی هەلپەرەست و گێرە شێوێن دەست لە شتێك بدەن و خوێنی مسوڵمانان بە ناحەق برژێت، ئەو کاتە ئیشەکە گرانتر ئەبێت و چارەسەری زۆر سەختە و بۆ هەمیشە نیگەرانی و دوکەڵی ئەبێت با هیچ لایەك وانەزانێت کە ریزەکەی

خۆی لە ریزەکەی عەلی و تەلحە و زوبێر زاناترو لـە خـواترس تـرو دلسـۆزترە کە جەژنی یەك شەوەیان بە ڕژانی خوێنی دەیان هەزار کۆتایی پێ هێناو تا ئیستا بەڵکو تـا رۆژی قیامـەتیش پەڵەیـەکی ڕەشـە لـە مێـژوی ئیسـلامدا هیوادارم چاو نەبڕنە دوژمنـانی خـوا و پێغەمبـەرو مسـوڵمانان کـە خـوێنی موسـڵمانانی سـونییان بـە لاوە حـەڵاڵــە و نـەفرین و لەعنـەت لـە هـەمو یارەکانی پێغەمبـەر و هاوسـەرە خۆشەویسـتەکەی ئەکـەن، پێویسـتە خـۆت لەوانە دور بگریت بەڕاستی ئەوانە دوژمنـی خـۆت و دوژمنـی بـیرو بـاوەڕو دوژمنی گەلّ و ولاتتن ئەوانە کەسـانێکن کـە ﴿ يَقُولُونَ بِأَلْسِنَتِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ ﴾ ﴿ يُرْضُونَكُم بِأَفْوَاهِهِمْ وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ ﴾ مامـۆستای بەڕێز ئەگەر بەڕێزتان ئامـادەی ئاشـتەوایی و قسـەکردن هـەن (کـە هـەر واش لـە جەنابتان چاوەڕێ دەکرێت) ئەوە ئێمەش ئامادەین کە یارمەتیتان بدەین تـا ئەو جێگایەی کە لە تواناماندا بێت ئـەتوانن ئەگـەر پێتـان خـۆش بێـت ئـەو شتانە کە مەبەستی جەنابتە بۆمـان دیاری بکـەیت تـا ئێمـەش بـەو شـێوەیە هەنگاوی بۆ بنێین ئاشکرایشە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە ئەوە دەخوازێت کە هەر دوولا دان بە هەڵەی خۆیدا بنێـت و ئامـادەی چاوپۆشـی کـردن لـە هەندێ شت ببێت (والصـلح خـير) لـە کۆتایـدا داواکـارم لـە خـوای گـەورە دڵەکانمان یەك بخاتەوە و یەك ڕیز و یەك دەست و یەك هێز بـین و سـودمان هەبێ بۆ خۆمـان و گەلە مسوڵمانەکەمان و ئەڵێم : اللهم ارنـا الحـق حقـا وارزقنا أتباعه و ارنا الباطل باطلا وارزقنا اجتنابه اللهم الف بين قلوبنـا واجمع كلمتنا يا سميع و يا مجيب ، والسلام عليكم و رحمة الله و بركاته.

بـراتان   عبـدالقادر تەوحیدی

٢٩ /ربيع الأول/١٤٢٢

بسم الله الرحمن الرحیم

﴿ وَٱلْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ﴿٣﴾ ﴾

برای بەڕێزم كاك عەلی باپیر   السلام علیكم و رحمە الله و بركاتە

برام لە پاش سلاو و هەواڵ پرسین ، ئەوانەی لە لایەن جەنابتانەوە دەركراون هەر لە پەیام و بەرچاو ڕۆشنی وئامۆژگاری تا دواندنت بۆ هاوولاتی گەیشتە دەستمان و بە وردی تەماشای هۆی جیا بونەوە و پاساودانت و ئامۆژگاری بۆ پەیڕەوان وخەڵكی تریشمان كرد زۆر جێگای دڵتەنگی و ناڕەحەتی بوو بۆم و هەر لە بەر ئەوەی كە مسوڵمانین و مسوڵمانیش برای یەكترن و پێویستە لە هەمو تاڵی و سوێریەكی یەكتردا هاوبەش بن لە بەر ئەوە ئێمەش ئەم چەند خاڵە ئەخەینە بەرچاوی بەرێزتان و هیواداریین تاڵی قسەمان نەت تۆرێنێ وەكو وتراوە دۆست ئەوەیە بتگرێنێ دوژمن ئەوەیە بتكەنێنێ .

١) ئاشكرایە هیچ نگرانیەك لە نێوان مسوڵماناندا ڕو نادات بە بێ هۆ ئیتر هۆیەكانی چەندیان ڕاست بن و چەندیان ناڕاست ئەوە مەبەستێكی ترە بەڵام ئایا ئایینی ئیسلام رازیە بە بەش بەشی مسوڵمانان بە تایبەت لە هەل و مەرجێكی ناسكی وەكو ئەمڕۆدا كە كوفری جیهانی بە هەزاران ڕێگا سەری كردوەتە لەشی مسوڵمانان و بێ رەحمانە خەریكی كاڵ كاڵ كردنیەتی و هەر دەنگێكی راستەقینە ئەبیستێ لە هەزران ڕێگای چەواشەكاریەوە بە لار و ناشیرین پیشانی خەڵكی ئەدات و مسوڵمانانیش هیچ جۆرە ئیمكانیەتێكی شایستەیان لە دەستا نیە و لە باتی كوتانی حەق بە سەر ناڕاستیدا لە بەر بێ

دەسەڵاتی مسوڵمانان هەق لە ناو قەفەسدایە و توانای هەمو جۆرە بەرپەرچدانەوەیشی نەماوە دەی ئایا لە ناو ئەم هەمو هەرج و مەرجەدا ئەم بەش بەشی و پەرتەوازەیی مسوڵمانانە چ بەرهەمێکی ئەبێ بێجگە لەوەی کە قسەی ئەوانە دێتە دی کە ئەیان ووت : ئەمانە ئەیانەوێت وەکو ئەفغانستانمان لێ بکەن ئایا (ید الله مع الجماعة) یان (ید الله مع الفرقة)؟ ئایا شەهادەتی حسین پەڵەیەکی ڕەش نیە لە مێژوی ئیسلامدا و تا ئیستاش بە ناوی دۆستانی حسین و دوژمنانی ئایین ئەو خاڵەیان نەکردوە بە سەنگەرێك دژی مسوڵمانانی ڕاستەقینە؟ وە ئایا پێغەمبەرمان ﷺ وەسفی ئاشتەوایی حسینی کردوە یان حسن ؟ (ان ابنی - الحسن - سید یصلح الله به بین الفئتین العظمتین من المسلمین)ئایا لە سەردەمی حسین و عەبدوڵای کوڕی زوبیر دا لە گەڵ چاك و پاکی ئەم دوو پیاوە دا موسڵمانانی وەکو ئێمە بەڵکو بە سەدان پلە لە ئێمە چاکتر و زاناتر و دڵسۆزتری تیدا نەبوە؟ ئەی بۆ چی لایانگری ئەوانیان نەکردوە بێجگە لەو کۆمەڵە کەمەی لە گەڵیاندا بووە؟ ئایا ڕێگای ئەوان بە راستر و چاکتر ئەزانرێت یان باقی موسڵمانان کە سەدان کەس لە یارەکانی پێغەمبەرمانﷺ لەو سەردەمەدا هەبوە؟ بە هەر حاڵ مەبەستمان ئەوەیە بۆچی ئەسڵە بتەو و بەهێزەکان بەرچاو ناخرێن بەلاّم هەر کەسێ بۆ پاساودانی کاری خۆی چەند شتێکی لاوەکیو ریز و پەڕ ئەکات بە بەڵگە و چەندین لاوی تازە پێگەیشتو و بێ تەجروبە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی خەڕە ئەکات ، برام خۆ تۆ ئینسانێکی خوێندەواریت و سوپاس بۆ خواش تا ئەو جێگایەیش کە من پێی ئەزانم بەندایەتی و

لە خواترسانت هەیە و وا ئـەزانم بـۆ چـاكەو خێرخـوازی و بەرژەوەنـدی مسولّمانان ئەم جۆرە رەفتارانـەش ئەكـەیت (احســبه ذلــك ولا ازكــی احدا علی الله) لە بەر ئـەوە داوات لێ ئەكـەم زیـاتر لـە خـوا بترسـە و مەبە بە هـۆی خـوێن رژانـی مسـولّمانان بـە ناحـەق ئەمـە فیتنەیـە و پێویستە شمشێرەكان كولكرێن.

لە ڕاستیدا مـن خـۆم چـەند جارێكی تـر ئەگـەر لـە یـادت مـابێ لـە ساڵەكانی ٩٠ و ٩١ هەر لەو كاتەوە كە لە بایەوان هاتیتە ماڵمان تـا سەر ئەشكەوتان و تا هاتنت بۆ ماڵمان لە ڕانیە و لە مەسـیف داوای ئەوەم لێ كردویت كە دەست بخەنە ناو دەستی یەك و یەكریز كار بكەن بەڵام بەداخەوە قسەكانمان لە لایەن ئێوەی ئـازیزەوە جێگـای خۆیانیـان نەگرت و ئامۆژگاری دۆست وەكو هەڵنانی دوژمـنان كاری گەر نـەبوو ، بە هەر حاڵ هیواداریـن بیر بكەنەوە و دڵخۆشین بە خـاڵی حەوتـەم لـە (پەیام و بەرچاوروونی دە خاڵیت) و ئامادەین بۆ هـەنگاو نـان ئەگـەر ئەو قسـەیە لـە دڵـەوە بـێ هیـوادارم كـە وایـش بـێ (انشــاءالله) نـەك سیاسیانە.

٢) تۆ باسی پاراستنی برایەتی و پاراستنی ناوچە ئەكەیت ئایا بـە چـەند دەســتەیی و نــاكۆكی نێــوان مســولّمانان وشــێر لــە یــەك ســاودان ئــــەپارێزرێت؟ (وَلَا تَنَـٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ) ئایا خـەڵكی دڵسـۆزو مسـولّمان بـەم پارچـە پارچـەییە دڵخۆشن و بـەم شـێوەیە یـەك ریـزی و توانـایی دروسـت ئـەبێت؟ بـەو یەكبونەی پێشو هێشتا نەتوانراوە دەستی هێزە ئیقلیمیەكان لە ناوچە كۆتا بكرێت ئایا بە چەند دەسـتەیی كـە هـەر كەسـێك بـۆ پاراسـتنی

خۆی و ترس لەوی تر دەست بۆ هەمو لایەك ئەبات ئەتوانرێت ناوچەکە بپارێزرێت؟

٣) برام ئەم جۆرە ڕوداوانە مادام درێژەی پێ بدرێت هەرگیز مایەی خێر نابێت بەڵکو ریێ خۆشکردنە بۆ هەڵەو پەرتەوازەیی زیاتر ئایا دڵنیایت کە ئەمە بۆ خۆیشت دوبارە نابێتەوە (کما تدین تدان) برام چارەسەری هێشتا ئاسانە بەڵام خوا نەخواسە ئەگەر خوێن کەوتە نێوان مسوڵمانانەوە چاك بونەوەی زۆر سەختە ، برام پەیوەندی دڵەکان نیعمەتە و جیا کردنەوەیان سزا و شەرمەندەی و پەشیمانیە.

٤) ئەگەر جەنابتان درێژە بەم کارەی خۆت بدەیت ئیتر نابێت گلەیی لە کەس بکەیت چونکە حیزبایەتیە و هەر حیزبێکیش ڕێگای خۆی بەلاوە پەسەند و ڕاستە (كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ) کەچی خۆت هەر لە ئیستاوە دڵساردی خۆت پیشان ئەدەیت سەبارەت بەو کەسانەی کە تا ئێستا بێ لایەنن ، وەختێ رازیت کە بێ گرێ و گۆڵ بێت ، ئایا گرێ و گۆڵ لەوە زیاتر کە ئەوان نارازین بە جیابونەوەی بەڕێزت ؟ برای بەڕێزم کاك علی باپیر ئەمە خۆی هەڕەشەیەکی سیاسیانەیە لەوان ، ئاشکرایە کە ئەوانیش زیاتر دڵتەنگ و نیگەران ئەبن جا لە باتی خێر خوازی لەوانەیە ئەوانیش لە بیری چارەسەر کردنی گرفتاری ئایندەی خۆیاندا بن و هەستی جیاوازی خۆیان لە ئێوە بکەن ، برام هەر وەکو خۆت ئیشارەتت پێ کردوە دەی فەرمو(ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ) بە کار بهێنە و هەنگاوی مەردانە بۆ یەك ریزی و یەك دەستەیی بنێ ، نەزانێکیش ئەتوانێت ئیشی خراپ بکات بەڵام ئیشی

چاكە زانایی و دانایی و ژیری ئەویّ ، برام ئەبێت دڵنیا بیت كە لە ریزی مسوڵمانانداندا هەل پەرەست و گێرە شێوێن و دەستی ئەم لا و لا هەیە كە ئەمانە سەرجەم یەك دەستی و یەك ریزی مسوڵمانانیان لە لا زۆر سەختە و خەوی خراپی پێوە ئەبینن و مومكینە بچوكترین ڕوداو وا گەورە بكەن كە سەدانی وەكو جەنابت و خوارتر و بەرزتری تێیدا مات و سەرگەردان و دەستە پاچە بكات وتراوە " بەردێك نەزان بیخاتە چاڵەوە بە دەیان زانا دەر نایەت " برام ریزەكانی ئەمڕۆی مسوڵمانان لە ریزەكانی عەلی و تەلحەو زوبیر رێك و پێكتر و چاكتر و زاناتر و لە خواترس تر نابێت مەگەر ئاشتەوایان نەكرد بە شێوەیەك كە ئەو شەوە بە قسەی زۆرێك لەو مسوڵمانانە كە مێژو تۆماری كردوە بۆمان شەوی ئەوەندە خۆشیان بە خۆیانەوە نەدی بوو و تا نیوەی شەو كۆڕی زیكر و بەندایەتی ئەوان لە هەر دو لا ئەبیسترا كە چی لە كۆتایی شەو دا هەلپەرستان و ئاگر خۆشكەران ئاگرەكەیان رۆشن كردەوەو بە دەیان هەزار مسوڵمانی پاك و خاوێنی لە هەر دوو لا كرد بە قەقنەس (یا اخی اتق الله ، واتهم نفسك، قد أفلح من زكاها و قد خاب من دساها، واصبر فإن الله مع الصابرين ، واعلم بأن لكل انسان بطانة سوء تحض على الشر وتأمره به اخی العزيز ، لاتأمن مكر الشيطان فإنه يجرى مجرى الدم كما أخبر رسول اللهﷺ) برای بەڕێزم پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ ئەوەندە ئاشتی و ئاشتەوایی پێ خۆشە تەنانت سوپاسی كافرێكی كردوە كە نەی هێشتوە ئەو مسوڵمانانەی كە خۆی ناردبونی بۆ ڕێگای قافڵەیەكی قوریش تا نزیك بونەوە لە یەك و خەریك بوو لە یەك بدەن كابرا كەوتە نێوانیان

و قافڵەی لە دەستی مسوڵمانان رزگار کرد و مسوڵمانانیشی گەڕاندوە جا ئەمە جێگای دەرك كردنە بۆ هەردوو لاتان ، ئێمە وەکو برایەکی مسوڵمان وەکو یەکێك لە خەمخۆرانی ئیسلام و مسوڵمانان وەکو کەسانێك کە تالاّیی بەش بەشی مسوڵمانان بە هەست و بە جەستەوە هەست کردبێت داوا لە تۆ و لەو لایانەش دەکەین کە تۆ جیابونەوەی خۆت لەوان ڕاگەیاندوە کە بیر بکەنەوە و بەرژەوەندی ئیسلام و مسوڵمانان پێش بەرژەوەندی خۆتان بخەن هەر وەها رجای برایەتیتان لێ ئەکەین کە ئێش و ئازاری مسوڵمانان هەست بکەن و واز لە مشت و مڕی پلەو مقام بهێنن ، بارەکە زۆر قورسەو مسوڵمانان بۆیان هەڵناگیرێت و ئەنجامیشی پەشیمانی و شەرمەندەییە و کاتێ کاریش لە کار ترازا ئیتر پەشیمان بونەوە و یان خۆزگە خواستن کە ئاوەها بوایە ... خۆزگە وا نەبوایە ... هیچ سودێك نادات و دەردێك دەرمان ناکات .

برام ڕجاتان لێ ئەکەم کە بگەڕێنەوە بۆ لای قورئان و فەرمودە ڕاستەکانی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ وە واز لە بیر و بۆچونی ئەم و ئەو بهێنن و ئەوەندە(نصوص)ی ئاشکراو ڕون هەیە مەکەونە شوێن تەئویل و لێك دانەوەی وشەکان بە گوێرەی مەبەستی خۆتان ، ئیسلام بۆیە ئەتوانێت خەڵکی کۆ بکاتەوە چونکە ئەوەی کە پێویست بێت بە دەقی (نص) ریك و ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵی تێدا هەیە و نایەڵێ لە کردار دا دوو دوستەی و دوو بەرەکی دروست ببێ ، جا ئەگەر هەر کەسێ هەڵسێ و خۆی بۆ خۆی و بە ئارەزۆی خۆی رەفتار بکات ئینجا بۆ پاساو دانی خۆی بە کون و قوژبندا بگەڕێت بێ شك بەشی خۆی بەڵگە چەك و پێنە ئەکات بەلاّم

ئیسلام به هیچ شێوەیەك رازی نیه به دوو بەرەکی و دوو شێوەیی لـه کـردار دا بۆ نمونه تەحیاتی ئەوەڵ که سونەتێکی زۆر موئەکەدەیه – ئەگـەر نـەڵێن واجبـه- ئەگـەر ئیمـام تـەرکی کـرد نـابێ مـأموم دانیشـێ و بیخـوێنێ و خۆیشی به مأموم بزانێ ، پێشەوای مسـوڵمانان بـه چـوار شـێوه ئـەبێ کـه ئاگاداریت به هەر کامیان بوو تازه مافی ئەوەی نیه که سەرپێچـی بکرێـت و دەست له پەیرەوی کردنی بشـۆرێت و وەلابنرێـت و دەسـتەی تـر دروسـت بکرێت مەگەر وەختێ که کوفری ئاشکرای لێ ببینرێت تا بەڵگەو حوجـەت هـەبێ بـۆ قیامـەت ، واز لـه هەڵبـژاردن و پـەیرەوی و لاسـایی کردنـەوەی حیزبەکان بهێنن که ئەمەی که ئەمرۆ ئـەکرێت بـەر فـەرمودەی (حتـی لـو دخلوا جحر ضب)و (من تشبه بقوم فهو منهم) ئەکەوێت و دژی فەرمودەی (وخالفوهم) ه ئەوەش ئاکامەکانیەتی که ئەیبینین .

پێغەمبەرمان ﷺ بۆ خوێندنـەوەی تـەورات لـه لایـان عومـەرەوه رازی نەبووه کاممان له عومەر له خوا ترستر و ئایین دۆسـتر و زانـاترین؟ هـــاوار بۆ ئێمه که بیر ناکەینەوه.

بـرام هـەمومان هـەر لافـی کیتـاب و سـوننەت لێ ئـەدەین ، ئـەی (ولاتفرقوا) وه (ان اقیموا الدین ولا تتفرقوا فیـه) وه فـەرمودەی (یـدالله مع الجماعة) وه (المؤمن للمؤمن کالبنیان یشد بعضه بعضا) و سەدانی تر ئایا ئەمانه تەورات و ئینجیلن یان قورئان وسوننەتی پێغەمبەرمانﷺ؟؟!!

برام قسه زۆره بەڵام وتراوه " له عاقڵان ئیشارەتێك بەسه" وه جەنابت سـوپاس بـۆ خـوا دەیـان پـەڕاو و نامیلکـەی جـوراو جـۆرت لـه بـارەی خۆشەویستی و ئایین دۆسـتی و برایـەتی و یـەك ریـزی و سـاڵح بـون ... وه ...وه نوسیوه و ئەم قسانەی ئێمه و سەدان ئەوەندەی ترت تۆمـار کردوه چاك

وایە ئەو شتانە پێشەكی لە خۆت دا ئاشكرا و زەق بونایە بێگومان كاری باشی ئەكرد لە سەر دڵ و دەرونی مسوڵمانان و بەرهەمەكانت بەسودتر دەبوو، برام بترسە لە فەرمودەی خودا كە دەفەرموێت (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٢ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ) وە (أَتَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبِرِّ وَتَنسَوۡنَ أَنفُسَكُمۡ وَأَنتُمۡ تَتۡلُونَ ٱلۡكِتَٰبَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ) لە كۆتایدا ئەپاڕێمەوە لە خوای گەورە كە دڵی ڕۆڵەكانی ئەم گەلە چەوساوە بكات بە یەك ویەكیەتی و یەكڕیزی و یەك دەستی بكات بە خەلاتێك و پێشكەشی ئەم نەوە تازەپێگەیشت و خەم خۆرەی نەوەی سەلاحەدین بكات و جارێكی تر بتوانین مەردانە سەری گەل و نەتەوەكەمان بەرز كەینەوە و بە ناحەزانی گەلو ولاتمان بلێین نەوەكانی سەلاحەدین نەمردون و ماون و خوا وامان لێ بكات كە ئیسلامی ڕاستەقینە بناسین و بە باشی پەیڕەوی فەرمانەكانی بكەین و بەو هۆیەوە لە هەر دوو ژیاندا سەر بەرزو سەر فەرازبین.

أقول قولي هذا واستغفر الله لي ولكم ولسائر المسلمين

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته..

برات / عەبدولقادری تەوحیدی

٢٩ /ربيع الاول/ ١٤٢٢

جەنابی ماموستا عبدالقادر تەوحیدی لە پاڵ ئەو هەمو نارەحەتی و دەربەدەری ئاوارەیی و بینینی مەرگی پێشمەرگەکانی و دوری لە دۆستان و خزمان کە ٢٧ساڵە کوڕی گەورەی خۆی نەبیناوە و ٢٣ساڵ دور بوە لە خێزانی وبۆ ماوەی١٥ساڵ هیچکام لە ئەندامەکانی خێزانەکەی خۆی نەبیناوە کە سەرە ڕای ئەم هەمو تەنگ و چڵەمەی ژیانە توانیویەتی بەقەڵەمەکەی جێگە دەستی لە ناو کتێبخانەی کوردیدا دیاری بێت و بەردەوام هەوڵی داوە بیر و هۆشی موسڵمانان بە دونیای ئیسلامی واقیعی و یەك خواناسی ئاشنا بکات و دڵ و دەرونیان بەرەو خواناسی نە وەك خۆ ناسی را بکێشێت و چەن جار لە نەوارەکانی داوای یەکحیزبی مسوڵمانانی کردوە لە ژێر سایەی کیتاب و سوننەت نەك شوێن کەوتنی ئەحزاب ، کە نمونەی ئەو بلاّو کراوانەی جەنابی ماموستا بریتین لە:

١) تەفسیر ی قورئانی پیرۆز لە ١٠٩ شریت
٢) شەرحی بلوغ المرام لە ٣٧ شریت
٣) ژیانی پێغەمبەرە خۆشەویست لە ٣٥شریت
٤) الهدایە فی النحو لە ٨شریت
٥) شەرحی عەقیدە (الواسطیة) لە٩شریت
٦) اصول من علم الاصول لە ٦شریت
٧) و کۆمەڵێکی شریت لە زۆربەی بابەتەکانی رۆژ وەك حیجاب، کسوف الشمس، پیرۆزبایی جەژنەکان و ئامۆژگاری موسڵمانان، وەحدت و برایەتی، چونیەتی بەرێوە بردنی کاروباری ئیسلامی، بۆچونی کاك احمد موفتی زادەو ناساندنی، بۆچونی مامۆستا ناسری سوبحانی و ناساندنی و .... .

و نوسراوەکانی بریتیە:
١) تەفسیر(توحیدی) تەفسیری قورئانی پیرۆز کە ئامادەی چاپ کردنە.
٢) گوڵبژێرێك لە گوڵزاری چاکان ١٧٥ حەدیس.
٣) رونکردنەوەیەك دەربارەی شیعە.
٤) کێ یاسمان بۆ دانێت.
٥) جگەرە دژی ئازادیە.
٦) ئایین و هەڵبژاردن.
٧) ئابوری لە ئیسلامدا.
٨) ٨٨٨ فەرمودەکانی ئەحکام.
٩) ما چە می خواهیم (فارسی).
١٠)ناوەکانی خوای پەروەردگار.
١١)بۆ براو خوشکی حاجی.
١٢)وەرگێڕانی عمدة الأحکام.
١٣)وەرگێڕانی بلوغ المرام.
١٤)توحید (ئایەتەکانی توحید لە قورئاندا).
١٥) شەرحی ٤٠حەدیسی قودسی.
١٦) مەترسی و ناخۆشیەکانی ناو گۆڕ.(وەرگێڕان)
١٧) هۆنراوە وهەڵبەستەکانی مامۆستا.
١٨)حزب حزبێنە (رونکردنەوەیەك سەبارەت بە حیزبایەتی لە ناو ئیسلامدا)ودەیان نوسینو وەرگێڕانی تریش.

کۆتـــــایی

بە ڕاستی کەمن ئەوانـەی کـەوا زەمـانێکی زۆر لـە نـاو گۆڕانکاریـەکی زۆری وەك ئـەمڕۆدا و زرق و برقـی دونیـا و کورسـی دەسـەڵات و سـەختی بارودۆخی ژیـان تـوانی بێتیـان لـە سـەر یـەك مەنهـەج و رێگـە بمێننـەوە و گۆڕانکاریەکانی دونیای سیاسەت گۆڵی لێ نەکردبن و رۆخساری نـەگۆڕابن و لە راستیدا ئیستقامەت و سابت بوون قوەتێکی رۆحی گەورەی دەوێت کە مرۆڤ لە شەپۆلی بەحری دونیای سیاسەت و مادیەت دا لە سەر ئامـانجێکی چەق بەستو بهێڵێتەوە کە ئەویش بیرو باوەری ئیسلامی ڕاستەقینە بێت کـە هیچ کاری تـێ نـەکات ، بەڕاسـتی خـوای گـەورە داوای دان بـەخۆداگرتن و خۆڕاگری لەباوەڕداران دەکات و ئەو ئەمرەی پێش نوێژ کردن خستوە بۆیان و دەفـــەرموێ ﴿ وَٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلۡخَٰشِعِينَ ٤٥ ﴾ [١] پشت ببەستن بە سـەبرو خـۆڕاگری و نوێـژ کـردن بێگومـان ئـەم دووانە ئەرکێکی زۆر قـورس و گـرانن مەگەرلـە سـەر ئەوانـەی کـەخۆ بـەزل نـازانن (کـە حـەزی پـێ دەکـەن و بەرنامـەی ژیانیانـەو سـارێژکەری برینەکانیانە) ، دوای دیراسە کردنێکی ژیانی جەنابی مامۆستا عبدالقادر ی تەوحیـدی و هەڵوێسـت و کـار و چاڵاکیەکانی و تێڕوانینـی بـۆ دونیـای ئیسلام لـە بیدایـەتی دەعـوە و بانگەوازیـەوە تـاوەکو ئیسـتای بۆمـان دەر

---

[١] سورة البقرة

دەکەوێت کەوا جەنابیان یەکێکن لەو کەسانەی کەوا بە دەگمەن دبینرێن مەنهەج و بەرنامەیان نەگۆڕا بێت و لەملا بۆ ئەولا نەچوبێتن بۆیە جارێک برادەرێکی عەرەب کە مامۆستای زانکۆبوو پرسیاری لێ دەکات لە دوای سالّەکانی ٢٠١٠ کەوا ئەم بیرو باوەڕت لە کام عالِم وەر گرتوە کەوا تازە خەلّکی پێی دەگەن و لێی حالّی دەبن ؟ "ئەویش دەفەرموێ : مامۆستای من کیتاب و سوننەت بوە و قسەی هیچکەسم لە ژیانی خۆمدا وەك بەرنامە و مەنهەج وەر نەگرتوە چونکە لەوانەیە قسەکانیان ڕاست بێ و لەوانەیشە هەلّەی تێدا بێت بەلاّم بڕیارەکانی کیتاب و سوننە جێی ئەم دوو دلّیە نیە" ئێمەی کورد بە داخەوە کاتێك زاناکان وەفات دەکەن و لە ناومان نامێنێن ئەوکات دەزانین توشی چ خەسارەتێکی گەورە بوین و شیعرو نامیلکەیان لە سەر دەر دەکەین؟! نایەن تاکو زیندون کەلّکیان لێ وەر گرین و ڕێگای ڕاستمان بۆ ڕون بکەنەوە ئەوەتا مامۆستا ناسری سوبحانی تا هەبوو و حافزەیەکی باشی هەبو وەکو جەنابی مامۆستا دەیگێڕێتەوە بۆمان کەدۆستەکانی ئەمڕۆی ئەوکات بە شێتیان دادەنا بەلاّم ئیستا نەماوە تا داوای مەنسەبیان لێ بکاتو رەخنە لەکارەکانیان بگرێت نەوار وکتێبەکانی بەکەیفی خۆیان دەسکاریو چاپ دەکەنو زیادە رەویشی تێدا دەکەن؟!! شەهیدی پایەبەرزعەلامە احمد موفتی زادە کاتێك خرایە زیندان خەلّکی سوننی بەگشتیوسونی ئێران بەتایبەت هیچ هەلّوێستێکیان نەبووزانایانی ولاّتانی ئیسلامی هەرلەوکاتەدا سەردانی تارانیان دەکردولەوستەمە گەورەیە بێدەنگ دەبون!! لەوانە بەڕێز راشدغەنوشی تەنانەت لەزینداندا سەردانی کردبو تا بە ئەشکەنجەو ئازار شەهیدیان کرد ، بەلّێ حکومەت دی کەخەلّکی سونی ئێران هیچ

هەڵوێستێکی نیە دواترکەوتە کوشتنی زانایانی سونە وەك مامۆستا ڕەبیعی و زیایی و موزەفەریانیان و دەها مامۆستای تر و بەمەش نەوەستان نەیارانی خۆیان لە دەرەوەی وڵات شەهید دەکرد وەك مەولەوی موسی کەرم پور لە پاکستان و کاك محمد ڕەشیدی مورادی لە هەڵەبجەی عێراق ودەیانی تریش، بەڵێ لە حەقیقەت دا وایە نازانم ئێمە وەکو میلەتی کورد هەر تەبیعەتمان وایە کە بە شان و باڵی مردودا هەڵبدەین یان هۆی دور کەوتنەوەمانە لە ڕاستیو ڕێبازی خودا کە کوشتنی زانایان ونەمانی زانستی شەرعیمان لا سوك و سەلیمە لە کاتێکدا زانستەکانی دونیا بۆ چەن ڕۆژی دونیایە بەڵام زانستی شەرعی بۆ دونیا و قیامەتە و رزگارکەری مرۆڤە و سەرنجام چونە بهەشتی هەتا هەتایی خودایە ، بێگومان لەباتی ئەوەی ئیجتهادی تێدا بکرێت ئیشتیهای تێدا بەکار دێنن و دینی خوداش ئیشتیها کردنی تێیدا جورم و گوناهە و دواتر سەرشۆڕی و زەلیلیە و ئەمەش یەکێکی ترە لە نیشانەکانی هاتنی قیامەت کە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت (إن اللهَ لا يَقبِضُ العِلمَ إنتِزَاعاً يَنتَزِعُهُ من العبادِ ولكن يَقبِضُ العِلَمَ بقَبض العُلَماء حتّى إذا لم يُبقِ عالِماً إتَّخّذ الناسُ رُءُسَاً جُهَّالاً فَأفتَوا بِغَيرِ عِلمٍ فَضلّوا وأضلّوا)[1] واتە خوای گەورە زانست هەڵناگرێ بە هەڵگرتن لە دڵی بەندەکانی بەڵام زانست هەڵدەگرێ بە نەمان و وەفاتی زاناکان تا وای لێ دێت زانایەك نامێنێت خەڵکی روی تێکات ئیتر خەڵکی کۆمەڵێك نەزان دەکەن بە ڕەئیسی و گەورە بۆ خۆیان و پرسیاریان لێ دەکەن ئەوانیش فتوایان بۆ دەدەن بە بێ عیلم و زانست هەم خۆیان گومڕاو سەر لێشواو دەکەن و هەم خەڵکیش.

---

[1] صحيح البخاري (١/١٩٤) وصحيح مسلم (١٦/٢٢٣_٢٢٤)

لە ئەمڕۆدا ئۆمەی ئیسلامی زیاترلە هەمو كاتێكی تر پێویستی بە برایەتی و یەكڕیزی و یەكتر قەبوڵكردن هەیە و ئایەتەكاتی خوداش زۆر بە ڕونی بەندەكانی هان دەدات بۆ برایەتی و دور كەوتنەوە لە نیزاع و قرەقڕ و دەفەرموێت ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٤٦﴾[1] گوێڕایەڵێتان تەنها بۆ خودا و پێغەمبەر بێت و ناكۆكی و دوبەرەكی و عاجزی دروست مەكەن (نیزاع مەكەن ئەمرە و ئەمریش بۆ وجوبە و موخالفەی واجب حەرامە واتە عاجزكردنی دڵی ئیماندار گوناهە، بۆ؟ چونكە توشی دارمان و لەیەكترازان دەبن ومسوڵمانان كە لە یەك ترازان و جیا بونەوە دیارە قوەت و هێزیان كەم دەبێتەوە و بە نەمانی قوەت و هێزی مسوڵمانانیش) ترسی كافران بەرامبەر مسوڵمانانیش نامێنێت، خوای گەورە ئاموژگاریمان دەكات لە سەر هەڵەی بەرامبەر مەیە حزبێك دروست بكە و خۆت جیا مەكەرەوە بەڵكو ئەفەرموێ خۆڕاگربن و دان بە خۆتاندا بگرن وخودا لە گەڵ خۆڕاگراندایە ، ئەوەتا ئێستا وامان نەكرد و خۆڕاگر نەبوین بۆیە تام لە نوێژەكانیشمان ناكەین و مزگەوتە كانیش بوەنەتە جێگای حیزبایەتی نەك خواپەرەستی خۆ دەبینین بە هۆی ئەم بەش بەشی و دڵ عاجزیەی مسوڵمانان چیان بە سەر دێت نەك بە هۆی كەمیمانەوە بەڵكو بە هۆی تەفرەقەو حیزبایەتیمانەوە پێغەمبەرمانﷺئەفەرموێت (يُوشكُ الأمـمُ ان تداعَى عليكم كَمَا تَدَاعَى الأَكلة إلى قَصعَتِهَا فقَالَ قائِـل ومـن قلَـةٍ نحـن يومئذٍ قال بلَ أنتُم يومئذٍ كثيرٌ ولكنَّكُم غُثاءٌ كَغُثاءِالسَّيل وَ لَيَنزِعَنَ الله

---

[1] سورة الأنفال

من صدورِ عَدُوِّكُم المَهَابَةَ مِنكُم ولَيَقذفَنَّ اللهُ فی قلُوبِكُم الوَهَنَ فقالَ قائلٌ یا رسولَ اللہ وما الوَهنُ؟ قالَ حُبُّ الدُّنیا و كراهیةُ المـوتِ)[1] واتـە نزیكـە ولاَّتان پەلەمارتان بدەن هەر وەك چۆن پەلەماری خواردن دەدرێت وەك چۆن داڵە گۆشت خورەكان دائەبارنە سەر لاشەی مردار بوو. بۆیە یەكێك وتی لـە بەری كەمیمانە كە وامان بە سەردا دێت ؟ خۆشەویستمان فەرموی: ئێوە لە رۆژەدا زۆرن بەلاّم وەكو كەفی سەر دەریاكان وان كە بەدیمەن شـتێكن بـەلاّم ناوی بۆشە و خوای گەورە ترستان لە دڵی دوژمـنانتان ناهێڵێت وبە تـەواوی وەهن دەخاتـە دڵـە ئێـوە، یـەكێك وتـی وەهـن چـیە ئـەی پێغەمبـەری خـوا ؟فەرموی حەزتان لە دونیا و ژیانی دونیایە و رقتان لە مردنـە } هـەر ئـەم خۆشەویستەیەﷺ دیسان بە ئاگامان ئەهێنێتەوە لە نەخۆشی گـەورەی بـەش بەشی و حیزبایەتی بە بیٚ ڕچاو كردنی ئیمان و زانستی خەلیفـەی دووهـەم دەفـەرمویێت (إذا بویِعَ لَخَلِفَتَینِ فاقتلوا الآخر منهمـا)[2] ئەگـەر خەلیفـە یـا ئەمیری مسـولْمانان هـەبو ئـەوا گـەر ئـەمیر و خەلیفەیـەكی تـر داوای كـرد بەیعەتی بدەنی بۆ خەلیفایەتی یان ئەمیرایەتی ئەوە بیكـوژن ، چـونكە ئـەم دو بەرەكییە دەبێتە هۆی دوو دەسـتەیی مسـولْمانان و قـوەتی مسـولْمانان كەم دەكاتەوە ولەباتی پشتگیری غـەیبەتی یەكتری دەكەن واتە هەرسـەرەتای جیابونـــەوەیان بـــەگوناهو بـــیٚ ئـــەمری خودادەســـت پێـــدەكات كـــە دەفەرمویٚ(ولاتفرقوا) وەهەر وها دەفەرمویٚ (لایغتب بعضكم بعضا) بۆیە پێویســتە ئێمــەی مســولْمان و خــەڵكی كوردســتان بگەڕێنــەوە بــۆ دەقــە قورئانیەكان و واز بێنن لە پەرتەوازە كردنی گەنجەكان كە هەر لایەنەك خۆی

[1] صحیح البخاری ١٢/٤٠٤

[2] صحیح مسلم (٣٤٤٤)

بە ڕاست دادەنێت و سەریان لێ دەشێوێنن کە بەڕاستی ئەوەی کە ڕاست دەکات گوێڕایەڵی کردنی قورئان و سوننەتە و بە داخەوە ئیستا ئێمە ئەمە لە کوردستاندا وەکو لایەن نایان بینین بەڵام وەکو تاك الحمدلله زۆرن و گەر خەڵکی مسوڵمان نەگەڕێنەوە بۆ قورئان و سونەت و هەر دوای قسەی کاك فلان ومامۆستا فلان بکەون خوا پەنامان بدات ئەویش خۆی بت پەرەستیە و دوارۆژمان چاك نابێت لە دونیا ولە قیامەتیشدا ڕوو ڕەشی بەردەمی دادگای خودای گەورەو زانادەبین .

هیوادارم مسوڵمانان هیمەتێك بکەن بۆ بەدەر خستی روی ڕاستی ئیسلام و خۆمان دور بگرین لە خۆ جیا کردنەوە و هەوڵدان بۆ کورسی و دەسەڵات چونکە بەڕاستی دەسەڵات لە ئیسلامدا تاقیکردنەوەیە و پرسیاری لە سەرە و ئیماندار نابێت خۆی بشوبهێنێت بە ڕێگا ورچەکانی تر و سفرە و خوانی مسوڵمان جیاوازە لە سفرەو خوانی دونیا پەرەستان، ڕێگاکەمان ئەگەر هەڵە بێت با نانیشی تێدا بێت دڵنیابن عەزابەکەشی گەرەترە چونکە دوو هەڵەی گەورەمان کردوە:

١) ڕێگا ڕاستەکەمان بەرداوە ورێگای ترمان گرتوە بە تەئکید دەمانبات بۆ گومڕاهیو دور لە خوایی و دونیاپەرەستی وەکو خودای میهرەبان ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ﴾[1] ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی منە کە (قورئانە)وشوینی ڕێگاکانی تر مەکەون

---

[1] سورة الأنعام

(بۆ؟) چونکە توشی لە یەکترازانتان دەکات و لـە رێگـا ڕاسـتەکەی من لادەدەن ، ئەمە ئامۆژگاری و وەسیەتی خودایە بـۆ بەنـدەکانی کـە بەمــە ئاگادارمــان دەکاتــەوە، نزیکــە (بــەو شــوێنکەوتنەی پەیامی خودا) خۆ پارێزبن و لە خوا بترسن .

٢) خواردنی بەرو بـوم و سـەروەتی دونیـا گـەر ئیمـان و عەقیـدەی لـە گەڵدا نەبێت سیفەتی چوارپێکانە چونکە ئـەوان هـەر دەزانـن بخـۆن نــازانن چــی بکــەن هــەر وەهــا کردەوەکــانی ئێمــە لــە قیامــەت هەریەکەویەك پرسیاری لە سەرە بەلاَم سەروەت و مـالَی دونیـا دوو پرسیارە (من أین اکتسبته ومن أین انفقته) لـە کـویَ بـە دەسـتت هێنا و لە کوێدا سەرفت کرد؟ وە خوای گەورەش دەفەرمویَ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾[١] ئامـانج لـە دروسـت کردنی جنوکە و ئینسـانە کـان تـەنها بـۆ عیبادەتـە نـەك بـۆ سـك پڕکردن و هەولّدان بۆ کورسی و دەسەلاّت ،لە کۆتایدا داواکارم لـە خوای خـاوەن هێـزو پێـز دلّـی مسـولّمانان یـەك بخاتـەوە و تاقـەتی قەبولّکردنی قسەی خـەلّکیمان پـیَ ببەخشـیَ وزانایـانی ئیسـلام و خەمخۆرانی ئەم ئاینە بەنرخەی کە ئەگەر کەسی خـۆی نـەبێت نرخـی نازانێت بۆ یەك خستنی ئومەتی ئیسلام، لە یەك نزیکیان بکاتـەوە و پێش مردنمان ئالاّی ئیسلام بە شەکاوەیی ببینین انشاالله.

وصل الله وسلم علی سـیدنا محمـدو علـی الـه و اصـحابە اجمعـین واخـر دعونا ان الحمد لله رب العلمین

---

[١] سورة الزاریات

ناوەرۆك


THE ISLAMIC MOVEMENT
PEOPLE OF SUNNA AND JAMA'A - IRAN
الحركة الإسلامية - ايران
لأهل السنة و الجماعة
ان الحكم الا لله
محمد رسول الله
بزوتنەوەی
ئیسلامی ئەهلی سوننەت و جەماعەت
ئێران
تأسیس ١٣٩٩ هـ.ق
حرکت اسلامی اهل سنت وجماعت - ایران